نێچیرڤان بارزانی: هەرێمی کوردستان پێویستی بە هێزێکی نیشتمانی هەیە



دوێنێ سێشەممە 2019/11/12 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کورستان و فەرماندەی گشتیی هێزەکانی پێشمەرگە، بەشداریی لەڕێوڕەسمی دەرچوونی خولی 26ی پێگەیاندنی ئەفسەرانی کوردستاندا لەکۆلێژی سەربازیی زاخۆ کرد و تیایدا وتارێکی پێشکەش کرد، **دەقی وتارەکە لەلاپەرە سێ بخوێنەوە.**

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5870) چوارشەممە 13ی تشرینی دووەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

لەسەر تانەی کورد چەند ماددەیەکی یاسای هەڵبژاردن هەڵوەشێندرایەوە

سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا ڕایگەیاند کە دوای تۆمارکردنی تانە لە ماددەکانی 17,16,12 لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان توانیوویانە براوەی دۆسیەکەبن. دوێنێ سێشەممە 2019/11/12 سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان، جوان یونس ڕۆژبەیانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بۆ میدیاکاران گوتی: دوای ئەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق یاسایەکی دەرکرد یاسای یەکەمی هەمواركردنی پارێزگاکان کە هەندێک کەموکوڕیی تێدابوو بەتایبەت لە ماددەی 17,16,12 کە مافی هاووڵاتیبانی کورد بێبەشکرابوو لە دەنگدان، بۆیەش ئێمە زوو تانەمان لە یاساکەدا لە 2019/9/15 لە دادگای ئیتیحادی عێراق و چەند لایەنێکی دیکەش هەمان تانەیان هەبوو.

زیاتر لەلاپەرە دوو بخوێنەوە

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاکان کۆدەبێتەوە

جەخت لەسەر گرنگیی ڕۆڵی چاودێریی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەسەر دامەزراوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی سنووری پارێزگاکان کرایەوە



لایەنەکان لەوە گەیشتوون وازهێنانی عادل عەبدولمەهدی زیان بە عێراق دەگەیەنێت

بەهۆی تێگەیشتنی هەندێک لایەنی عێراقی لە زیانەکانی دڕووستبوونی بۆشایی دەسەڵات و بەڕپرسیاربوونی سەرجەم کوتلە سیاسییەکان لەم دۆخەی لەعێراقدا هەیە، ئەگەری مانەوەی عادل عەبدولمەهدی لە پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق بەهێزتر دەبێت. د.عەرەفات کەرەم، ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئەندامی شاندی ئەم دواییەی پارتیش بوو بۆ بەغدا، بە خەباتی ڕاگەیاند، وەک شاندی دانوستانکاری پارتی چەند ڕۆژ پێش ئێستا چوونەتە بەغدا تا بزانن چی دەگوزەرێت. ڕوونیشی کردەوە کە زۆر لایەنیان لە بەغدا دیوە و لەوە گەیشتوون کە پێکهاتەی عەرەبی شیعە لەبارەی مانەوە و نەمانەوەی عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، بەسەر دوو بەرەدا دابەش بوون.

زیاتر لەلاپەرە دوو بخوێنەوە

تا 15ی ئەم مانگە ئەنجومەنی وەزیران پڕۆژەیاسای چاکسازی تەواو دەکات

بڕیارە بەم زووانە حکوومەت پڕۆژەیاسای چاکسازی ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان بکات، ئەندامێکی لیژنەی یاساییش دەڵێ، لایەنەکان بەڵێنیان داوە کار بۆ پەسەندکردنی پڕۆژەیاسای چاکسازی بکەن و ئاستەنگ نەخەنە بەردەمی. خەدیجە عومەر مزووری، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: پڕۆژە یاسای چاکسازی هێشتا لای حکوومەتە و بڕیارە تا ڕۆژی 15ی ئەم مانگە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران پڕۆژەیاسای چاکسازی تەواو بکات، بەڵام دیار نییە کەی ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێت، هەرچەندە لەوانەیە زۆر نەخایەنێت.

زیاتر لەلاپەرە دوو بخوێنەوە



دوای 60 ساڵ سێ خوشکەزا بە پووریان شاد دەبنەوە



ئامادەکاری دەکرێ بۆ ئەنجامدانی یەکەم فیستیڤاڵی شاخەڕۆی پایز لە ناوچەی بارزان



بەچاودێریی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دوو پڕۆژەی وێستگەی گۆڕینی کارەبا لە هەولێر کرایەوە

هەولێر... 12 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون بۆ کەمدەرامەتان دروست دەکرێت

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاکان کۆدەبێتەوە


جەخت لەسەر گرنگیی رۆڵی چاودێریی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەسەر دامەزراوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی سنووری پارێزگاکان کرایەوە



دوێنێ سێشەممە 2019/11/12 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا کە قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەی بوو، جەخت لە سەر گرنگیی رۆڵی چاودێریی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە دامەزراوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرایەوە لە چوارچێوەی سنووری پارێزگاکان کرایەوە. هەروەها ئاماژە بە گرنگیی رۆڵی ئەنجومەنی پارێزگاکان کرا لە چاودێریکردنی جێبەجێکردنی کارنامەی حکوومەت بەتایبەتیش لە جێبەجێکردنی بەرنامەی چاکسازی و بەدامەزراوەییکردن و ڕێکخستنەوەی داهات و خەرجییەکان بە جۆرێک کە هاوسەنگی لە بەرچاو بگیرێت.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دووپاتی کردەوە کە فەرمانبەرانی حکوومەت لە سەرۆکی حکوومەتدا، ئەرکیان خزمەتکردنی هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستانە بە بێ جیاوازی، لە هەمانکاتدا پێویستە مافەکانی فەرمانبەرانیش لە بەرچاو بگیرێت. گوتیشی پێویستە کار بکەین بۆ ئەوەی کۆمەڵگەکەمان لە بەکارهێنەرەوە بکەینە بەرهەمهێنەر.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی هودا پار دەکات

دوێنێ سێشەممە 2019/11/12 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی بالای پارتی دۆزی ئازاد ناسراو بە هوداپار کرد بە سەرۆکایەتی ئیسحاق ساغلام سەرۆکی گشتیی پارتەکە. لەدیدارەکەدا جەخت لە سەر گرنگیی خەباتی ئاشتیخوازانەی گەلی کورد و ڕێزگرتن لە داخوازییە ڕەواکانی و چارەسەرکردنی دادپەروەرانەی پرسی کورد کرایەوە کە فاکتەری سەرەکی ئاشتی و ئارامییە لە ناوچەکەدا. هەروەها ئاماژە بە بایەخی پەرەپێدانی پەیوەندیی دۆستانەی گەلی کوردستان و گەلانی ناوچەکە کرا.

لەسەر تانەی کورد چەند ماددەیەکی یاسای هەڵبژاردن هەڵوەشێندرایەوە

جوان ڕۆژبەیانی: دادگای فیدراڵی سکاڵاکەی پەرلەمانی کوردستانی لە بەرژەوەندیی کوردستان یەکلا کردەوە



سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا ڕایگەیاند کە دوای تۆمارکردنی تانە لە ماددەکانی 17,16,12 لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان توانیوویانە براوەی دۆسیەکەبن. دوێنێ سێشەممە 2019/11/12 سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان، جوان یونس ڕۆژبەیانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بۆ میدیاکاران گوتی: دوای ئەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یاسایەکی دەرکرد یاسای یەکەمی هەموارکردنی پارێزگاکان کە هەندێک کەموکوڕی تێدابوو بەتایبەت لە ماددەی 17,16,12 کە مافی هاوواڵتیانی کورد بێبەشکرابوو لە دەنگدان، بۆیەش ئێمە زوو تانەمان لە یاساکەدا لە 2019/9/15 لە دادگای ئیتیحادی عێراق و چەند لایەنێکی دیکەش هەمان تانەیان هەبوو.

جوان ڕۆژبەیانی گوتیشی: خۆشبەختانە ئەمڕۆ لەکۆی ئامادەبوونی 9 دادوەر، 8 دادوەر لە بەرژەوەندی ئێمە تانەکەیان یەکلایی کردەوە و، ماددەکان لەلایەن دادگای باڵای ئیتیحادییەوە هەڵوەشێندرایەوە و بێگومان بوونی ئەو ماددانە بە زیانی کورد دەشکایەوە چونکە چەند بڕگەیەکی پێچەوانەی دەستوور بوون.

سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان گوتیشی: "ماددەی 12 باس لە فۆرمی خۆراک دەکات لە تۆماری دەنگدەران ئەگەر هاتوو هاوتا نەبوو ناتوانێت دەنگ بدات، ماددەی 16 باس لەوە دەکات ئەگەر هاتوو ئاوارەکان لەناو پارێزگای خۆیان نەبوون ناتوانن دەنگ بدەن و ئەو ماددەیەش هەڵوەشێندرایەوە، ماددەی 17 دەبێت دەنگدان بە ناچاری بێت و ئەمەش هەڵوەشێندرایەوە کە دەنگدان ناچاری نییە و ئارەزوومەندانەیە و توانیمان براوەی ئەم دۆسیەیە بین.

لایەنەکان لەوە گەیشتوون وازهێنانی عادل عەبدولمەهدی زیان بە عێراق دەگەیەنێت

بەهۆی تێگەیشتنی هەندێک لایەنی عێراقی لە زیانەکانی دڕووستبوونی بۆشایی دەسەلات و بەرپرسیاربوونی سەرجەم کوتلە سیاسییەکان لەم دۆخەی لەعێراقدا هەیە، ئەگەری مانەوەی عادل عەبدولمەهدی لە پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق بەهێزتر دەبێت. د.عەرەفات کەرەم، ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئەندامی شاندی ئەم دواییەی پارتیش بوو بۆ بەغدا، بە خەباتی ڕاگەیاند، وەک شاندی دانوستانکاری پارتی چەند ڕۆژ پێش ئێستا چوونەتە بەغدا تا بزانن چی دەگوزەرێت. ڕوونیشی کردەوە کە زۆر لایەنیان لە بەغدا دیوە و لەوە گەیشتوون کە پێکهاتەی عەرەبی شیعە لەبارەی مانەوە و نەمانەوەی عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، بەسەر دوو بەردا دابەش بوون.

د.عەرەفات ڕوونیشی کردەوە کە لایەنەکان لەوە گەیشتوون، وازهێنانی عادل عەبدولمەهدی زیان بە عێراق دەگەیەنێت و ئاشکرای کرد، ئەو هۆکارانەی کە عێراقیان بەمڕۆ گەیاندووە ، هەڵەی کەڵەکەبووی 15 ساڵی ڕابردووی حکوومڕانیی عێراقە و تەنیا کێشەکە لەوەدایە کە لەسەردەمی عادل عەبدولمەهدیدا تەقیوەتەوە.

عەرەفات کەرەم خۆشحاڵیی خۆی بە بوونی 6 نوێنەری کوردستان لە لێژنەی هەمواکردنەوەی دەستوور دەربڕی و تەئکیدی کردەوە کە نابێت هیچ گۆڕانکارییەکی دەستوور بە زیانی هەرێمی کوردستان کۆتایی بێت.

مزووری: تا 15ی ئەم مانگە ئەنجومەنی وەزیران پڕۆژەیاسای چاکسازی تەواو دەکات


بڕیارە بەم زووانە حکوومەت پڕۆژەیاسای چاکسازی ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان بکات، ئەندامێکی لیژنەی یاساییش دەڵێ، لایەنەکان بەڵێنیان داوە کار بۆ پەسەندکردنی پڕۆژەیاسای چاکسازی بکەن و ئاستەنگ نەخەنە بەردەمی.

خەدیجە عومەر مزووری، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: پڕۆژ یاسای چاکسازی هێشتا لای حکوومەتە و بڕیارە تا ڕۆژی 15ی ئەم مانگە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران پڕۆژەیاسای چاکسازی تەواو بکات، بەڵام دیار نییە کەی ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێت، هەرچەندە لەوانەیە زۆر نەخایەنێت.

ئەندامەکەی لیژنەی یاسایی دەشڵێت: هەر کاتێک گەیشتە پەرلەمان، لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان کاری لەسەر دەکەن و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکرێت و دواتر پەسەند دەکرێت. لەبارەی هەبوونی ناکۆکی لەسەر پڕۆژەیاسای چاکسازی، خەدیجە عومەر ڕوونی کردەوە: هەموو لایەنە سیاسییەکان دووپاتیان کردووەتەوە کە ئاستەنگ بۆ پڕۆژەیاسای چاکسازی دروست نەکرێت و بەڵێنیان بە خەڵکی کوردستان داوە پەلە بکرێت لە دەرکردنی پڕۆژەیاسای چاکسازی، لەبەر ئەوەش لەو باوەڕەدا نیم کێشەی بۆ دروست بکرێت.



لاڤرۆڤ: ئەمەریکا دەیەوێت نیمچە دەوڵەتێک لە باکووری خۆرهەڵاتی سووریا دابمەزرێنێت



K24/ڕووسیا ڕایگەیاند، ئەمەریکا بە نیازە ناوچەیەکی دابڕاو لە باکوور خۆرهەڵاتی سووریا دروست بکات و "نیمچە دەوڵەتێک"ی لێ دابمەزرێنێت. وەزیری دەرەوەی ڕووسیا، "سێرگی لاڤرۆڤ"، دوێنێ سێشەممە ڕایگەیاند: ئەمەریکا دەیەوێت نیمچە دەوڵەتێک لە باکووری خۆرهەڵاتی سووریا دابمەزرێنێت.

"لاڤرۆڤ" لە کۆڕبەندی "ئاشتی" لە پاریس وتاریکی پێشکەشکرد. تێبیدا گوتیشی: ئەمەریکا و وڵاتانی کەندا و دەیانەوێت وەبەرهێنانی گەورە لەو ناوچەیە بکەن، بۆ دامەزراندنی ئیدارەیەکی ناوچەیی، کە هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) و یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) بینە کۆڵەکەی سەرەکی و نیازی خۆیانیان نەشاردووەتەوە، کە دەیانەوێت دەست بگرن بەسەر نەوتی ناوچەکەدا. وەزیری دەرەوەی ڕووسیا، ئاماژەی پەوەشدا، ئەمەریکا "ڕێگری" لە هاوپەیمانەکانی دەکات، بەشداری بکەن لە پرۆژەی وەبەرهێنان بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی سووریا. هەروەها گوتی: ئێمە و حکوومەتی سووریا لایەنگری ئەوەین هەموان کار بکەن بۆ ڕەخساندنی هەلومەرجێک؛ تا بتوانرێت ژێرخانی ئابووری سووریا بنیاتبنرێتەوە. هەروەها کارئاسانی بۆ گەڕانەوەی پەنابەران بکرێت. سەرەنجام ژیان بگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی.

بە تۆمەتی گەندەڵی فەرمانی دەستگیرکردن بۆ پارێزگاری ناشەرعیی کەرکووک دەرچوو

دوێنێ سێشەممە، دەستەی نەزاهە (دەستپاکی)ی عێراقی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە، بڕە پارەیەکی زۆر بۆ ئاوەدانکردنەوەی کەرکووک و دەوروبەری تەرخان کرابوو، بەڵام ڕاکان جبوریی پارێزگاری سەپێندراوی کەرکووک ئەو پارانەی بۆ میواندارای خەرج کردووە. دەستەکە هەروەها ڕایگەیاندووە، کە فەرمانی دەستگیرکردن بۆ ڕاکان جبوری، سکرتێرەکەی، بەڕێوەبەری نووسینگەکەی و چوار بەرپرسی دیکەی کەرکووک دەرچووە.

فەرمانی دەستگیرکردنەکە لە دادگای لێکۆڵینەوەی کەرکووک بەپێی ماددەی 340ی یاسای سزادان بۆ جبوری و شەش کەسەکەی دیکە دەرچووە. جێی باسە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 میلیشیاکانی حەشدی شەعبی شاری کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دیکەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانیان داگیر کرد و ڕاکان جبوری وەک پارێزگار، بەسەر کەرکووکدا سەپاند.



پێشمەرگە و سەرجەم هێزە چەکدارەکانی کوردستان، هێزی خاوەن مۆرالٚ و ئاشتیخواز و ژیاندۆستن

زاخۆ جێی پێشمەرگەو خەبات و تێکۆشان و بەخودانە

هەرێمی کوردستان پێویستی بە هێزێکی چەکداری نیشتمانیی خاوەن دیسپلین و پرەنسیپی پێشکەوتووە

نێچیرڤان بارزانی: هەرێمی کوردستان پێویستی بە هێزێکی نیشتمانی هەیە

دوێنێ سێشەممە 2019/11/12 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کورستان و فەرماندەی گشتیی هێزەکانی پێشمەرگە، بەشداری لەڕێوڕەسمی دەرچوونی خولی 26ی پێگەیاندنی ئەفسەرانی کوردستاندا لەکۆلێژی سەربازیی زاخۆ کرد و تیایدا وتارێکی پێشکەش کرد، ئەمە دەقەکەیەتی:



ئامادەبوانی بەڕێز،

بەر لەوەی دەست بەوتارەکەم بکەم، حەز دەکەم سڵاو و ڕێز و خۆشەویستیم بۆ خەڵکی شاری زاخۆ بنێرم، بەخێرهاتن و سوپاسیان بکەم. زاخۆ مەڵبەندی کوردایەتی، زاخۆ مەڵبەندی کوردپەروەری، زاخۆ جێی پێشمەرگەو خەبات و تێکۆشان و بەخودانە. لێرەوە سڵاوی گەرمم بۆ هەموو خەڵکی زاخۆ و ناوچەکانی دەوروبەری.

زۆر سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە، زۆر سوپاس بۆ ئێوە کە ئەم چەند ساڵە دەرفەتتان داوە ئەم ئەکادیمییە لێرە بکرێتەوە کە مایەی شانازییە نەک تەنیا بۆ کوردستان و شاری زاخۆ، نەک تەنیا بۆ دەڤەری بادینان، بەڵکوو مایەی شانازییە بۆ کوردستان و بۆ عێراق. زۆر سوپاس بۆ میواندارێتان. هەموو لایەکتان بەخێر بێن.

خۆشحاڵم کە ئەمڕۆ پێکەوە، بەشداری لە ئاهەنگی دەرچوونی خولی 26ی پێگەیاندنی ئەفسەرانی کوردستان دەکەین. پیرۆزبایی لە دەرچووان و دەستخۆشی لە کۆلێژی سەربازیی زاخۆ دەکەم بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ئەم خولە. سوپاس بۆ هەوڵ و ماندووبوونی سەرپەرشتیاران و مامۆستایان و ڕاهێنەران و عەمیدی کۆلێژی سەربازی. سوپاس بۆ هەموو لایەک.

گەشەپێدانی بەردەوام بە توانا مرۆییەکان، گرنگترین مەرج و پێداویستیی پێشکەوتن و پەرەپێدانە لە هەر سێکتەرێکدا بە جۆرێک وەلامدەرەوەی خواستی قۆناغ و ڕۆحی سەردەمەکەی بێت. ئەفسەران، چەقی پلاندانان، تاکتیکی جەنگی، ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی هێزی سەربازین، بۆیە توانا سازیی بەردەوام لە تۆڕێژی ئەفسەراندا گەورەترین وەبەرهێنانە لە کەرتی سەربازیدا، چونکە سەرمایەی مرۆیی لە سەرووی هەموو سەرچاوە و سەرمایەکانی ترەوەیە.

زانستی سەربازی وەک هەر زانستێکی دیکە، پاشخان و بنەمای مەعریفیی خۆی هەیە و هاوشانی پێشکەوتنە خێراکانی تەکنۆلۆجیا و کەرەستەی جەنگی، بە بەردەوامی لە پێشکەوتن و نوێبوونەوە دایە. خولی پێگەیاندن و فێربوونی بەردەوام، پێویستییەکی گرنگە بۆ هەموو ئەفسەران، بەڵکو بۆ هەموو هێزە چەکدارەکان لە هەرێمی کوردستان. پەروەردەکردن و پێگەیاندن لەسەر بنەمای نیشتیمانپەروەری و مرۆڤدۆستی و هەستی بەرپرسیاریەتی، جەنگاوەری خاوەن بیروباوەڕ و بەرگریکاری خاوەن ئیرادە لە ماف و بەها نیشتمانییەکان و مرۆڤایەتی بەرهەمدێنێ.

ئەفسەرانی خۆشەویست،

ئێوە، لەگەڵ سەرجەم ئەفسەر و پێشمەرگە و کارمەندانی هێزە چەکدارەکانی کوردستان، قەڵغانی هەمیشەیی و ئامادەباشی ئەم نیشتمانەن بۆ بەرگریکردن لە بوون و مافەکانی گەلەکەتان. بیروباوەڕی نیشتمانی و بەهای بەرزی مرۆیی، بنەمای سەرەکیی بیرکردنەوە و شێوازی ڕەفتارتانە. پێشمەرگە و سەرجەم هێزە چەکدارەکانی کوردستان، هێزی خاوەن مۆرالٚ و ئاشتیخواز و ژیاندۆستن. ئێوە خاوەن ئەم بیروباوەڕەن. پێشمەرگە کە لە جیهاندا بە سیمبولی ئیرادە و بەرگری لە ئازادی و شارستانیی مرۆڤایەتی ناسراوە، خاوەن ئەو پاشخانەیە لە بیروباوەڕ و بەهای مرۆیی.

دەرچوانی خۆشەویست لە خولی 26ی پێگەیاندن..

ئێوە کە چانسی ئەوەتان هەبووە بەشداری لەم خولە زانستی و پەروەردەییەدا بکەن و بە زانیاری و شارەزاییەکی زیاترەوە دەگەڕێنەوە سەر کارەکانتان، گرنگە بەرهەمی سەرکەوتنتان لەم خولەدا بە کردەیی لە کار و تواناکانتاندا ڕەنگ بداتەوە، هاوکارانتان سوودمەند بن لەو شارەزاییەی کە بەدەستتان هێناوە. کەسانی سەرکەوتوو ئەوانەن کە بەردەوام هەوڵی فێربوونی زیاتر دەدەن بۆ ئەوەی ئەرکەکانیان بە شێوەیەکی باشتر و گونجاوتر جێبەجێ بکەن.

بواری خزمەت و ئەرکی ئێوە، لە ئەرکە هەرە پیرۆزەکانە لەم وڵاتەدا، شایانی ئەوەیە لە ئاستێکی بەرز و خوازراودا بێت. ئێوە لەگەڵ سەرجەم هێزی پێشمەرگە و هێزە چەکدارەکانی کوردستان، هەمیشە لە ئاستی چاوەڕوانیی گەلەکەتاندا بوون، شکستپێهێنانی تیرۆریستانی داعش، بەڵگەی زیندووی ئەم ڕاستییەیە کەتا ئێستاش و تا هەتایە کوردستان شانازیتان پێوەدەکات. کوردستان شانازی بەبەرخودان و خەباتی ئێوەو ماندووبوونتان لەسەنگەرەکانی بەرگری دەکات. شانازی دەکات بەوەی کە ڕۆڵەی وەک ئێوەی هەیە بۆ بەرگریکردن لەخاک و لە نیشتمان و لەدەسکەوتەکانی ئەم وڵاتەو ئەم گەلە.

بەڕێزان..

هەرێمی کوردستان پێویستی بە هێزێکی چەکداری نیشتمانیی خاوەن دیسپلین و پرەنسیپی پێشکەوتووە. هێزی یەکگرتوو، خاوەن بیروباوەڕی نیشتمانی، لە سەرووی هەموو مەبەستێکی سیاسی، حیزبی، نەتەوەیی، ئایینی و مەزهەبییەوە بێت. هێزێکی گۆشکراو لەسەر بنەما مرۆییەکان و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە جەنگ.

هێزی پاراستنی گەل و وڵات و دەسکەوتەکان بێت، ناکرێت هێزی حیزب و لایەن و گرووپەکان بێت. دەبێ دوور بێت لەناکۆکی و ململانێی ناوخۆ. بۆ مەرامی سیاسی و یەکلاکردنەوەی کێشە سیاسییەکان بەهیچ شێوەیەک هێزی پێشمەرگەی کوردستان نابێ بەکاربێت. پابەندی و وابەستەیی و دڵسۆزی بۆ نیشتمان؟ بۆ کوردستان و کوردستانییان، دەبێ بنەمای پەروەردەیی و خەبات و کاری ئێوە بێت. پێشمەرگە دەبێ خۆی قبووڵی نەبێت، پێشمەرگەی حیزب و لایەنەکان بێت، دەبێ پێشمەرگەی کوردستان و دەسکەوتەکانی و ئەم گەلە بێت.

هێزێکی نیزامیی تۆکمەو لەئاستی ئەو هەڕەشانەدا بێت کە لەسەر هەرێمی کوردستان هەن. بتوانێت ڕووبەڕووی مەترسی و هەڕەشەکان ببێتەوە، پشت بەخۆی ببەستێت. بۆ هەموو ئەگەرێک ئامادەبێت و نەکەوێتە دۆخی تەنگاوی لەناکاو.

پێشمەرگەو هێزە ئەمنییەکان و خۆبەخشان، لەشەڕی داعش مەردانە بەرگرییان کرد و قوربانیی گەورەیان دا. ئەو شەڕە بۆ پێشمەرگە ئەزموونێکی تەواو نوێ بوو. ئەزموونێکی قورس و سەخت بوو. دەرفەتێکیش بوو تا کەموکوڕی و کێشەکانی خۆمان لەڕووی سەربازییەوە باشتر ببینین. وانەیەک بوو کەدەبێ لێی فێر ببین و بزانین چۆن هێزێکی تۆکمەی یەکگرتوو، لەسەر بنەما سەربازییەکان بنیات بنێین.

لە شەڕی تیرۆرستانی داعشدا هیچ جیاوازییەک لەنێوان پێشمەرگەو چەکداری ئەم حیزب و ئەو حیزب، ئەم لایەن و ئەو لایەندا نەکرا. مەترسی و هەڕەشە وەک یەک لەسەر هەموومان بوو. مەترسی و هەڕەشە وەک یەک لەسەر هەموو کوردستان بوو، بۆیە دەبوایە پێشمەرگەش، هی هەر لایەنێک بووبێت، پێکەوە بەیەک هێز و یەکگرتوویی لەهەمان سەنگەردا بەرگری بکەن. پێکەوە قوربانی بدەن، پێکەوە گیان فیدا بکەن و شەهید و بریندار بن. پێکەوە داستانی سەرکەوتن بۆ گەلی کوردستان تۆمار بکەن.

لەداهاتووشدا هەر مەترسی و هەڕەشەیەک، هەر شەڕێک بەرۆکی کوردستان بگرێت، هەموومان دەگڕێتەوە ڕووبەڕووی هەمووان دەبێتەوە. جیاوازی لەنێوان ئەم لایەن و ئەو لایەندا ناکات. هەر هەڕەشەیەک بۆ سەر نیشتمان، هەڕەشەیە لە چارەنووس و ئایندەی هەمووان بەبێ جیاکاری لە ڕووی لایەنگیریی ئایدۆلۆژی، حیزبی، نەتەوەیی، ئایینی و مەزهەبی. بۆیە دەبێ پەند و وانە لە ئەزموونەکانی ڕابردوو وەربگرین و دەبێ هێزێکی یەکگرتووی کوردستانیانەی نیزامی و تۆکمە بەپەرەنسیپ و دیسپلینی سەردەمیانە بنیات بنێین. هێزێک لەیەک ناوەندی بڕیارەوە کۆنترۆڵ و سەرکردایەتی بکرێت و ببێتە یەکێک لە سیما دیار و بەهێبەتەکانی هەرێمی کوردستان.

هێزێک کەلە پرۆسەیەکی گەشەپێدانی بەردەوامدا بە مەشق و ڕاهێنان، خولی پێگەیاندن و توانا سازی، فێربوونی بەردەوام و وەرگرتنی زانستی نوێ، بەهێز و پرچەک بکرێت. هاوکات ژیان و گوزەرانێکی باشتر بۆ سەرجەم ئەفسەر و پێشمەرگە و کارمەندانی ئەو هێزە نیشتیمانییە کە شایستەی ئەرکە پیرۆزەکەیان بێت، بڕەخسێت.

بەڕێزان،

ئێستر کاتی ئەوەیە کە بە جورئەتەوە کەموکوڕی و گرفتەکانمان لەبواری سەربازیدا دەستنیشان بکەین و بە گیانێکی نیشتمانییەوە دوور لە حزبایەتی و لایەن و لایەنگیری، بەجورئەتەوە بڕیار لەسەر لادانی بەربەستی بەردەم یەکخستنەوەو پێشخستنی پێشمەرگە بدەین و هەموومان پێکەوە کار بۆ سەرخستنی پرۆسەی چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگەو هێزە چەکدارەکاندا بکەین.

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێم، بە بایەخ و جدییەتێکی زۆرەوە، بابەتی یەکخستن و ڕێکخستنی پێشمەرگە و چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگەی بەهەند وەرگرتووە و کاری بۆ دەکات. وێڕای بەربەستەکان، ئێمە بە هەوڵ و دڵسۆزیی هەموو لایەنە خەمخۆرەکانی کوردستان و دۆستانمان، بەردەوام دەبین و هەموو هەوڵێک دەخەینە گەڕ بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەم ئەرکە پیرۆزە، کە خوێنی شەهیدانی کوردستان و خەباتی بەردەوامی پێشمەرگەکان داوام لێ دەکەن، کە ئەمەش بە دڵنیاییەوە خواستی هەموو لایەن و کەسە دڵسۆزەکانی ئەم نیشتمانەو ئەم کوردستانەیە.

جێی خۆیەتی لێرەدا سوپاسی ڕۆڵی هاوکاریی دۆستانمان بکەم، لە هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتیی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ هاوکاریی دۆستانەیان، چ لە کاتی شەڕی دژ بە داعش و چ لە کاتی ئاشتیدا کە پێشکەش بەپێشمەرگەی کوردستانیان کردووە، هەر لە هاوکاریی ماددی و جەنگی و لۆجستییەوە تا دەگاتە مەشق و ڕاهێنان بە پێشمەرگە و هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستان. بە هەمان شێوەش هاوکارییان لە پرۆسەی چاکسازی و ڕێکخستنەوەو یەکگرتنەوەی پێشمەرگە لەگەڵ وڵاتانی بەریتانیا و ئەڵمانیا و هۆڵەندا و وڵاتی دیکە، ئەو هاوکارییانە هەموویان جێی پێزانینە و هەرێمی کوردستان بە چاوی ڕێز و سوپاسەوە لێیان دەڕوانێت.

دەمەوێ لەکۆتاییدا دووبارە پیرۆزباییتان لێ بکەم و لەم گۆڕەپانەوە سڵاو و دروود بۆ گیانی پاکی هاوسەنگەرە شەهیدەکانتان دەنێرین لە هەموو کوردستان، یادیان بەخێر و ڕێگایان هەمیشە پڕ ڕێبوار بێت بۆ خزمەتی وڵات و دەسکەوتەکانی ئەم گەلە. هیوای چاکبوونەوە و گەڕانەوەش بۆ هەڤاڵە بریندارەکانتان دەخوازم. سەری ڕێز بۆ بنەماڵە و کەسوکاری شەهیدان دادەنەوێنین کە ئازیزانی خۆیان بەم نیشتمانە بەخشی لە زاخۆ هەتا دەگاتە خانەقین و هەموو شوێنەکانی کوردستان.

دووبارە پیرۆزباییی گەرمتان لێ دەکەم، هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم و لەژیانتاندا سەرفراز بن.

زۆر سوپاس..



کۆبانێ... خەڵکی سڤیل بەرد و پێڵاویان لە هێزە هاوبەشەکەی ڕووسیاو تورکیا گرت

بەهۆی دەستڕێژی سوپای تورکیا لە کۆبانێ چەند هاووڵاتییەکی کورد بوونە قوربانی

نیوەڕۆی دوێنێ سێشەممە لە کاتی گەڕانی هاوبەشی هێزەکانی ڕووسیا و تورکیا لە نزیک کۆبانێ، سەربازانی تورک دەستڕێژیان لە هاووڵاتیانی سڤیل کردووە و چەند کەسێک شەهید و بریندار بوون. ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ دوێنێ سێشەممە ڕایگەیاند، هێزێکی تورکیا کە لەگەڵ هێزێکی ڕووسیا لە گەڕانێکی هاوبەشدا بوون لە ناوچەی گوندەواری شاری کۆبانێ، تەقەیان لەخەڵکی سڤیلی ناوچەکە کرد کە بۆ ناڕەزایی دەربڕین لەسەر ڕێککەوتنی ڕووسیا و تورکیا بەرد و پێڵاویان لە هێزە هاوبەشەکە دەگرت، لە ئەنجامدا 9 کەس بوونە قوربانی لەنێوان شەهید و بریندار، بەڵام ڕوانگەکە زانیاری زیاتری لەسەر قوربانییەکان بڵاو نەکردەوە. هەروەها بەپێی گرتە ڤیدیۆیەک کە لە مااڵپەڕی ڕوسیا ئەلیەوم بڵاوکراوەتەوە ژنێک شەهید کراوە و چەند کەسی دیەکش بریندارن. ڕووداوەکەش لە گوندی (مرسمیل) لە ڕۆژهەاڵتی کۆبانێ و هاوسنووری گرێ سپی ڕووی داوە و باس لەوە دەکرێت چەند شەهید و بریندارێک هەیە.

جێی باسە هاووڵاتیانی شارە کوردییەکانی سەر سنووری تورکیا، چەند ڕۆژێکە بەمەبەستی دەربڕینی ناڕەزایەتی دژی گەڕانی کاروانی هاوبەشی سوپای تورکیا و ڕووسیا لەنێو خاکی ڕۆژئاوای کوردستان ناڕەزایەتی دەردەبڕن و بە بەبەرد پێڵاو هێرش دەکەنە سەر زریپۆشەکانی سوپای تورکیا و ڕووسیا.

ئەگەری مانەوەی عادل عەبدولمەهدی لە پۆستەکەی بەهێزتر دەبێت



مەیادە نەجارِ، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند: ئێستا هەڵوێستی خۆپیشاندەران بەرامبەر بە عادل عەبدولمەهدی گۆڕاوە و بەنیازن دەرفەتێکی دیکەی پێ بدەن، بۆ ئەوەی چاکسازی ئەنجام بدات. مەیادە نەجار لە لێدوانێکدا بۆ خەبات ڕوونیکردەوە، ئەگەر هەموو هێزەکانی عێراق بەبێ جیاوازی پاڵپشتی لە سەرۆک وەزیرانی عێراق بکەن، چاکسازیی فراوان لە عێراقدا ڕوودەدات، چونکە "ئەگەر سەرۆک وەزیرانی عێراق نەتوانێ لە ڕەگەوە ڕیشەی گەندەڵی هەڵبکێشێت، بێگومان دەتوانێت ڕێژەی گەندەڵی لە عێراقدا کەم بکاتەوە، بەاڵم ئەگەر عادل عەبدولمەهدی بەتەنها بێت، خۆپیشاندەران داوای چاکسازی بکەن و گەندەڵی بەردەوام بێت، بێگومان بە تەنها هیچی پێ ناکرێت."

ئەو خانمە پەرلەمانتارەش پێیوایە کە عێراق 16 ساڵە لە گەندەڵیدا نقووم بووە، بۆیە عادل عەبدولمەهدی بە تەنیا لە گەندەڵییەکانی وڵاتەکە بەرپرسیار نییە، بگرە بەرنامەی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریشی هەبووە.

پەیدە وەاڵمێکی تونڈی ئەسەد دەداتەوە

ئەسەد وانەی تەواو لە جەنگی سووریا فێرنەبووە

حکوومەتی سووریا لەسەر سیاسەتە سەرکوتکارییەکەی بەردەوامە



K24/ پەیەدە وەاڵمی ئەو قسانەی بەشدار ئەسەد دەداتەوە، کە لە دیدارێکدا لەگەڵ کەناڵی "ڕووسیا الیوم" ئاماژەی پێدابوو و دووپاتیش دەکاتەوە، ئەسەد وانەی تەواو لە جەنگی سووریا فێر نەبووە و لێدوانەکانی جگە لە گرژی و لێکترازانی زیاتری خەڵکی سووریا هیچی دیکەی لێ سەوز نابێت. لە بەیاننامەیەکدا پەیەدە جەخت دەکاتەوە، حزبە کوردییەکان لە سەرووی هەموشیانەوە پەیەدە لە سەرەتای ساڵی 2011ەوە لە هەمو الیەنەکانی دیکەی سووریا زیاتر داوای چارەسەری سووری/ سووری کردووە و پشتی بە بنەماکانی زمانی دیالۆگ و پێکەوەژیانی ئاشتیانە بەستووە ، ئاماژە بەوەش دەدات: لە ڕابردوودا و ئێستاش هەمیشە لە دژی هەر دەستوەردانێکی دەرەکی بووین، جا چ دەستوەردانەکە لەالیەن وڵاتانی ناوچەکە یانیش نێودەوڵەتی بێت.

بەیاننامەکەی پەیەدە جەخت دەکاتەوە "حکوومەتی سووریا لەسەر سیاسەتە سەرکوتکارییەکەی بەردەوامە و هەمیشە لە چارەسەری سیاسی و دیموکراتی رادەکات، بەمەش سووریا دەبێتە گۆڕەپانی جەنگی هێزە تیرۆریستییەکان و هێزە نێودەوڵەتییەکان". جەختیشی کردەوە، "پێویست بوو لەسەر حکوومەتی سووریا خاک و گەلەکەی لە ڕێکخراوە توندڕەوەکان بپارێزێت و بۆ ئەو مەبەستەش هێزەکانی گەلی سووریا بەیەکەوە بلکێنێت، بەاڵم بێدەنگی هەڵبژارد و لەکاتێکدا ئێمە لەالیەن داعشەوە ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی دەبووینە، هەڵوێستی ئەوان هەڵوێستی کەسانی تەماشاکار بوو. پێویست بوو حکوومەتی سووریا میدالیای شەرەفی بە هەمو ئەندامانی هێزەکانی سووریای دیموکرات "هەسەدە" و هێزە سیاسییەکانی باکووری ڕۆژهەاڵتی سووریا ببەخشێت، بەرامبەر ئەو پاڵەوانێتیەی کە بەرامبەر بە نەیاران تۆماریانکرد".

بەیاننامەکە دووپاتیشدەکاتەوە، "خوێنی کوڕان و کچانی کورد، عەرەب، سریان، ئاشووری و تورکمان تێکەڵ بە خاک بوو، بۆ ئەوەی ئموونەیەکی نوێی سووریا بهێنێتە ئاراوە. بەاڵم ئێستا تەواو پێچەوانەکەی دەبینین و ڕژێمی سووریا ئەو هێزانە تۆمەتبار دەکات، کە زۆرترین هەستی نیشتیمانی و ئینتیمایان بۆ دیموکراتیەت هەیە".

پەیەدە لە بەیاننامەکەیدا دەشڵێت: بەشار ئەسەد لە دیدارەکەیدا لەگەڵ کەناڵی "ڕووسیا الیوم" ئەو گوتارە شۆڤێنیانەی بەکارهێناوە، کە سووریای بەم ڕۆژە گەیاند و خزمەت بە یەکێتی سووریا ناکات، خزمەتی چارەسەری کێشەکانی سووریا ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە و بە تەواوی خزمەتی نەیارانی سووریا دەکات و لە بەرژەوەندی دەستوەردانی دەرەکی دایە و درزی ئەو گرژی و لێکترازانە فراوانتر دەکات کە لە ئارادایە، ئەو زمانە تۆمەتئامێزە سووریای ڕیران کرد و ڕێز و سەروەرییەکەی لەکەدار کرد".

بەرپرسێکی ئەنەکەسە بۆ خەبات :

لەگەڵ شاندی تەقدەم و مەزڵوم کۆبانێ کۆبوونەوە

بەرپرسێکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریا (ئەنەکەسە) ئاشکرای کرد، کۆبوونەوەی ئەنەکەسە و تەقگەری دیموکراسی (تەقدەم) بە سەرپەرشتیی مەزڵوم کۆبانێ ئەنجام دراوە و تێیدا باسی چەند پرسێکی گرنگ کراوە. عەبدولکەریم میرانی، نوێنەری ئەنەکەسە لە هەرێمی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند، کۆبوونەوەیەک لە نێوان شاندێکی ئەنەکەسە و تەقدەم کراوە بە سەرپەرشتیی مەزڵوم کۆبانێ، بەاڵم «هیچ ڕێککەوتنێکی تێدا واژۆ نەکراوە».

ئەوەشی ئاشکرا کرد کە لەسەر داوای مەزڵوم کۆبانێ کۆبوونەوەکە ئەنجام دراوە و ئەوانیش قەبوڵیان کردووە، بەو ئامانجەی کە یەکڕیزی لەنێو کوردانی ڕۆژئاوا دروست ببێت. ئەو سەرکردەیەی ئەنەکەسە پێیوایە کە دەبووایە دەستپێشخەرییەکە زووتر بکرایە، بەتایبەتیش بەهۆی ئەوەی پێشتر بە سەرپەرشتیی سەرۆک بارزانی ڕێککەوتننامەی دهۆک لەنێوانیاندا ئەنجام دراوە، بەاڵم «ئەگەر ئەم ڕێککەوتنەیان جێبەجێ بکرایە، ڕەنگە ئەو دۆخە بەسەر عەفرین، کۆبانێ، گرێ سپی و سەرێ کانی نەهاتبایە».

بەرپرسەکەی ئەنەکەسە ئەوەشی نەشاردەوە کە ئەوەی لە ڕابردوو ڕووی داوە، بووە بە میژوو و ئەوان پێیانوایە کە دەبێت لەوە زیاتر کوردستان زەرەرمەند نەبێت، بۆیە ئامادەن بۆ یەکڕیزی.

لەبارەی ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەشەوە، عەبدولکەریم میرانی ئاشکرای کرد کە ئەوان باسیان لە پێشمەرگەی ڕۆژ کردووە، بەاڵم «بۆ بڕیاردان لەمبارەیەوە دەبێت هێزەکانی سووریای دیموکرات بڕیار بدات». هەرچەندە «ئێمە گەڕانەوەی پێشمەرگەی ڕۆژ بۆ پاراستنی ڕۆژئاوای کوردستان بە گەرەنتی دەزانین».

نوێنەری ئەنەکەسە لە هەرێمی کوردستان داوا لە پارتی یەکێتیی دیموکرات دەکات، هەندێک هەنگاو بە ئاراستەی دڕووستکردنی برایەتی بنێت. دەشڵێت: بڕیارەکان قورس نین، ئازادکردنی زیندانییانی سیاسی زۆر قورس نییە، لابردنی سەربازیی زۆرەملێ و دروستکردنی سوپایەکی نیشتمانی قورس نییە. ئەوەشی نەشاردەوە کە داوایان کردووە سەرۆک بارزانی و هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە مەبەستی گەرەنتیکردنی ڕێککەوتننامەکان، لە کۆبوونەوەکاندا ئامادە بن. بە گوتەی عەبدولکەریم میرانی، لە کۆبوونەوەکەدا سێ ئەندامی تەقدەم کە ناوەکانیانی ئاشکرا نەکرد، لەگەڵ مەزڵووم کۆبانێ و سێ ئەندامی ئەنەکەسە بەشدار بوون.

لە نێوان جەلەولا و قەرەتەپە 7 چەکداری داعش کوژران

سەرچاوەیەکی هەواڵگری لە هێزە هاوبەشەکانی شارەدێی (قەرەتەپە)ی سەر بە خانەقین ڕایگەیاند لە ناوچەی (تبجی) نێوان شارەدێکانی جەلەولا و قەرەتەپە بەهۆی بۆردمانی کۆپتەری عێراقی، حەوت چەکداری داعش کوژراون. وەعد ئەکرەم، سەرپەرشتیاری هێزە هاوبەشەکانی عێراق لە سنووری شارەدێی قەرەتەپە بە خەباتی ڕاگەیاند: ڕۆژی سێشەممە لە ناوچەی (تبج) لە نێوان شارەدێکانی سەر بە (جەلەولا و قەرەتەپە)ی سەر بە قەزای خانەقین، بەهۆی بۆردومانی کۆپتەری عێراقی 7 چەکداری داعش کوژراون."

گوتیشی: ئێستاش تەرمی ئەو 7 چەکدارە کەوتووە و نەزانراوە خەڵکی کوێن. ئەوەشی خستە ڕوو: بەهۆی سەرهەڵدانەوەی داعشەوە ناو بەناو کۆپتەری عێراقی بۆردومانی سنوری قەرەتەپە دەکات. جێی باسە شەوی سێشەممە لە سنووری قەرەتەپە هێزە ئەمنییەکانی عێراق، کەوتنە بۆسەی چەکدارانی تیرۆریستی داعش و چوار سەرباز کوژراون و 9ی دیکەش بریندار بوون.

عێراق.. دابەزینی نرخی دینار بەرامبەر بە دۆالری ئەمەریکی

دۆالرفرۆشان: کاریگەریی خۆپیشاندانەکان هۆکاری سەرەکیی بەرزبوونەوەی نرخی دۆالرە



دوای دەستپێکردنی ناڕەزایی و خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی عێراق، بەهۆی هەبوونی ترس و دڵەڕاوکێیەوە خەڵک مامەڵەی ئالۆگۆڕی پارەیان تەواو کەمکردەوە ئەمەش کاریگەری خستە سەر جووڵەی بازاڕ و بەم هۆیەوەش نرخی سەد دۆالری ئەمەریکایی لە 120 هەزار تا 122 هەزار و 700 دینار بەرزبووەوە و لە ئێستاشدا سەد دۆالری ئەمەریکایی بەرامبەر 120 هەزار و 700 دیناری عێراقییە.

دۆالرفرۆشان پێیان وایە کاریگەری خۆپیشاندانەکان هۆکاری سەرەکی بەرزبوونەوەی نرخی دۆالر بوو لە هەفتەی ڕابردوودا، هاوکات جەختیش لەوە دەکەن کە خەڵک بەهۆی گرژی و ئالۆزییەکانی ئەم دواییەی عێراق تووشی دڵەڕاوکێ و ترس بووەوە و بەمهۆیەوەش کەمتر مامەڵەی ئالۆگۆڕی دینار و دۆالر ئەنجام دەدرا.

لەمبارەیەوە دۆالرفرۆش، عەبدولواحید کەمال سەدیق دەڵێت: لەمیانی دەستپێکردنی خۆپیشاندان و ئەو دۆخە سیاسییەی کە عێراق تێیکەوتووە و داواکاری خۆپیشاندەران بۆ لەسەرکارلادانی سەرۆکوەزیرانی عێراق، دواتریش داخستنی بانکەکان و بانکی ناوەندی عێراق، ئەوا نرخی دۆالر بەرزبووەوە چونکە پێشووتر ڕۆژانە بانکی ناوەندی عێراقی 250 ملیۆن دۆالری دابەشدەکردە سەر کۆمپانیاکان و چەند ڕۆژێک ئەم دابەشکردنەی ڕاگرت.

گوتیشی: ئێستاش گوایا سەرۆکوەزیرانی عێراق دەست بە گۆڕانکاری دەکات و بەم هۆیەوەش نرخی دۆالر دابەزی و ئەگەر سەقامگیریی لە عێراق هەبێت ئەوا بێگومان هەموو مامەڵەیەک بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ ئەنجام دەدرێت.

هاوکات یەکێکی دیکەش لە دۆالرفرۆشان پێی وایە خۆپیشاندانەکانی بەغدا کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر دۆخی بازاڕ و ئالۆگۆڕی مامەڵە بازرگانییەکان هەیە و لەمبارەیەوە ئومێد فەتاح گوتی: چەند ڕۆژێک پێش ئێستا نرخی دۆالر لە 120 هەزار دینارەوە بەرزبووەوە بۆ 122 هەزار و 700دینار بێگومان ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی کردە سەر بازاڕ و بووە هۆی ئەوەی کە نرخی دیناری عێراقیش بشکێت.

ئومێد فەتاح گوتیشی: بەاڵم دوای ئەوەی هەندێک بەئێن بە خۆپیشاندەران درا لەبارەی جێبەجێکردنی بڕیاری گۆڕانکاری لە ژمارەیەک پۆستی حکوومیی، ئەوا نرخی دینار بەرزبووەوە و دۆالریش دابەزی بۆیە لە ئێستادا نرخی سەد دۆالری ئەمەریکایی 120 هەزار و 700 دینارە.



رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان:
سەرەڕای تەحەدییەکان هەرێم هەنگاوی زۆری ناوە سەبارەت بە پابەندبوون بە پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ

رۆژانی 9تا 2019/11/14 لە بارەگای ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ لە جنێڤ گفتوگۆی راپۆرتی کۆماری عێراق ئەنجامدرا لە چوارچێوەی کارەکانی خولی (34)ی لیژنەی تایبەت بە گفتوگۆکانی پانۆرامای خولی گشتگیر "UPR" بە ئامادەبوونی پسپۆر و شارەزایان و نوێنەرانی کۆمەڵگای مەدەنی تایبەت بە مافی مرۆڤ بۆ گفتوگۆکردنی راپۆرتی عێراق و شانەیەکی هەرێمی کوردستان.

لەم بارەوە د. دیندار زێباری رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان و سەرۆکی شاندی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: سەرەڕای ئەو تەحەدیاتانەی ڕووبەڕووی هەرێم بوونەتەوە، بەڵام هەنگاوی زۆری ناوە بۆ پاراستن و پابەندبوون بە پرەنسیپ و بەهاکانی مافی مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی لە ڕێگای دەرکردنی یاسا و ڕێنمایی و هەنگاوی کرداری، یەکێک لەوانە یاسای ژمارە 5ی ساڵی 2015"یاسای پاراستنی پێکهاتەکانی کوردستان" کە مافی پێکهاتە نەتەوەییەکان وەک "تورکمان، کلدان، ئاشوری و ئەرمەن" و کۆمەڵە و گرووپە ئایینی و تائیفییەکانی وەک: "کریستیان، ئێزیدی، سابیئەی مەندائی، کاکەیی، فەیلی و زەردەشتییەکان" زامن دەکات، لەلایەکی دیکەوە و لە چوارچێوەی سیاسەتی پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتەکان ناوی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی گۆڕا بۆ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی

رۆژی 2017/7/9 بەڕێوەبەرایەتی "پێکەوەژیانی نێوان ئایینەکان" دامەزرا سەرەڕای بوونی بەڕێوەبەرایەتی گشتی و نوێنەرایەتی پێکهاتەکان لەوانە: "کریستیان، ئێزیدی، سابیئەی مەندائی، کاکەیی، فەیلی، جوو و زەردەشتی".

رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لەبارەی بەشداری کردنی پێکهاتەکان لە ژیانی سیاسی لە هەرێم گوتی: لە میانەی گفتوگۆکاندا ئەوەمان خستەڕوو کە پێکهاتەکانیش لە ژیانی سیاسی و دامەزراندنی حزبی سیاسی بەپێی یاسای حزبە سیاسییەکان ژمارە 17ی ساڵی 1993 مافی پێکهێنانی حزب و ڕێکخراوییان هەیە، بۆ ئەم مەبەستە لە دوای دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان پێنج کورسی کۆتا بۆ پێکهاتەکان تەرخان کرا، بەڵام لە دوای ساڵی 2005 ڕێژەکە زیاد کرا بۆ 11 کورسی لەوانە 5 بۆ تورکمان و 5 بۆ کلدان و ئاشوری و سریان و 1 بۆ ئەرمەن و لە پێکهاتەی کابینەی نوێەمی حکوومەتی هەرێم وەزیرێکی کریستیان هەیە و سکرتێری پەرلەمانی کوردستان ئافرەتێکی پێکهاتەی تورکمانە، هەروەها دەیان سەنتەر و بنکەی ڕۆشنبیری بۆ گشت پێکهاتەکانی دامەزراوە و قوتابخانەی تایبەت بە پێکهاتەکان هەیە لەو شوێنانەی کە ڕێژەی دانیشتوانیان زۆرە و تێیدا خوێندنی ئایینی تایبەت بە خۆیان دەخوێندرێت و جەژن وبۆنە نەتەوەیی و ئایینییەکانیان بە پشووی فەرمی دادەنرێت، لەلایەکی دیکەوە و بۆ نەهێشتنی وتارەکانی تووندوتیژی ڕێگای لە بڵاوکردنەوەی ئەو کتێب و چاپکراوانە گیراوە و 18 وتارخوێن دوورخراونەتەوە کە لە وتارەکانیان جۆرێک لە هاندان هەبووە بۆ برق و کینە، لە بەرامبەردا هەزاران کتێب و بڵاوکراوەی چاپ کردووە کە هانی پێکەوەژیان دەدەن و ڕێزی لە نزیکەی 2000 وتاربێژ و پیاوی ئایینی موسڵمان ناوە کە نموونەی پێکەوەژیانن.

زێباری ئاماژەی بە بەشداری ئافرەتان کرد لە کایە سیاسییەکانی هەرێم و وتی: لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی بەشداری ئافرەت لە پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان چەسپێنراوە و بە 30% دیاریکراوە، هەروەها پەرلەمانی کوردستان ڕۆژی 2018/7/17 پێڕەوی ناوخۆی دیاری کردووە و تێیدا هاتووە کە لە دەستەی سەرۆکایەتی هەرێم پێویستە بە لایەنی کەمەوە یەکیان ئافرەت بێت و لە دانیشتی ڕۆژی 2019/2/18 ی پەرلەمان ئافرەتێک بە سەرۆک وبەکێکی دیکەش بە سکرتێری پەرلەمان هەڵبژێردران. لە بواری داوەریش لە ئێستادا بە دەیان ئافرەت پۆستەکانی دادوەر و داواکاری گشتییان پێ سپێردراوە، و چەندین یاسا لە پەرلەمانی هەرێم دەرچووە یاخود هەموار کراوەتەوە کە لە بەرژەوەندی ئافرەتانە و زامنی پاراستنی مافەکانیان و گرنگترینیان یاسای نەهێشتنی تووندوتیژی خێزانییە ژمارە 8 لە ساڵی 2011 کە ڕێگا لە گشت کارێک دەگرێت پێچەوانەی مافەکانی ئافرەت بێت.

لەبارەی گیراوانی داعش ڕێکخەری راسپاردە گیراوانەی نەخۆشی دڕێژخایەنیان هەیە.


ئاماژەی بەوەش کرد کە هەماهەنگی بەردەوام هەیە لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی ئیتیحادی سەبارەت بەو کەسانەی کە بە تۆمەتی پەیوەندییان بە تیرۆریستانی داعشەوە دەستگیر کراون و لەم ڕووەوە سەدان تیرۆریست ڕادەستی دادگاکانی بەغدا و نەینەوا کراون.

دیندار زێباری ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان تیشکی خستە سەر هەوڵە بەردەوامەکانی حکوومەت بۆ ڕزگار کردنی ئێزیدییە ڕفێندراوەکان و گوتی: حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوەکانی زۆری ناوە بڕیاری ژمارە 5170ی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕێکەوتی 2014/8/21 بۆ پێکهێنانی لیژنەیەکی بالا بە مەبەستی ناساندنی ئەو تاوانانەی دەرهەق بە کوردانی ئێزیدی ئەنجامدراون وەک جینۆساید و پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت بە 25/ 11/2014کە ئەرکی کۆکردنەوەی زانیاری و ڕزگارکردنی ڕفێندراوانە، بەپێ زانیاریەکانی نووسینگەی ئازاد کردنی ڕفێندراوان تا ڕۆژی 9/10/ 2019ژمارەی ڕزگار کراوەکان بریتی لە 3519 کەسە لەوانە 1193 ئافرەت، 339 پیاو، 1039 منداڵی کچ، 948) منداڵی کوڕ و تا ئێستاش 2898یان ئازاد نەکراون لەوانە 1316 مێ، 1582 نێر، هەروەها 100 ڕزگاربووی دیکە نێردراون بۆ وڵاتی ئەڵمانیا بە مەبەستی چارەسەر کردن بەپێی ڕێکەوتنێکی نێوان حکوومەتی ئەڵمانیا و حکوومەتی هەرێم.

لە ڕووی یاساییەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاری زۆری ڕزگارکراوانی دەستی داعشی کردووە، زێباری ئاماژەی بەو هاوکاریانە کرد و گوتی: ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری 5170ی لە ڕۆژی 2014/ 8/21 بۆ پێکهێنانی سەنتەری لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش ولیژنەیەکی تایبەت بە ناساندنی کارەساتی کوشتن و ڕفاندنی کوردانی ئێزیدی وەک جینۆساید، لیژنەیەکی دادوەریش پێکهێنراوە بۆ لێکۆڵینەوە لەو تاوانەی کە لە شنگال و ناوچەکانی دیکەی دەشتی نەینەوا لەلایەن تیرۆریستانەوە ئەنجامدراون و بە دیکیۆمینت کردنیان و یارمەتیدانی ڕزگابووان، لەم ڕووە تواناوە هاوکاری یاسایی پێشکەش بە زیاتر لە 2000 ئافرەت بکرێت، لە هەمان کاتدا 2036 کەیسی دەستدرێژی بۆ سەر ئافرەتان تۆمار کراون و لەڕووی دەروونی و یاساییەوە 1278 ئافرەت لە سەنتەری ڕاوێژکاری پارێزگای دهۆک چارەسەر کراون.

لە کۆتاییدا دیندار زێباری ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم گوتی: لە عێراق یاسای ژمارە 28ی ساڵی 2012 دەرچووە کە بە یاسای نەهێشتنی بازرگانی کردن ناسراوە لە مرۆڤ دامەزراوە بۆ ڕێنوێنەرانی لایەنە پەیوەندیدارەکانی تێدایە لەگەڵ لیژنەی ناوەکی لە پارێزگاکان، بەڵام دوای کار کردن بە یاساکە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ دامەزرا لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ و ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە نووسینگەی پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە، گەرمیان و ڕاپەرین)، ئەم نووسینگانە هەڵدەستن بە بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون لەو سکاڵایانەی کە ئاراستەیان دەکرێن و ئەنجامدانی ڕێوشوێنی یاسایی پێویست لەم ڕووەوە کە دەگاتە دادگایی کردنی تاوانباران.

بانگەوازی هاوبەشی بەریتانیا، فەڕەنسا، ئەڵمانیا و یەکێتیی ئەورووپا بۆ ئێران
هەنگاوەکانتان کە پێشێلکارین بەرامبەر ڕێککەوتنی ئەتۆمی بکشێننەوە



بەریتانیا، فەڕەنسا، ئەڵمانیا و یەکێتیی ئەورووپا داوایان لە ئێران کرد هەنگاوەکانی کە پێشێلکارین بەرامبەر ڕێککەوتنی ئەتۆمی بکشێنێتەوە. وەزیرانی دەرەوەی بەریتانیا، فەڕەنسا، ئەڵمانیا و نوێنەری یەکێتیی ئەورووپا لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا ئاماژەیان بەوە کرد کە ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم پشتڕاستی ئەوەی کردووەتەوە کە ئێران لە بنکەی فۆردۆ دووبارە دەستیکردووەتەوە بە پیتاندنی یۆرانیۆم.

لە بەیاننامەکەدا باس لەوە کراوە کە ئەو هەنگاوەی ئێران پێشێلکاریە بەرامبەر ئەو ڕێوشوێنانەی خراونەتەڕوو لەو ڕێککەوتنە ئەتۆمییەی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا کراوە، ئەوەش نیشانی داوە کە ئێران پاشگەزبووەتەوە لەو بڕیارنامەی لە ڕێککەوتنەکەدا هەیە. هەروەها لە بەیاننامەکەدا داوا لە ئێران کراوە ئەو هەنگاوانەی بکشێنێتەوە کە پێشێلکارین بەرامبەر ڕێککەوتنی ئەتۆمی. لە بەیاننامەکەدا جەخت لەسەر گرنگیی پابەندبوونی هەموو لایەنەکانی ڕێککەوتنەکە کراوەتەوە بە هەلومەرجەکانی ڕێککەوتنەکە بەشێوەیەکی تەواو و کاریگەر، هاوکات جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە بەریتانیا، فەڕەنسا، ئەڵمانیا و یەکێتیی ئەورووپا پەیەندن بە بەڵێناکانیان لەو بارەیەوە.

هەروەها لە بایاننامەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە لە بەرژەوەندی هەموو لایەنەکاندایە پابەندی ڕێککەوتنەکە بن و، هاتووە "دەبێت ئێران بەبێ دواکەوتن بگەڕێتەوە بۆ تەواو جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی نێو ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە."

لە بەیاننامەکەدا داوا لە ئێران کراوە هاریکاری تەواو لەگەڵ ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمدا بکات، پشتیوانی و متمانەش بۆ ئەو ڕێکخراوە دووپاتکراوەتەوە. لە بەشێکی دیکەی بەیاننامەکەدا باس لەوە کراوە کە بەریتانیا، فەڕەنسا، ئەڵمانیا و یەکێتیی ئەورووپا ئامادەی هەڵسەنگاندنی میکانیزمەکانی چارەسەری کێشەی ڕێککەوتنی ئەتۆمین و، لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ڕێککەوتنەکەشدا لە پەیوەندیدان.

هاوکات لە بەیاننامەکەدا باس لەوە کراوە کە بەریتانیا، فەڕەنسا، ئەڵمانیا و یەکێتیی ئەورووپا پابەندن بە بەڵێنەکانی ڕێککەوتنی ئەتۆمی، جەختیش لەسەر ئەوە کراوەتەوە هەندێ هەنگاو کە پێشبینیکراوە هەڵگرتنی سزاکانیشیان لەنێودایە گیراونەتەبەر. هەر لە بەیاننامەکەدا هاتووە "ئێستا پابەندبوونی ئێران بە بەڵێنەکانی ڕێککەوتنەکە و هاریکاربوونی لەگەڵ تەواوی لایەنەکانی ڕێککەوتنەکە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکان. وەک دەستەبەری ئاشتیی و ئاسایشی نێودەوڵەتی ئێمە ئامادەین بۆ بەردەوامبوون لەسەر هەوڵە دیپلۆماسییەکان لە پێناو ئاسانکاریی و بەدیهێنانی هەلومەرجەکانی کەمکردنەوەی گرژیی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام ئەو هەوڵانە بەهۆی ئەو هەنگاوانەی دووایی ئێرانەوە سەختبوون.

لە بەرامبەردا ئێران ڕایگەیاند کە هەفتەی ڕابردوو یەکێک لە پشکنەرانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم کە بۆ کۆنترۆڵی دامەزراوەی ئەتۆمی ناتانز سەردانی شاری ئەسفەهانی کردبوو، لە کاتی چوونە ژوورەوە بۆ دامەزراوەکە و لە کاتی پشکنینیدا مادەیەکی گوماناوی پێبووە، لەبەرئەوە ئەو پشکنەرە لەو وڵاتەوە ڕەوانە کراوەتەوە. جێی باسە ئێران لە ساڵی 2015دا لەگەڵ پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و ئەڵمانیادا ڕێککەوتنی ئەتۆمی واژۆکرد، کە بە پلانی کردەی هاوبەشی گشتگیر ناسراوە، بەڵام ئەمەریکا تاک لایەنە لەو ڕێککەوتنە کشایەوە. بە هۆی ئەوەی وڵاتانی ناو ڕێککەوتنی ئەتۆمی بەڵێنەکانیان بەجێنەگەیاندووە، حکوومەتی تاران چەند هەنگاوێکی گرتەبەر وەک بەرزکردنەوەی ئاستی یۆرانیۆمی پیتێنراو و ستۆکی ئاوی قورس. لەو چوارچێوەیەشدا هەفتەی ڕابردوو لە دامەزراوەی فۆردۆ لە شاری قوم 1044 سەنتەرفیوجی خستەکار.

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر: 16 تاوانبار گیران و 3 کیلۆ تریاک کۆنترۆڵ کرا



بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر ڕایگەیاند: لە ماوەی ڕابردوودا 16 تاوانبار گیراون و 3 کیلۆ تریاک کۆنترۆڵ کراوە.

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر لە ڕاگەیەندراوێکدا

بەچاودێری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دوو پرۆژەی وێستگەی گۆڕینی کارەبا لە هەولێر کرایەوە

وەزارەتی کارەبا توانای بەرهەمهێنانی 7000 مێگاوات کارەبای هەیە و لە ئێستادا تەنیا 3500 مێگاوات کارەبا بەرهەم دەهێنێت

وەزیری کارەبا: سوپاسی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بۆ تەرخانکردنی بودجەی پێویست بۆ دەستپێکردنەوەی ئەنجامدانی کاری ژمارەیەک لە پرۆژەکانی کارەبا

پارێزگاری هەولێر: وەزارەتەکانی ناوخۆ و کارەبا هەڵمەتێکی بڕینی سەرپێچی سەر تۆڕەکانی کارەبا ئەنجام دەدەن



خەبات: هاوار مورتکەیی

ڕۆژی 11/11/2019بە چاودێری ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەندازیار کەمال محەمەد سالح وەزیری کارەبا بەیاوەری فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر و نەبەز عەبدولحەمید قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر و حوسێن حەمەد قادر بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر، دوو پرۆژەی گۆڕینی کارەبایان لە گردجوتیار و عەنکاوە لە شاری هەولێر کردەوە، کە کاریگەریی زۆریان لەسەر چارەسەرکردنی بارزۆری ناوچەکانی بەحرکەو بەشێکی عەنکاوەو کۆمەڵگەی هەرشەم 2و 3و گەرەکی 33ی پارک و بەختیاری و نازناز و چەند گەڕەک و ناوچەیەکی دیکەی ناو شاری هەولێر دەبێت.

لەڕێورەسیمێکدا کە بریکاری وەزارەتی کارەبا و ڕاوێژکار و ژمارەیەک لەبەرپرسانی یەکە ئیدارییەکان بەڕێوەچوو، ئەندازیار کەمال محەمەد سالح وەزیری کارەبا پرۆژەی وێستگەی گۆڕینی ڤۆڵتییەی 33kv/11گرد جوتیاری کردەوەو لە وتەیەکیدا ئاماژەی بە گرنگی وێستگەکە کرد، کە لەکاتی ئێستادا 4فیدەری 11کەی قی لێ دەرهێنراوەو چارەسەری بارزۆری بەشێک لە فیدەرەکانی بەحرکەی نوێ و دەوروبەری دەکات و پرۆژەکەش بەگوژمەی 3 ملیۆن دۆلار و 814هەزار و 893دۆلار لەلایەن کۆمپانیای مەلەکی لوبنانییەوە جێبەجێکراوە. دواتر لە ڕێورەسیمێکی دیکەدا وەزیری کارەبا بەیاوەری پارێزگاری هەولێر، پرۆژەی وێستگەی گۆڕینی کارەبای مۆبایلی عەنکاوەی کردەوە کە لەلایەن کۆمپانیای ڕۆشنا بە تێچووی 347 ملیۆن و 193هەزار و 600دینار لەلایەن کۆمپانیای ڕۆشنا لەماوەی 120ڕۆژدا جێبەجێکراوە کە 6فیدەری 11کەیشی لە وێستگەکە دەرهێندراوە بۆ پارک و بەختیاری و نازناز و کۆمەڵگەی جەژنیکان دەکات.

تەرخانکردنی بودجەی پێویست لەلایەن حکومەتەوە هەردوو پرۆژەکەش لەلایەن تیمەکانی گواستنەوەی وەزارەتی کارەباوە سەرپەرشتی کراون، لە لێدوانێکیشیدا بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وەزیری کارەبا سوپاسی ئەنجوومەنی وەزیرانی کرد بۆ تەرخانکردنی بودجەی پێویست بۆ دەستپێکردنەوەی ئەنجامدانی کاری ژمارەیەک لە پرۆژەکانی کارەبا و بەستنەوەی ژمارەیەک لە وێستگەکانی دیکەش کە تەواو بوون، بەڵام تا ئێستا نەبەستراونەتەوە بەتۆڕی کارەبای نیشتمانییەوە.

وەزیری کارەبا گوتی: ئێمە کێشەمان لە تەولیدی کارەبا نییە، بەڵکو کێشەکانمان پەیوەستن بەسەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی تەولیدەوە لەوانەش غاز، ئەگەر ڕێژەی غاز زیادبکات ئەوا ئاستی تەولیدیش بەرزدەبێتەوە.

وەزیری کارەبا سوپاسی بەڕێز پارێزگاری هەولێر بۆ گرنگیدان بە پرۆژەکانی کارەبا هاوکات باسی لەهەوڵەکانی وەزارەتی کارەباش کرد بۆ باشکردنی دۆخی کارەباو ڕایگەیاند: بەپاڵپشتی ئەنجوومەنی وەزیران جەختمان لەسەر ئەو وێستگانە کردۆتەوە کە بەهۆی قەیرانی داراییەوە کارەکانیان تەواو نەبووە یاخود پرۆژەکە تەواو بووەو وێستگەکان نەبەستراونەتەوە بەهێڵی کارەبای نیشتمانییەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی لەهەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی ودهۆک 52هەزارو 700پێوەری زیرەک بەستراوەو پرۆژەکەش بەشێوەیەکی باش بەڕێوەدەچێت، هەروەها لەکاتی ئێستادا وەزارەتی کارەبا بەبڕی 7000 مێگاوات کارەبا توانای بەرهەمهێنانی هەیە، بەڵام بۆ ئەوەی کاریگەریی زۆر لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان نەکات و لەبەر زۆری سووتەمەنی بۆ بەگەڕخستنی ئەو وێستگانە لە ئێستادا تەنیا 3500 مێگاوات کارەبا بەرهەم دەهێنێت و چاوەڕوانە لە ماوەی چەند مانگێکی داهاتوودا ئەو ژمارەیە بگاتە 4000 مێگاوات.

تا ئێستا لە پارێزگاکانی هەولێر، دهۆک و سلێمانی 52 هەزار و 700 پێوەری زیرەک بەستراوە

سالح گوتیشی: ئەم دەڤەرە فراوان بووە و ئەمەش کێشەی بۆ کارەبا دروستکردووە، ئەم دوو پرۆژەیە دەتوانێت بەشێکی زۆر لە کێشەکان چارەسەر بکات، چەند گرێبەستێکمان هەیە لەگەڵ کۆمپانیاکان، کە نزیکەی 10وێستگە لە ژێر کارکردنە و مانگی داهاتوو ڕەنگە دوو وێستگەی دیکە تەواوبێت و ئەوانی دیکەش بەپێی توانا دەکەونەکار.

هەر لەبارەی پێدانی کارەبای زیاتر بە هاوڵاتیان، وەزیری کارەبا گوتی: وەک پێشتریش باسمان کرد ژێرخانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە ئێستادا 7000مێگاواتە و ئەوەی لەناو کارکردنداید نزیکەی سێ هەزار و 500 مێگاواتە، واتا ژێرخانمان هەیە بەڵام ئەوەی بووەتە ڕێگر کە ناتوانین سوود لەو بڕە کارەبایە وەرگرین، بابەتی سووتەمەنییە و هیوادارین کۆتایی ئەمساڵ ڕێژەی غاز زیاتر بێت و بتوانین کارەبای زیاتر بدەین. وەزیری کارەبای حکوومەتی هەرێمی کوردستان باسی لەوەشکرد کە تا ئێستا لە هەرسێ پارێزگای هەولێر، دهۆک و سلێمانی 52هەزار و 700پێوەری زیرەک بەستراوە و پرۆژەکەش بەشێوەیەکی باش بەڕێوەدەچێت.

لە وتەیەکیشدا فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر وێڕای سوپاسی وەزارەتی کارەبا بۆ ئەنجامدانی ئەو دوو پرۆژەیە و هەوڵەکانی بۆ باشترکردنی دۆخی کارەبا، ئاماژەی بەو هەڵمەتەش کرد کە بەمنزیکانە بەهاوکاری هەردوو وەزارەتی کارەبا و وەزارەتی ناوخۆ بەڕێوەدەچێت بۆ بنبڕکردنی سەرپێچیەکانی کارەبا لە شاری هەولێر و ناحیەکان و ئومێدی خواست بەهاوکاریی وەزارەتی کارەبا چارەسەری پێویستی بۆ بدۆزرێتەوە.

پارێزگاری هەولێر گوتی: ئێمە کێشەی بەرهەمێنانی کارەبامان نییە، بەڵکو کێشەی گواستنەوەی کارەبامان هەیە، بۆیە ئێمە لە داهاتوو دەبێت گۆڕانکاری لە گواستنەوەی کارەبا بکەین و ئەوەی بەڵای ئێمەوە گرنگە ئەوەیە کە لە ئایندەیەکی نزیک هەڵمەتێکی نەهێشتنی زێدەڕۆیی کارەبا ڕادەگەیەنین و کۆمەڵێک شار هەیە کە پێوەری کارەبایان نەبەستووە و کارەباشیان هەیە و ئەمەش بارگرانی دروستکردووە، بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ ئەم کێشەیە چارەسەر دەکەین. هەر لە کۆتگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا، پارێزگاری هەولێر فەرسەت سۆفی گوتی: وێستگەی کارەبای عەنکاوە بە گوژمەی 347 ملیۆن و 193هەزار و 600دینار لەلایەن کۆمپانیای ڕۆشنا لەماوەی 120ڕۆژدا جێبەجێکراوە کە کە 6فیدەری 11کەیشی لە وێستگەکە دەرهێندراوە بۆ چارەسەری بار زۆری ناوچەکانی جەژنیکان، گرد عەرەق، قادراوە، کۆمەڵگای هەرشەم، گەڕەکی 32ی پارک، بەختیار و نازناز.

ئەندازیار کەمال محەمەد سالح: چاوەڕوان دەکرێت لەکۆتایی ئەمساڵدا ڕێژەی بەرهەمهێنانی غازی سروشتی زیاد بێت و بەمەش ئاستی بەرهەمهێنانی کارەبا بەرز دەکەینەوە





پەیوەندی تۆکمە لە نێوان دایک و کچ خەسارە کۆمەڵایەتییەکان کەمتر دەکات

خەبات: تریفە ئازاد

پەیوەندی نزیکی دایک و باوک و منداڵان لە مەرجەکانی سەرکەوتنی خێزانە بە تایبەت کچ بۆ ئەوەی کەمتر تووشی هەڵە و ترازان بێت پێویستە جگە لە پەیوەندی دایک و کچی پەیوەندییەکی هاوڕێیەتی لە نێوانیاندا هەبێت و دایکان دەبێت هەوڵ بدەن ئەو سنوورانە لە نێوانیان نەهێڵن تا کچەکان بەو پەڕی متمانەوە رازی دڵیان لای دایکیان بدرکێنن و لەوان ڕێنمایی وەربگرن، نەک کەسێکی بێگانە یان هاوڕێیانی ناشارەزا.

هەندێکجار دایکان ناتوانن بە پێی پێویست خۆیان لە کچەکانیان نزیک بکەنەوە سندس حسێن، وەک دایکێک لە بارەی پەیوەندی نێوان کچ و دایک لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: ئەرکی دایک و باوکان تەنها گەورەکردن و تێرکردنی جەستەیی و دابینکردنی پێداویستییە مادییەکان و پێدانی ناز و سۆزی لەڕادەبەدەر نییە بۆ منداڵەکانیان چ کوڕ بن یان کچ، بەڵکو ئەرکیان زۆر لەمە گەورەترە. دایک و باوک پێویستە سەرەڕای ئەوانەی باسم کرد مامۆستا، هاوڕێ و ئاوێنەیەکی ڕوون بن بۆ منداڵەکانیان و بە چەشنێک هەر لە سەرەتاوە پەروەردەی منداڵەکانیان بە شێوەیەک بکەن کە ببنە جێی متمانەیان و لەهەر کات و ساتێکی خۆشی و ناخۆشی گوێیان لێبگرن و ڕاوێژ و گفتگۆیان هەبێت و هیچ کار و بەرژەوەندییەکی دونیایی وا لە دایک و باوکان نەکات لە خەمی منداڵەکانیان دابڕێن و گوێ بیستی سەرنج و تێبینی و دەردەدڵییەکانیان نەبن. سەبارەت بە پرسیارەکەی بەڕێزتان کۆمەڵێک هۆکار هەن هەمیشە لە پشت هەر کارێکی دروست یان نادروستی نەوەکانمان جا کوڕ بن یان کچ وەک، بەڵام کچ کاتێک دەکەوێتە شاردنەوەی نیهێنی لە دایکی. بەڕای من و وەک باوە و دەوترێت کچان زیاتر هاوڕێی دایکیانن هەر لە منداڵی تا گەورەبوون، بەڵام هەندێجار کچان ناتوانن نهێنیەکانیان لەلای دایکیان باس بکەن، ڕەنگە ئەمانەش بۆ هەنبد هۆکار بگەڕێتەوە لەوانەش جیاوازی تەمەنی دایک لەگەڵ کچەکەی یاخود ئاستی ڕۆشنبیری خێزانەکان بەتایبەت دایکان. یان ڕەنگە هەندێجار بۆ ترسی لە دەستدانی متمانە بگەڕێتەوە لەلایەن کچانەوە، کەوا هەستدەکەن ڕەنگە ئەو کارەی ئەوان بڕیتە هۆیەک کە دایکەکەی بە چەشنێک گومانی لە کچەکەی لا دروست دەبێت کە بە داخەوە زۆرجار ئەو حاڵەتانە بوونی هەیە و لەبری هاوکاری کچەکە دایکەکەی بە چەشنێک مامەڵەی کردووە لەگەڵیدا کە ئیتر ئەو کچە نەتوانێت جارێکیتر نهێنیەکانی لای دایکی باس بکاتەوە و بگرە کچەکەشی ڕووبەڕووی مەترسی بوونەتەوە. هەندێکجاریش دایکان ناتوانن بە پێی پێویست خۆیان لە کچەکانیان نزیک بکەنەوە بەوەی کە دایکێکی بەخەینەوە لە هەموو ئاستەنگێک کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

پاڵپشتی و هاوڕێیەتی دایکم بۆ من هەمیشەییە دیکان عەلی، وەک کچێکی قوتابی زانکۆ لە بارەی پەیوەندی نێوانی کچ و دایک لە ڕوانگەی خۆیەوە کە چەندە نهێنیەکانی لای دایکی باسەکات و ئاستی هاوڕێتەی نێوانی خۆی و دایکی دەڵێت: هاوڕێیەتی و لێک نزیکبوونی کچ و دایک و گرنگیدانی دایک بە زیاتر لێک نزیکبوونەوەی لە کچەکەی زۆر زۆر گرنگە تا کچەکەی هەست بکات کەسێک پشت و پەنایەتی. کەسێک کە هەم دایکیەتی هەم هاوڕێ و دۆستیەتی، بەڵام بەداخەوە بە هۆی نەبوونی ڕۆشنبیری و هۆشیاری لەلای بەشێک لە ژنان و دایکان وایکردووە کچەکان نەتوانن نهێنی و باسوخواستەکانی خۆیان لای دایکیان بدرکێنن. ئەترسێ لە خۆیندن و ترەینین دەچم. ئەم هەڵسوکاتە وادەکات کچان زیاتر متمانەیان بەخۆیان بێت، لەکاتی کێشە و گرفت لەبڕی پەنابردن بۆ کەسێکی تر هانا بۆ دایکی خۆی ببات کە دەکرێت باشتر چارەسەری سەرزەشتکردن لەلایەن دایکەیەوە. من وەک خۆم دایکم زۆر پاڵپشتم بووە، هەمیشە هاوڕێم بووە، ئەتوانم بڵێم ئەمانەی پێی گەیشتووم ئازایەتی دایکم بووە، چ لەکاتی خۆیندنی ئامادەی و زانکۆ چ لە کاری ڕۆژنامەوانیم و هەردەم پاڵپشتی کردووم لە بەدیهێنانی حەزەکانم و تەنانەت لە پەیوەندییەکانیشم لەگەڵ هاوڕێ نزیکەکانم ئاشنایان بووە، هیچ شتێکم لێ نەشاردۆتەوە، چونکە خۆی ژنێکی هۆشیارە، بەتایبەت لە کاتی سەفەرەکانم کە لای بەشێک لە خەڵکی مایەی شەرمە کچ تەنیا سەفەر بکات، بەڵام بە پێچەوانەوە هانیداوم تا بگەمە ئەو شوێنانە چونکە دەیزانی من بۆ کێشەکانی لەلا بێت. پێویستە مامۆستایانی قۆناغەکانی خوێندنی بنەڕەتی لەگەڵ فێرکردن هەوڵبدەن قوتابییە کچەکان هانبدەن لەگەڵ دایکیان هاوڕێ بن و هیچ نەبێ دوو مانگ جارێک دایکان کۆبکەنەوە تا هۆشیاریان پێدەن لە بارەی مامەڵەکردن لەگەڵ کچانیان کە من دڵنیام کارێکی ئاسان و کاریگەرە چونکە سەرجەم قوتابخانەکان تۆێژەری کۆمەڵایەتی تێدایە. هەڕوەها زۆر گرنگە ڕاگەیاندنەکان هۆشیاری خێزانی بڵاو بکەونەوە تا ژنان و دایکان بەرچاووڕوونیان هەبێت کە چۆن مامەڵە لەگەڵ کچ و منداڵەکانیان بکەن، بۆ ئەوەی منداڵەکانیان بە تایبەتی کچ هەست بەدڵنیایی بکات لە باسکردنی سەرجەم نهێنیەکانی ژیانی.

کچ حەز دەکات کەسایەتیەکی تایبەت و تازە و سەربەخۆی هەبێت

بەهار ڕەفیق، تۆێژەری دەروونی لە بارەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان دایک و کچ گوتی: دیارە دەبێت متمانەی نێوان کچ و دایک زیاتر متمانەیەکی هاوڕێیەتی بێت کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند فاکتەرێک: یەکەم پێویستە دایک ڕەچاوی ئەوە بکات کە ماوەی گەنجییەتی خۆی جیاوازە لەگەڵ کچەکەی لە ئێستادا بۆ زەمەنێکی جیاواز دەگەڕێتەوە. زۆربەی کچ لە ماوەی هەرزەکاری هەموو کات ڕستەیەک هەیە بەکاری دێێنت ئەوەیش ئەوەیە (سەربەستیم بدەیە و هەڵسوکەوتم سنوردار مەکە لە پەیوەندیم لەگەڵ هاوڕێیان و پۆشنی جل و بەرگم). کچان جیهانێکی تایبەت بە خۆیان دروست دەکەن و هاوڕێیەک هەڵدەبژێرن ببێتە جێگای متمانە وشۆێنی خێزان هەندێکجار کچ حەز دەکات کەسایەتیەکی تایبەت و سەربەخۆی هەبێت و ژینگەیەکی گونجاو بۆخۆی دروست بکات کە هەڵسوکەوتی تێدا بکات بە بێ هیچ کۆت و بەندێکی کۆمەڵایەتی. کچ لە تەمەنی هەرزەکاری متمانەی بە خێزان کەمکە بە تایبەت هەوڵدەدات لە دایکی دور بێت، هیچ نهێنییەکی لا نادرکێنێت هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەو منداڵە و ئەو دایکە نەیتوانیوە نزیک بێتەوە لە جیهانی منداڵەکەی کەواتە لێرەدا هەڵەی دایکی بووە. جیهانی کچی هەرزەکار و گەنج پرپەتی لە نهێنی و چێرۆکی خۆش و ناخۆشی ژیان بەم هۆیەوە دەبێت دایک بزانێ و پێویستە لەسەر دایک و خێزان ببنە هاوڕێی کچەکان وابکەن هەست بە ئاسوودەیی بکەن و ببنە جێگای متمانەی ڕاستەقینە بۆ ئەوەی ئەوی لە دڵیدا هەیە ئەو نهێنی و کێشە و گرفتانەی هەیەتی بە دایکی بڵێت. دەبێت شێوازی گفتوگۆکەش لەسەر بنەمانی ئارامی و خۆشەویستی و متمانەی نێوانیان بێت ئەو کات دایک وەک هاوڕێی کچەکە دەبێت هەرچەندە دایک لە تەمەنی کچ نزیک بێتەوە ئەو کات هاوڕێیەتی نێوانیان بەهێز دەبێت.


سندس حسێن


دیکان عەلی


بەهار ڕەفیق

ئەڵمانیا... لە کۆڕێکدا ئەزموونی ئافرەتێکی کورد لە ئەدەبی فەرەنسیدا خرایەڕوو


ساسان دەرویش/ ئەڵمانیا

بەیان سەلمان و بەرهەمەکانی، دواتر خاتوو بەیان سەلمان لە بابەتێکی چڕ و پوختدا بە تێروتەسەل باسی لە ئەزموونی خۆی و بەرهەم و چاپکراوەکانی کرد، کە تیایدا باسی لە ئەدەبی دەوڵەمەندی فەرەنسی کرد و ڕەنگدانەوەی لە نێو نووسینەکانیدا بە گەنجینەیەکی گەورە وەسفکرد و زۆر بە خێراییش ناوەڕۆکی بەشێکی لە ڕۆمانەکانی و بەرهەمەکانی بۆ ئامادەبووان خوێندەوە. لە کۆتاییدا بواردرا بە ئامادەبووان کە پرسیار بکەن لەسەر بابەتەکان و لە لایەن کۆڕگێڕ بە دڵێکی فراوان وەڵامدرانەوە و زۆر سەرکەوتوانە کۆتایی هات.

لە میانەی کۆڕەکەدا خاتوو ژیان بەرپرسی کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد و ئەڵمان بۆ خەبات دوا و گوتی: خاتوو بەیان لەسەر بانگهێشتی وەزارەتی ڕۆشنبیری بانگکرابوو بۆ پێشانگای کتێب لە فرانکفۆرت و لەوێ بە دیداری شاد بووین و بە دەرفەتمان زانی کە ئێمەش وەک کۆمەڵەکەمان میوانداری بکەین و بەشێک لە بەرهەمەکانی ئاشنا بکات پێمان کە خاوەنی قەڵەم و خەرمانێک بەرهەم و بڕوایەکی جوانی نیشتیمانپەروەرییە. هەرچەندە کاتەکە نەگونجاوبو لە کاتی دەوام و ئیش کردندا بوو، بەڵام سوودمەند بووین و سەرکەوتوو بوو. دەمەوێت بڵێم کە خاتوو بەیان سەلمان ڕۆمانووس و شاعیر و وەرگێڕ بە زمانی کوردی وعەرەبی و فەرەنسی بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە. خاتوو بەیان لە ساڵی 1961لە شاری کەرکووک لەدایکبووە. هەر لەوێ خوێندنی سەرەتایی و ناوەند وئامادەیی بە زمانی عەرەبی تەواوکردووە. لە ساڵی 1981بۆ 1986 لە زانستگەی بەغداد کۆلیژی ئابووری و بازرگانی تەواوکردووە. ساڵی 2000بۆ 2001دیبلۆمی ئەدەبی فەرەنسی تایبەتمەندێتی لە ئەدەبی خەیاڵی وەدستهێناوە و لە ئێستاشدا سەرقاڵی ڕۆمان نووسین و وەرگێڕان و شیعر و ڕۆژنامەوانییە. خاوەنی چەندین بەرهەمی کوردییە لە نەوەهانی مادایی، بەسەرهاتەکانی خەزنە مەملووک و لە بەرزایی شوراکانەوە، شەوانی ئادەم، پاداشتی عەتر و ئاگر و ئەو هەورە کپە ژیاننامەی کۆڕەو لەگەڵ کۆمەڵێک بەرهەم بە زمانی عەرەبی و هەروەها وەرگێڕانی هەندێ بەرهەم لە عەرەبییەوە بۆ فەرەنسی و بە پێچەوانەشەوە لە فەرەنسیەوە بۆ عەرەبی کاری وەرگێڕانی کردووە بە چەند بەرهەمێکی ناوازە لەگەڵ چەند دیوانێکی شیعری بە زمانی کوردی و عەرەبی بەرهەمەکانی بوون. بە هیوای خزمەتی زیاتر و ئەوەیکە زۆرترین بەرهەمی پێشکەشی کتێبخانەی کوردی بکات. دووبارە سوپاس بۆ ستافی خەبات و لاپەڕەی ئافرەتان و بەڕێزتان و نووسینگەی خەبات لە هۆڵەندا.





ڕەنگی ساڵی 2020

لە ساڵی 2000بەولاوە دامەزراوەی ڕەنگی پانتۆن(Pantone) ساڵانە ڕەنگێک دەسنیشان دەکات ه رایدەگەیەنێت. لە ڕاستیدا ئەم کۆمپانیایە لە شاری کارلستات ی نیوجێرسی ئەمریکایە و بە شێوەیەکی نافەرمی ئەمکارە ئەنجام دەدات کە بە تێپەڕبوونی کات بەرندسازەکان سەرنجی تایبەتیان خستە سەر ئەم هەڵبژاردنە و بووە شتێکی جیهانی و تەنانەت زۆرێک لە زلهێزانی جیهانی فەشن و مۆدە بەو هۆیەی ئەمە ویستی خەڵکە بە ناچاری پەیڕەوی لێدەکەن. لە سەرەتای ساڵەکان جامی دوکان و مۆڵەکان بە کەلوپەلی لەو ڕەنگە دەڕازێتەوە.

دامەزراوەی پانتۆن ساڵی 2019ڕەنگی ساڵی مەرجانی زیندوو دەسنیشانکرد کە ڕەنگێکە لە نێوان پرتەقاڵی و پەمەیی. ئەم هەڵبژاردەیە گرنگی سەرنجی خەڵکی بۆ ژیانی ئاوی یە تایبەت مەرجانە دەریاییەکان ڕاکێشا و ئەمساڵ بە هەڵبژاردنی ڕەنگی مەرجانی سپی (کاتێک مەرجانەکان دەمرن ڕەنگیان بۆ سپی و ڕەساسی دەگۆڕدرێت) مەبەستیانە بە خەڵک بڵێن ژیانیان لە مەترسی لەنێوچوونداید. مەرجانە سپی تێکەڵەی چەند ڕەنگێکی سارد وەک سپی، ڕەساسی و شین و سەوزی زۆر کاڵ.



هۆکاری ئازاری مەمک لە ئافرەتاندا



ئا/ وریشە عومەر: دکتۆرە گوڵان ئەحمەد پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ئافرەتان و منداڵبوون لە وڵی تایبەتی خۆی دەربارەی ئازاری (مەمک) لە ئافرەتاندا دەنووسێت: ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتان دەناڵێنن بەدەست ئازاری (مەمک) و بۆتە هۆی دروستکردنی قەڵەقییەکی زۆر لەلایان و دەترسن لەوەی ببێتە هۆی دروستبوونی شێرپەنجەی مەمک. لێرە بە کورتی هۆکارەکانی ئازاری مەمک باس دەکەین

*** هۆکارەکانی ئازاری مەمک چین؟**

– ئەوپسپۆرە دەڵێت گۆڕانکاری لە هۆرمۆنەکانی مانگانە، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانە بۆ ئازاری مەمک. لەوانەیە لە زۆرێک لە کاتەکانی توشبوون بە سۆڕی مانگانە ئافرەت تووشی ئەم حاڵەتە ببێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی هۆرمۆنی ئیسرۆجین تیایدا. لە لایەکیتریشەوە ماندووبون ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە دروستبوونی ئازار لە مەمکدا. لە بارەی پۆشینی ستیانی نەگونجاو و تەسک، قەبارەی جۆری ستیان بە هەمان شێوە هۆکارە بۆ ئازاری مەمک. لە بارەی وەرگرتنی چارەسەر و بەکارهێنانی دەرمان پێیوایە خواردنی دەرمانەکانی سۆڕی مانگانە و حەبی پێشگرتن لە دووگیانی و نەزۆکی هۆکارن بۆ دروست بوونی ئازاری مەمک، کێشەی بالانسی ترشە چەوریەکان: دروستبوونی کێشە لە ترشە چەوربییەکانی خانەکانی مەمک بە هەمانشێوە دەبێتە هۆی ئازار دروستکردن لە مەمکدا.





بەشێنەیی

کاروان محەمەد سینۆ

یادی پێنج ساڵەی رزگارکردنی شنگال بەهەڵمەتی سەرۆک بارزانی و خوێنی پێشمەرگە شنگال ئازادکرا

لەمێژینەوە میللەتی کورد بەردەوام کەوتوتە بەر هەڕەشەی لەناوچوون و کوشتن و بڕین، تەنانەت ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی 40 ساڵی رابردوو، دەبینین کە لەم ماوەیەدا 4500 گوندمان وێران کراوە، 182 هەزار کەس کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون لە هەڵمەتەکانی ئەنفال بێ سەروشوێن کراون، 12 هەزار گەنجی فەیلی بێ سەروشوێن کراون، 8 هەزار بارزانی لە تەمەنی 10 تاکو 90 ساڵ بێ سەروشوێن کراون، سەرتاسەری کوردستان کیمیاباران کراوە، تەنانەت لە هەڵەبجە لە ماوەی دوو سێ خولەکدا 5 هەزار کەس کە 80% یان ژن و منداڵ بوون بە ژەهری کیمیایی شەهیدکران. کارەساتی جینۆسایدی شنگالیش دریژە پێدان بوو بۆ ئەم کارەساتانەی لەسەرەوە باسمان کرد. برا ئێزدیەکانمان وەک پێکهاتەیەکی ڕەسەنی میللەتی کورد لەمێژوودا حەفتادوو جار دووچاری فەرمانی قەڵاچۆکردن و جینۆسایدبوون هاتونەتەوە، تەنها لەبەر ئەوەی کە ئێزدییەکان پێکهاتەیەکی ڕەسەنی میللەتی کوردن و ئایین و خۆڕەوشتێکی ڕەسەنیان هەیە. بۆیە ڕۆژی 3ی ئاب 2014 تیرۆرستانی گۆڕبەگۆڕی (داعش) هێرشێکی دڕندانەیان کردە سەر شاری شنگال و هۆڤانە کەوتنە گیانی برایانی ئێزدی و هەموو جۆرە تاوانێک و پاکتاوێکی رگەزیی بەرامبەریان ئەنجامدا. پێشمەرگەو خەڵکی گیانفیدا وەکو هەموو جارێک پەنایان بردەوە بەر چیای سەرکەشی شنگال و کەوتنە بەرگرییەکی قارەمانانە لە مەزاری شێخ شەرفەدین و نەیانهێشت تیرۆرستانی (داعش) بگەنە چیای شنگال و مەزاری شێخ شەرفەدین. لەو بارودۆخەی ئەو کاتەدا، ئێزدیخان کەوتە بەر هەڕەشەی لەناوچوون. لەم هەل و مەرجەدا (ئەوکات) شاندێکی ئێزدیخان کە پێکهاتبوون لە بابە شێخ و چەند ریشسپی و پیاوماقوڵانی ئێزدی خان، چوونە لای جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی و پێیان ڕاگەیاند کە "ئیتر تەواو... ئێزدیخان تەواوبوو"، بەڵام جەنابی سەرۆک بە بابەشێخ و ریشسپیانی ئێزدیخان گوت: "نەخێر، ئاوا بیرمەکەنەوە، ئەوکاتە ئێزدیخان تەواو دەبێت، ئەگەر کوردستان تەواوبوو". هەروەها سەرۆک بارزانی بەڵێنی بە شاندی ئێزدیخاندا کە "یان شنگال رزگار دەکەین، یان سەری خۆمانی لەسەر دادەنێین". ئەمە بەڵێنی جەنابی سەرۆک بارزانی بوو بەرامبەر داگیرکردنی شنگال و لەناوبردنی ئێزدیخان. ئینجا سەرۆک بارزانی و پێشمەرگە گیانفیداکانی کوردستان قۆڵی ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی شنگالیان هەڵمالی و لە قۆناغی یەکەمدا بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی جەنابی سەرۆکی مسعود بارزانی، ڕۆژی 21ی 12ی 2014 چیای شنگال رزگارکراو سەرۆک بارزانی لەسەر چیای شنگال پەیامی ئازادکردنی چیای شنگالی ڕاگەیاند، هەر لەهەمان پەیامیدا سەرۆک بارزانی بەڵێنی رزگارکردنی شاری شنگالی بە برایانی ئێزدی ڕاگەیاند. ئەوەبوو لە قۆناغی دووەمی ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی شنگال، لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆ لە بەرەبەیانی 13ی11ی 2015 لە هێرشێکی شێرانەدا بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرۆک مسعودی بارزانی و هەڵمەتی پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی کوردستان، قۆناغی دووەمی ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی شاری شنگال دەستی پێکرد و لە هەمان ڕۆژادا تەواوی شاری شنگال و دەوروبەری لە تیرۆرستانی (داعش) رزگارکرا.

لەکاتێکدا کە رزگارکردنی شاری شنگال داستان و گرنگییەکی مێژوویی و سیاسییە بۆ هەموو کوردێک هەیە لە هەرشوێنێکی دونیادا، لەهەمانکاتدا رزگار کردنی شنگال بەرپرسیتییەکی نیشتمانی و نەتەوەیی بوو لەلایەن سەرۆک مسعود بارزانی بەرامبەر گەل و وڵاتی خۆی. بۆیە لێرەدا و لە پێنجەم ساڵیادی رزگارکردنی شاری شنگال سوپاسی بێ پایانی سەرۆک بارزانی دەکەین کە خەمخۆری خاک و گەل و وڵاتە، سوپاسی هەڵوێستە نیشتمانپەروەرییەکانی سەرۆک دەکەین، سوپاسی خەباتی پێشمەرگایەتی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی دەکەین. هەروەها سوپاسی پەکە یەکەی پێشمەرگە قارەمانەکان دەکەین ئەوانەی بەشداربوون لە رزگارکردنی شاری شنگال، سوپاسی پێشمەرگەکانی فەرماندەیی زێرەڤانی و یەکەکانی پێشمەرگەی ڕۆژئاوا، فەرماندەیی شنگال، فەرماندەیی دهۆک، فەرماندەیی هێزەکانی پشتیوانیی یەک، فەرماندەیی بارزان، لەشکری تایبەتی یەک، لەشکری گولان، لەشکری تایبەتی دوو، هێزی دژەتیرۆر، هێزی تایبەتی یەک، هێزی 32، هێزی ژینگەی دهۆک، لیوا هاوبەشەکانی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە، لیوای 4 لیوای 8 لیوای 12 لیوای 111ی سەر بە یەکەی حەفتا و هەروەها سوپاسی هێزە خۆبەخشەکان دەکەین کە بە ئیرادەیەکی نیشتیمانپەروەرانە بەشداریان کردبوو لە ئۆپراسیۆنی ئازادکردنی شنگال. هەروەها سوپاسی یەکەکانی سەر بە ئەنجوومەنی ئاساییشی هەرێمی کوردستان دەکەین کە ڕۆڵی کاریگەریان هەبوو لە بەرێوەچوونی ئۆپراسیۆنەکە و گەیاندنی زانیاریی دروست و هەماهەنگی لە دانانی پلانی ڕزگارکردنی شاری شنگال، شاری کوردایەتی و قوربانیدان. هەزار سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی داستانی رزگارکردنی شنگال.

بەشێنەیی دەڵێم... ئازاد کردنی شاری شنگال، داستان و قارەمانێتییەکی بێ وێنەبوو کە ڕۆڵەکانی کوردستان ئەنجامیاندا و ئەوکات و ئێستا و لە داهاتووشدا ئەم داستانە کارگەری گەورەی دەبێت لەسەر بڕوابەخۆبوون و دواڕۆژی کوردستان، بۆیە دەبێت سااڵنە یادی ئەم شکۆمەندییە بکرێت کە پێشمەرگە گیانفیداکانی کوردستان ئەنجامیاندا. سەربەرزی و سەرفرازی بۆ سەرۆک مسعود بارزانی و پێشمەرگەکانی.

دوای 60 ساڵ سێ خوشکەزا بە پووریان شاد دەبنەوە

ڕاپۆرتی: مسلم دژلەمەری

بارزان کەهەمیشە لانکەی کورد‌ایەتی و شۆڕش و بەرخودان بووە خاوەن زۆرترین قوربانی بووە لە گشت بواریکدا بەتایبەتی لێکدابڕانی و ئاوارەی ودەربەدەری دانیشتوانی ناوچەکە گرینگترین و بەجیهان ناساندنی میژووی گەلی کورد ڕێرەوە میژوویەکەی بارزانیی نەمر و هەڤاڵانی بووە بۆ یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو کەبووە ناساندنی گەلی کورد بە جیهان و شۆڕشە پر لە خەبات وسەروەری بارزان بەسەرکردایەتی بارزانی نەمر، کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە بارزانیی نەمر و هەڤاڵانی بۆ چەندین ساڵ لە سۆڤیەتی پێشوو دووەم وڵات و دوور لە کەسوکاریان ژیان بەسەربەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی شۆڕش.



جا بەهۆی ئەم دووەم وڵاتییەوە چەندین پێشمەرگەی هەڤاڵی بارزانیی نەمر لە یەکێتی سۆڤیەتەوە خێزانیان پێکهێناو لە ساڵی 1959 لەگەڵ خۆیان هێنانەوە بۆ کوردستان، جا ئێستا دوای 60 ساڵ لە دووری یەکێک لە خێزانی هەڤاڵانی بارزانی نەمر کە ناوی (گوڵ حەسەن محەمەد) و دانیشتوی شارۆچکەی (بلێ)ی سەر بە ناحیەی بارزانە بە کەسوکاری شادبووەوە، کە ئەویش سێ لە خوشکەزاکانی بوون. کە لەم ڕاپۆرتەدا بەم شێوەیە بە یەکێک لە هەڤاڵانی بارزانی نەمر کردبوو بە ناوی ئاغا کە وەکو شۆڕشگێری کورد هاتبوونە روسیا باب و باپیرانمان زۆر بەشانازیەوە خزمەتی بارزانیی نەمرو هەڤاڵانیان کردووە لەو کات چونکە ئێمەش کوردین و بە شانازیەوە خزمەت بە گەل وخاکمان دەکەین نموونەی کوردبوون و خۆشەویستی وڵاتپارێزیمانیش ئەم شێرە ژنانەن کە ئەمڕۆ هاتوین دوای 60 ساڵ لە دووری دەست و قاچی ماچ دەکەین، چونکە ئەو خاڵەتمانە و ئێمەش بە دایکمانی دەزانین لەبەر ئەوەی کە دایکمان لە ئەوەی بە ئاسانی سەردانی کوردستان و کەسوکارمان بکەین.

هەروەها نارخانم سەفەر عەزیز : من وابیر دەکەم کە ئەمڕۆ هاتومەتە ژیان چونکە دوای 60 ساڵ بە خۆشەویسترین کەسی ژیانم شادبووینەوە کە ئەویش خاڵەتمە گوڵ چونکە باش بیرم دێتەوە و هەمیشە لەبەرچاوم بووە و لەنێو دڵم بووە ئەو کاتەی کە تەمەنم تەنها شەش ساڵ بوو کە خاڵەتم لەگەڵ ئاغای هاوسەری لەگەڵ بارزانیی نەمر گەڕانەوە کوردستان من بەدوام ڕادەکرد و دەمگوت گوڵ مەڕۆ... نانم پێبدە چونکە لە منداڵی ئەو منی زۆر خۆشدەویست و بەردەوام خواردنی پێدەدام بۆیە ئەوە 60 ساڵە من هەر چاوەڕوان بووم کە بێتەوە و نانم پێبدات بەداخەوە دایکیشم هەروا چاوەڕوان بوو سەری نایەوەو خوشکی خۆی نەبینی، بە هەرحاڵ ئەمڕۆ بە بینینی کوردستانێکی ئازاد و بە بینینی ئاڵای بەرزی کوردستانە لە هەر شوێنێک بە ڕاستی ئێستا زانیم کە ئێمەش خاوەنی وڵاتێکی ئازاد و سەربەخۆی خۆمانین ئێستا زانیم کە بەرهەمی بارزانی نەمر و هەڤاڵانی گەیشتۆتە لوتکە پڕ بە دڵ دەڵێم پیرۆزە و بەڕاستی دەڵێم ناتوانم چۆن وەسفی ئەو خۆشیە بکەم کە بە وڵاتی ئازادی خۆم شادبوومە. هەروەها شادبونەوە و بە خزمەکانم کوڕخاڵەتم، کچ خاڵەتم، نەوەکانیان، خزمانیان هەمویان لێرەدا سوپاسی بێپایانی هەمولایەک دەکەم و هیوای سەرکەوتن بۆ حکومەتی خۆمان دەخوازم هیوای ئازادبوونی هەرسێ پارچەکانی تری کوردستان دەخوازم و هیوادارم و داواکاریشم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە کارئاسانیمان بۆ بکات بۆ ژیان نەماوە بەداخەوە دایکم تا مردیش بە ئاوات بوو خوشکی ببینێت یان تەنها بزانێت کەلە ژیان ماوە یان نە، بەڵام ئەو نەیدیت، هەرچۆنێک بێت ئێمە پێی شادبووینەوە و زۆر زۆر دڵخۆشین. جگە لەوە ئەمڕۆ کە زۆر دڵخۆشم ئەویش بە هەرسێکیان هەست و سۆزی 60 ساڵی دووریان بۆ خەبات دەربڕی.

سەرەتا محەمەد سەفەر عەزیز گوتی: من دانیشتوی باژێری (کرم جانکۆ)م لە ڕووسیا کە ئەوە 60 ساڵە و لەو کات منداڵێکی بچوک بووم و لەیادم نییە کە خالەتم شووی



محەمەد سەفەر عەزیز



نارخانم سەفەر عەزیز



بەشیر بالابیک

وون بوون

مەنەفێست و کتاب سیدی بەناوی کۆمپانیای قارا رەقەم مەنەفێست ٠٠٨٧٩٩٥ جۆری ئۆتۆمبێل مارسیدس مضخە کۆنکریت سیارە سکس ویل تک قارە رەنگ سپی مۆدێل: ٢٠٠٨ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ١٣٦٠ کاتی ژمارەی شاصی: WDB9301451L338028 وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی (٤) هەولێر ژمارەی پسوولە (٠٣٤٩٣٥١) بەرواری ٢٠١٩/٤/١٥ بەبری ٨١٢,٢٥٠ بەناوی عمر سلیم عزیز وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

محكمة المواد الشخصية في الشمال

اعلان

الى المدعو : سعدو ادى كجو

للطلب المقدم من قبل المستدعيه (بيزي رشو سكڤان) المتضمن نصبها قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول

القاضي / سعود حمود الذعار

***

دادگای بەرایی هەولێر/٣

ژمارە: ٢٧٦٩/ب/٢٠١٨/٢

رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٤

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (محمد نوزاد طیب)

داواکار (وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان) سەرەرای کارەکەی داوای ژمارە (٢٧٦٩/ب/٢٠١٨/٢) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان و تیایدا داوا دەکات بە گەراندنەوەی بری پارەی (١٨٠٠)$ هەزار و هەشت سەد دۆلاری ئەمریکی لە کۆی پارەی (٩٢٧٢٨)$ نەوەد و دوو هەزار و حەوت سەدو بیست و هەشت دۆلاری ئەمریکی وە لەبەر شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (پارێزگاری هەولێر/ گەرەکی ٣٠ شەهیدان/باداوە) لە ٢٠١٩/١١/٢٩ بۆیە دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنت بەئامادەبوونی خودی خۆت یاخود بریکاری یاساییت لەدابینی رۆژی ٢٠١٩/١٢/٢ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەپاشملە.

دادوەر/ سرکوت طه رسول

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هە و لێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/٨/٨

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (نریمان صابر شریف) لە بەرواری ٢٠١٩/٨/٧ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداراوە لە (پ.باشور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهیم

ئامێرەکان:

١- دوو کەتەری بڕینی ئەلەمنیۆم ژمارە/ ٠١١٨٥١٧٠٤٣٨/ دووەم/ بێ ژمارە دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٧ توانای A٢,٥

٢- تەشریح کردنی حرف T ژمارە/ ١٢٨٤١ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٠ توانای A٤,٦ دوو پرێس کون کردن.

٣- مەنتەشەی کون کردن شەنەر بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥

٤- نەرمادە و کیلۆنی ئەلمنیۆم ژمارە/ ٠٦٢٠٠١٤٠٦١٧٩٩ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A٥,٢ پرێس + مقەسی دەستی.

***

بەسەراگرتن لە هەولێر

ژمارە: ١١٩

رێکەوت: ٢٠١٩/١١/١١

ئاگاداری

لەسەر داوای هاوڵاتی (قادر مصطفی قادر برایم) سەرۆکایەتی لێژنەکەمان هەڵساوە بە ڕاستکردنەوەی ناو:- لە (مصطفی قادر ابراهیم) بۆ (مصطفی قادر برایم) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەوی ژمارە (٨٦) کەرتی ٨٣/قلاسنج علیا, کە لەسالّانی تەسویە بەهەلە تۆمار کراوە, جا هەر کەس و لایەنێك بۆ هەرلّستکاری هەیە لەسەر ڕاسترکردنەوەی ناوەکە ئاگادارمان بکاتەوە لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەبڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکە بەپێچەوانەوە لێژنەکەمان کارەکەی ئەنجام دەدات بەپێی یاسا.

کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکی لێژنە

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/١١/١١

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (اریان عیسی علی) لە بەرواری ٢٠١٩/١١/١٠ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداراوە لە (دوو سایدی کۆنی بحرکە) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

ئامێرەکان:

١- دوو کەتەری بڕینی ئەلەمنیۆم ژمارە/ ٠١١٨٥١٧٠٤٣٨/ دووەم/ بێ ژمارە دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٧ توانای A٢,٥

٢- تەشریح کردنی حرف T ژمارە/ ١٢٨٤١ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٠ توانای A٤,٦ دوو پرێس کون کردن.

٣- مەنتەشەی کون کردن شەنەر بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥

٤- نەرمادە و کیلۆنی ئەلمنیۆم ژمارە/ ٠٦٢٠٠١٤٠٦١٧٩٩ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A٥,٢ پرێس + مقەسی دەستی.

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر

ژمارە: ٢٠١٥/٢٧٦٦

رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٧

ئاگاداری

بۆ قەرزار (فیروز کریم مصطفی) شوێنی نیشتەنی نادیار لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێتان و نیشتەنی هەمیشەیی یان کاتی هەلبژێردراوتان نییە بۆ پێ ڕاگەیاندنتان لەبەر ئەوەی بەپێی مادەی ٢٧ی یاسای جێبەجێکردن بریاردرا لەرێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆ ئاگادارکرێنەوە بە لەسەر هەڵگرتنی زیندەڕۆی لەسەر مولّکی ژمارە ١٣١/٥٨٢ ك ٤٥ وارش لەبەر ئەوە پێویستە لەسەرتان ئامادەبن لەبەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە لە ماوەی (٣) سێ ڕۆژ لە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بە پێچەوانەوە ئەم بەڕێوەبەرایەتیە هەڵدەستێ بە هەلگرتنی زیندەڕۆی لەسەر مولّکی ئاماژە پێکراو بەپێی یاسا.

جێبەجێکاری داد/ ئاری فیصل دەباغ

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٥

ژمارە: ٣٧٩٤/ش٢٠١٩/٥

رێکەوت: ٢٠١٩/١١/١١

جاردان

بۆ داوالێکراو/ مروه عدنان سالم/

شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (مصعب وهاب احمد التمیمی) داوای ژمارە (٣٧٩٤/ش٢٠١٩/٥)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە, تیایدا داوای (اتعاب محاماە) دەکات لەتۆ, وەلەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (هەولێر/کۆمەڵگەی ئەتلەنتیك) بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێڕاگەیاندنت لەرێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی, بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/١٢/١٠) بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.

دادوەر/ پەژار عبدالله نصیف

***

دادگای باری کەسی هەولێر

ژمارە: ٦١/ت/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/١١/١٢

جاڕدان

ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (١٧٣٠٦/هەولێر-کرێ) جۆری (تویوتا کرولا صالون) مۆدێل (٢٠١٢) ڕەنگی (تینی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (عبدالقادر عمر حیدر) لەڕۆژی ٢٠١٩/١١/٢٧ کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ جا هەرکەسێك دەیەوێ بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاریکراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت، وە ئۆتۆمبێلەکە خەملێنراوە بەنرخی (١٤,٤٠٠,٠٠٠) دینار.

دادوەری یەکەم/دیار محمد علی

***

سەرۆکایەتی لیژنەی دووەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر

ژمارە: ٥٦

رێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٢

ئاگاداری

لەسەر داوای بریکاری هاوولّاتی (مزاحم احمد عبدالله) پارێزەر (فادیە فواد یوسف) سەرۆکایەتی لێژنەکەمان هەڵدەستێت بە ڕاستکردنەوەی ناو لە (مقصود بن یوسف جمباز) بۆ (مقصود یوسف رحمن) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەوی ژمارە (١٠٤) کەرتی ٧٢/عەلاوە, کە لەسالّانی تەسویە بەهەلە تۆمار کراوە, پێویستە لەسەر خاوەن داواکە بەڵگەنامەی فەرمی و یاساییەکان لەگەڵ شاهیدەکان و موختاری گوندەکە ئامادە بکات لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/٢٧) کارەکەمان ئەنجام دەدەین.

سەرۆکی لیژنە / کاوە جعفر محمود

***

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢

ژمارەی داوا: ٦٧٣/ت/٢٠١٩

رێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٣٠

ئاگاداری

بۆ تۆمەتباری راکردوو/ رافد

غضبان تمر غضبان

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی ٢٨١ لە یاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (ئاسایشی سلیمانی) وە لەبەر ئەوەی جیگەی دیاریکراوت نییە بریارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٢/٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر/ زیاد بشیر محمد علی

***

دادگای بەرایی هەولێر/٥

ژمارە/ ١٩٨٨/ ب١/ ٢٠١٩

رێکەوت/ ٢٠١٩/١١/١٢

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (رعد توفیق سلمان)

داواکار (راضیە احمد معروف) داوای ژمارە ١٩٨٨/ ب١/ ٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی اشعاری موختاری پارێزگای هەولێر/ گەرەکی کوردستان) بۆیە دادگا بریاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/١١/٧) کات (٩) ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..

دادوەر/ کاوە صدیق حسین

***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (Continental) بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زانیاری و کۆمپیوتەر/ سنوردار) بریاری گۆرینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (Continental) بۆ کۆمپانیای (القارة الرقمیة)، بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (ناودار) بۆ بەلێندەرایەتی بیناسازی گشتی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

فەرمانگەی کاروباری کارگێڕی و دارایی

بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی

ژمارە: ٩٥٩٦

رێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٢

ئاگاداری

ئاگاداری هاوولّاتیان دەکەینەوە کە لێژنەی فرۆشتن پێکهاتووە بەپێی فەرمانی ئەم سەرۆکایەتییە ژمارە (٧٨٣٣) لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/١٦ هەڵدەستێت بە فرۆشتنی ئەو کەل و پەلە بەکارهاتووانەی خوارەوە بەڕێگەی زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە (٣٢ی سالّی ١٩٨٦)، جا هەر کەسێك ئارەزووی کڕینی هەیە با لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ئامادەبێت لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/٢٨) کە دەکاتە (ڕۆژی پێنج شەممە) لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١- پێشکەشکردنی (٢٠٪) بارمتەی یاسایی (تامینات)

٢- دەتوانن کەل و پەلەکان لە شوێنی ئامازەپێدراو ببینن لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە.

٣- لەسەر کرار پێویستە دوای تێپەڕبوونی ماوەی (٥) ڕۆژ پاش موزایدەکردن کەل و پەلەکان لەگەڵ خۆیدا ببات.

٤- فرۆشتنی کەل و پەلەکان بەپارەی عێراقی بەشێوەی نەختینەیی (نقدی) لە کڕیار وەردەگیرێت.

٥- وەرگرتنی ڕێژەی (٢٪) لەکۆی فرۆشتنەکە، هاوکات لەگەڵ پارەی ڕۆژنامە لە ئەستۆی کڕیاردا دەبێت.

هۆشەنگ شێخ محەمەد

سەرۆکی فەرمانگەی کارگێڕی و دارایی (بەوەکالەت)

لیستی کەل و پەلی بەکارهاتوو

١- مەوادی ژوور/ ١- کورسی پلاستیك ژمارە/ ٤٠ دانە ٢- کورسی دەوار ژمارە/٣٨ دانە ٣- کورسی سابت ژمارە/٩ دانە ٤- کورسی ستیل ژمارە/٩ دانە ٥- پەردە ژمارە/ ٨ دانە ٦- قەنەفە ژمارە/ ١٥ دانە ٧- ملحقی گەورە و بچوك ژمارە/ ١٠+٥ دانە ٨- سیت سەرمێز ژمارە/ ٢ دانە ٩- جیهاز تلفۆن ژمارە/ ٨ دانە ١٠- جیهاز تالیفە ژمارە/ ٣ دانە ١١- مێز مکتب ژمارە/ ٢٠ دانە ١٢- سماوەر ژمارە/ ٦ دانە ١٣- گلۆپی عمودی ستاند ژمارە/ ٣ دانە ١٤- جامی دولاب ژمارە/ ١٠٠ دانە ١٥- دۆشەکی ئیسفەنج ژمارە/ ١٥ دانە ١٦- دۆلابی بەجام ژمارە/ ٦ دانە ١٧- سەعاتی دیوار ژمارە/ ٢ دانە ١٨- تابلۆ ژمارە/ ٩ دانە ١٩- سوریەی سەقفی ژمارە/ ٢ دانە ٢٠- علاگەی جل و بەرگ ژمارە/ ٢ دانە ٢١- قەریویلەی ئاست ژمارە/ ٤ دانە.

٢- ئەجهیزەی کارەبایی/ ١- سپلت کامل + قاعیدە ژمارە/ ٢٢+١ دانە ٢- گیزەر ژمارە/ ٧ دانە ٣- سەلاجەی گەورە و بچوك ژمارە/ ٢+١ دانە ٤- گیسکی کارەبایی ژمارە/ ٦ دانە ٥- بەڕادی ئاو ژمارە/ ٤ دانە ٦- ئیستنساخی گەورە ژمارە/ ٣ دانە ٧- تەلفزیۆن ژمارە/ ٣ دانە ٨- پانکەی سەقفی ژمارە/ ٤ دانە ٩- دکتی سبلیت ژمارە/ ٢ دانە.

٣- مەوادی کارەبا/ ١- بلاجکتۆر ژمارە/ ١١ دانە ٢- قاعیدەی گلۆپ ژمارە/ ٢٠٠ دانە ٣- ساحیبە ژمارە/ ٥ دانە ٤- پلێتی ئاسن ژمارە/ ١ دانە ٥- موشەبکی ئاسن ژمارە/ ٩ دانە ٦- بۆردی کارەبا ژمارە/ ١١ دانە ٧- کێبلی کارەبا ژمارە/ ١ تۆپ ٨- مایۆری کارەبا ژمارە/ ٢ دانە ٩- فنجانی کارەبا ژمارە/ ٤ دانە ١٠- شیلمانی ئاسن ژمارە/ ٢٠ دانە ١١- عامودی کارەبا ژمارە/ ١٥ دانە ١٢- قاندرمەی ئاسن ژمارە/ ١ دانە ١٣- پارچە ئاسن ژمارە/ کۆمەڵ ١٤- وایەرو چەنلی وایەر ژمارە/ کۆمەڵ ١٥- دولابی ئاسن ژمارە/ ٢ دانە ١٦- عارەبانەی ئاسن ژمارە/ ١ دانە.

٤- موادی سیارە/ ١- ویلی سیارە ژمارە/ ٣٥ دانە ٢- تایە ژمارە/ ٦٠٠ دانە ٣- کەلوپەلی سکراب ژمارە/ کۆمەڵ ٤- دەعامی سیارە ژمارە/ ٤ دانە ٥- رادیتەر ژمارە/ ٧ دانە ٦- پاتری سیارە ژمارە/ ٤٠٠ دانە ٧- مەکینەی سیارە ژمارە/ ٤ دانە.

٥- موادی کۆمپیوتەر/ ١- کێس کۆمپیوتەر ژمارە/ ١٩ دانە ٢- تابعەی کومپیوتەر ژمارە/ ٢١ دانە ٣- شاشەی کۆمپیوتەر ژمارە/ ١١ دانە ٤- UPS گەورە و بچوك ژمارە/ ٢+١٤ دانە ٥- جیهاز انترنیت ژمارە/ ٣٠ دانە ٦- راوتەر ژمارە/ ٨ دانە ٧- پاتری UPS ژمارە/ ٤ دانە ٨- وایەری جۆراوجۆ ژمارە/ کۆمەڵ ٩- کامیرای چاودێری گەورە ژمارە/ ١ دانە ١٠- سکانەر ژمارە/ ١ دانە ١١- کیبۆرد ژمارە/ ٧ دانە ١٢- پاتری مۆتۆریلا ژمارە/ ٨ دانە ١٣- لاپ تۆپ بەکارهاتوو ژمارە/ ١٥ دانە ١٤- جیهازی سحن ژمارە/ ١ دانە.

٦- موادی مەتبەخ/ ١- فرنی گەورە و بچوك ژمارە/ ٣+١ دانە ٢- کاوەنتەری بەمغسل ژمارە/ ٣ دانە ٣- کاوەنتەری چوار دەرگا ژمارە/ ٥ دانە ٤- تەباغ شەش چاوە ستیل ژمارە/ ١ دانە ٥- سینگی دوو حەوز ژمارە/ ٢ دانە ٦- مورەشەحی تەباخ ژمارە/ ١ دانە ٧- دەرگای ئاسن ژمارە/ ٥ دانە ٨- بەردی مغسل ژمارە/ ١ دانە

پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ٣١١
رێکەوت: ١٢ / ١١ / ٢٠١٩
ئاگاداری
کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (١١٦)
پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەیەنێت بۆ پرۆژەی (دابین کردنی سێ ژەم بۆ سزادارانی و کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران) کە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی هەولێر) پێی هەڵدەستێت.
جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەک ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەک لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێک وەرگرتنی ئەو تەندەرانەی دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ رۆژی (پێنج شەممە) رێکەوتی ٢٨ / ١١ / ٢٠١٩ دەبێت.
وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت, وە کرێی بڵاوکردنەوەی راگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:
- کۆمپانیا مۆلەتی تایبەتی هەبێت بەدابینکردنی خواردن و نوێ کراوە بێت
- پشتگیری باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.
- بارمتەی سەرەتایی بەبری ٨٠,٠٠٠,٠٠٠ هەشتا ملیۆن دینار بەشێوەی (خطاب ضمان) یان چەکی پەسندکراو لە یەکێک لە بانکەکانی هەرێم.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا یان نوسینگە نوێ کراوەبێت و لەگەڵ خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی رێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە.
تێبینی: هەرکۆمپانیایەک بۆ ماوەی دوو ساڵ لەدوای یەک کاری لە چاکسازی گەوران کردبێت تەندەری پێ نادرێت.
د. فەرسەت سۆفی عەلی
پارێزگاری هەولێر
***
رێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا
ل پارێزگەها دهوکێ
بەشێ مولك و زەڤی و زار
ژمارە: ٣٥/٣٠٠/١/١
رێکەفت: ٢٠١٩/١١/١٢
ئاگەهداری
لدویڤ یاسا فرۆتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا سالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێژنا فرۆتن و کرێکرنا دوویێ رادگەهینیت کو سەرئیك زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کرێدانا (گەراجێ ڤەگوهاستنێ) با پارچە زەڤییا ژمارە (١/١٣) کەرتێ (٤٣) ئێستڤنێ روژئاڤا ب رووبەرێ (٣٨٢٥)م٢ بو ماوێ (٢) سالا هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئیك زێدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا شێخان بکەت د ماوێ ٣٠ سیە روژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د روژنامێ دا و ئەڤ سەرئیك زێدەکرنە دێ هێتە کرن لسەروکاتیا باژێرڤانی یا شێخان دەم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.
ئەندازیار/ دیار بحری رسول
رێڤەبەرێ گشتی
***
دادگای بەرایی هەولێر
ژمارە: ٣٢١١/ب/٢٠١٧/٦
رێکەوت: ١٠/١١/٢٠١٩
داواکار: بدرالدین اسعد
جانگیر و هاوبەشەکانی
داواليکراو: خسرو اسعد
جانگیر و هاوبەشەکانی
شوێنی مولك: هەولێر – گەرەکی اسکان سەر شەقامی ٦٠م – تەنیشت کەبابخانەی فاروق/ بالەخانەی بازرگانی رووکن
ژمارەی مولك: (٢٢٧٤/٣٥٩) ك ٤٥ وارش
پێکهاتووەکان: رووبەرەکەی پێکهاتووە لە (٦١٠,٩م٢) شوێنەکە رووکنە بە رووبەری زەویەکە ژێرزەمینێکی هەیە کە تەنیا دینگەکانی راگرتنی بیناکەی تێدایە دەتوانرێت وەکو کۆگا بەکاربهێنرێت وە پێکهاتەکەی بریتی بوو لە باڵەخانە کە پێکهاتووە لە کافتریاو بەشێکی پێکدێت لە شوێنی گۆڕینەوەی دراو بەناوی (مای مەنی) وە بەشی سەرەوەی پێکهاتووە لە (٨) ژوور (٢) هۆڵ و کۆگا بەکاردێت لەلایەن رێکخراوی (الثقة) بۆ دابینکردنی قەرز بۆ پرۆژەی بچوك وە تەواوی بیناکە لە بلۆك دروستکراوە وە بازرگانیە.
رووبەر: ٦١٠,٩م٢ رووکن
نیشتەجێ:
١- شوێنی کافی ئیلازا – مریوان جرجیس صابر- بەکرێی مانگانە ($٢٥٠٠) دۆلار لەکاتی فرۆشتن دەرناچێ.
٢- شوێنی رێکخراوی الثقة لتمویل المشارع الصغیرة – عباس عبدالرزاق – بەکرێی مانگانە ($١٢٠٠) هەزار و دوو سەد دۆلاری ئەمریکی – لەکاتی فرۆشتن دەرناچێ.
٣- شوێنی کۆمپانیای (مای مەنی بۆ گۆرینەوەی دراو) بەکرێی مانگانە ($١٠٠٠) هەزار دۆلاری ئەمریکی- لەکاتی فرۆشتن دەرناچێ.
نرخی خەملاندن: ٢١٩٩٢٤٠٠٠٠ دینار
نرخی زەویەکە ١١٥٠٠٠٠٠٠ دینار نرخی پێکهاتەکان ٢٣١٤٢٤٠٠٠٠/ دوو ملیار و سێ سەدو چواردە ملیۆن و دوو سەدوو چل هەزار دینار
لەسەر بریاری ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ٣٢١١/ب/٢٠١٧/٦ (ازالە شیوع) نەهێشتنی هاوبەشی بریاردرا بەفرۆشتنی ئاشکرای مولکی سەرەوە بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژ لە دوای بڵاوبوونەوە لە رۆژنامەی رۆژانەو, جا هەرکەسێ نیازی کرینی هەیە هاوبەش بێ یان هاوبەش نەبێ سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابینی یاسایی رێژەی ١٠٪ لە نرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا, کاتژمێر (١٢)ی نیوەرۆ دەست پێ دەکات, هەرزیاد بوونێك دوای (٥) پێنج دەقیقە کۆتایی دێت.
دادوەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی
***
دادگای باری کەسێتی سلێمانی/١
ژمارە: ٨٤٥٤
بەروار: ٢٠١٩/١١/٧
ئاگادارکردنەوە
بۆ هاوڵاتی (شیرزاد فتاح سعید) ناماەبێت لەم دادگایە لە ماوەی (٧) رۆژ بە مەبەستی سەر پەرشتیاری منالّەکەت بەناوی دارین شیرزاد فتاح وە ئەگەر ناماەنەبێت ئەوا دایکی منالّەکە بە ناوی (قمریە کریم شریف) دەکەینە سەر پەرشتیاری منداڵەکە. ناوبراو شوێنی نادیارە لێرە نازی
دادوەری یەکەم/ د. سردار علی عزیز
***
دادگەها کاروباری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٧٥/م/٢٠١٩
رێکەفت/١١/١١/٢٠١٩
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو (صلاح بیبو حجی) جهێ ئاکنجی بوونی نەدیارە بریار هاتە دان ژلایێ ڤێ دادگەهێ دکێشا ژمارا وی ل سەری دیارکری ب ژێك جوودابوون(التفریق) ژ تە ئەوا رویدای ناڤبەرا تەو وداواکار (سولاف خدر جعفر) وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە تلکبر رووبەر/ ١٣٨,١٤م٢.
٥- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ١٣/١٣٢٣/٢ تلکبر رووبەر/ ١٣٩,٠٦م٢.
ئەندازیار/ بشار منیب محمود
سەرۆکی باژێرڤانیا زاخو
***
سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو
ژمێریاری/ بوودجە
ژمارە: ٦٢٦٧
رێکەفت: ٢٠١٩/١١/١١
ئاگەهداری
ل دویڤ ئاگەهداریا مە ژمارە (٢٢١٢) ل ٢٠١٩/٥/١٩ ئەڤا هاتی بە بەلاڤکرن ل روژنامیا (خەبات) دا ب هژمارە (٥٧٥٣) ل ٢٠١٩/٥/٢٠یێ لپەی بەندێن مادا نەهێ برگە ٣ ژ یاسا کرین و فروتنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یێ سالا ١٩٨٦یێ وپشتی کومبینا لیژنا تایبەت یا سەرئیك زێدەکرنێ ل رێکەفتی ٢٠١٩/٧/٢یێ و ژبەر کو کەسەکێ بەشداری دڤێ سەرئیك زێدەکرنێ دا نەکر لەورا بوجارا (٢) دوێ سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو رادگەهێنێت ژ بۆ هەبوونا سەر ئیك زیاد کردنەکا ئاشکرا ژ بۆ کرێکرنا کافیتریا دناڤ پارکا زاخو لدەڤەرا پیشەسازیا کەڤن ب رووبەریێ ٥٦٥م٢ بۆ ماوێ ٣ سالا ئەڤجا دەستپێکی تامینات أولیە ب بریێ ٢٠٪ ژ بەرامبەریا پێشکێش کری البدل المقدر د ماوێ ١٥ روژا دا ژ بەروارا بەلاڤکرنا ئاگەهداریێ د روژنامیا فەرمی دا و سەرئیك زێدەکرن دێ ل دیوانا سەروکایەتیا باژێرڤانیا زاخو هێتە کرن پشتی بداوی هاتنا ماوێ بەلاڤکرنێ ب روژەکێ و هەرکەسێ سەر ئیك زێدەکرن بگەهتێ دێ کرێین بەلاڤکرنی و ئاگەهداری و گشت خەرجیا سەرەدەرکت.
ئەندازیار/ بشار منیب محمود
سەرۆکێ باژێرڤانیا زاخو
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە/١٣/ك/٢٠١٩
رێکەوت:٢٠١٩/١٠/٢٩
ئاگادارکردنەوە (سزا)
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو: ریباز عباس نادر
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ١٣/ك/٢٠١٩ لەرێکەوتی ٢٠١٩/٣/٢٧ لەسەرت بە بژاردنی بە (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار دینار بەشێوەی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە دادگا بریاریدا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخوی پێت رابگەینرێت بەپێی ماددە ٢٣٨ لەیاسای سزادان مافی تانوو لێدانت هەیە لە بریارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاسایدا ٣ مانگ لەرۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبروەدەگرێت.
دادوەری یەکەم / تەرزە سالار عثمان
***
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ٢٦١/ج/٢٠١٩
رێکەوت: ١٠/١١/٢٠١٩
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ سوران عبدالرحمن سایل
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددەی ٣١/٤٠٥ لەیاسای سزا و سەلماندنی هەلاتنت وە نادیاری جێگاکەت لە کاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا پاڵپشت بەماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێراگەیاندنت لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ ناماەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر لەرۆژی ٢٠٢٠/١/٢٨ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە/١١٤/ك/٢٠١٩
رێکەوت:٢٠١٩/١٠/٢٩
ئاگادارکردنەوە (سزا)
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو: مامون احمد شاکر
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ١٤/ك/٢٠١٨ لەرێکەوتی ٢٠١٩/٣/٧ لەسەرت بە بەندکردن بۆ ماوە (٢) دوو مانگ بەشێوەی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە دادگا بریاریدا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخوی پێت رابگەینرێت بەپێی ماددە ٤٥٩ لەیاسای سزادان مافی تانوو لێدانت هەیە لە بریارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاسایدا ٣ مانگ لەرۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبروەدەگرێت.
دادوەری یەکەم / تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە/١١٤/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/١١
ئاگەهداری
ل دویڤ ئاگەهداریا مە ژمارە (٢٢١٢) ل ٢٠١٩/٥/١٩ ئەڤا هاتی بە بەلاڤکرن ل روژنامیا (خەبات) دا ب هژمارە (٥٧٥٣) ل ٢٠١٩/٥/٢٠یێ لپەی بەندێن مادا نەهێ برگە ٣ ژ یاسا کرین و فروتنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ سالا ١٩٨٦ سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو ادگەهینت ژبو هەبونا سەرئیك زێدەکرنەکا ئاشکرا ژبو فروتنا (٥) پارچێن ئەردی دکەڤە دناڤ تاخێن باژێری وەکو ل خواربێ دیار کری ئەڤجا هەر کەسێ بڤێت بەشداریێ د سەرئیك زێدەکرنا ئاشکرا دا بکەت پێتڤی داخوازیەکێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو بکت ل گەل دابینکرنێن دەستپێکی (تأمینات اولیە) ب بریێ ٢٠٪ ژ بەرامبەریا پێشکێش کری (البدل المقدر) د ماوێ (٣٠) سی روژا دا هەر ژ بەروارا بەلاڤکرنا ئاگەهداریێ د روژنامیا فەرمی دا و سەرئیك زێدەکرن دێ ل دیوانا سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو هێتەکرن پشتی بداوی هاتنا ماوێ بەلاڤکرنێ ب روژەکێ و هەرکەسێ سەرئیك زێدەکرن بگەهتێ دێ کرێین بەلاڤکرنێ و ئاگەهداریێ و گشت خەرجیا سەرەدەرکت.
١- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ١٦/١٤٣٤/٣ خرابابك رووبەر/ ٢٢٨,١م٢.
٢- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ١٦/٣٢١/٢ خرابابك رووبەر/ ٣٦٨,٢٤م٢.
٣- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ١٣/٢٩٦٣/٢ تلکبر رووبەر/ ٢١٠,١٩م٢.
٤- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ١٣/٤١٣٦/٢ بە ژمارە ١١٤/ك/٢٠١٩ لەرێکەوتی ٢٠١٩/١/٢١ لەسەرت بە بەندکردن بۆ ماوە (١) یەك سال و (٦ شەش مانگ) بەشێوەی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە دادگا بریاریدا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخوی پێت رابگەینرێت بەپێی ماددە ٤٥٩ لەیاسای سزادان مافی تانوو لێدانت هەیە لە بریارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاسایدا ٣ مانگ لەرۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبروەدەگرێت.
دادوەری یەکەم / تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە/١٤/ك/٢٠١٨
رێکەوت:٢٠١٩/١١/١٠
ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو: مامون احمد شاکر
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ١٤/ك/٢٠١٨ لەرێکەوتی ٢٠١٩/٣/٧ لەسەرت بە بەندکردن بۆ ماوە (٢) دوو مانگ بەشێوەی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە دادگا بریاریدا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخوی پێت رابگەینرێت بەپێی ماددە ٤٥٩ لەیاسای سزادان مافی تانوو لێدانت هەیە لە بریارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاسایدا ٣ مانگ لەرۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبروەدەگرێت.
دادوەری یەکەم / تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە/١٥٦/ك/٢٠١٨
رێکەوت:٢٠١٩/١٠/٢٩
ئاگادارکردنەوە (سزا)
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو: هشیار محو حسن
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ١٥٦/ك/٢٠١٨ لەرێکەوتی ٢٠١٩/٤/٢١ لەسەرت بە بەندکردن بۆ ماوە (٦) شەش مانگ) بەشێوەی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە دادگا بریاریدا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخوی پێت رابگەینرێت بەپێی ماددە ٤٣٢ لەیاسای سزادان مافی تانوو لێدانت هەیە لە بریارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاسایدا ٣ مانگ لەرۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبروەدەگرێت.
دادوەری یەکەم / تەرزە سالار عثمان
***
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ١٦١/ج/٢٠١٩
رێکەوت: ١١/١١/٢٠١٩
بۆ تۆمەتبارانی هەلاتوو/ رشید سلیم صقر و توانا صدیق قادر و وهاب رحمان حمد
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی ئێوە تۆمەتبارن بەپێی ماددەی ٢٨٩ - ٢٩٨ لەیاسای سزا و سەلماندنی هەلاتنتان وە نادیاری جێگاکەتان لە کاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا پاڵپشت بەماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێراگەیاندنت لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ ناماەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر لەرۆژی ٢٠٢٠/١/٢٩ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
***
دادگای کەتنی دەشتی هەولێر
ژمارە: ٢٨٠/ك/ ٢٠١٩
رێکەوت: ٤/١١/٢٠١٩
بۆ/ تۆمەتباری هەلاتوو/ خالد عولا احمد
ئاگادارکردنەوە
لەئەنجامی دادگایی کردن لە داوای ژمارە ٢٨٠/ك/ ٢٠١٩ لە رێکەوتی ٤/١١/٢٠١٩ لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی ٤٥٧ لەیاسای سزاکان دادگاکەمان بریاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ناماەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەبەروواری ٢٠١٩/١٢/١٨ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەر/ ناطق شمس الدین کوخا حسین
***
ژمارە/٣٢/ك/٢٠١٨
رێکەوت:٢٠١٩/١١/١٠
ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو: ریبوار نامق عثمان
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ٣٢/ك/٢٠١٨ لەرێکەوتی ٢٠١٩/٢/١٩ لەسەرت بە بەندکردن بۆ ماوە (٦) شەش مانگ بەشێوەی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە دادگا بریاریدا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخوی پێت رابگەینرێت بەپێی ماددە ٤٥٩ لەیاسای سزادان مافی تانوو لێدانت هەیە لە بریارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاسایدا ٣ مانگ لەرۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبروەدەگرێت.
دادوەری یەکەم / تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە

ئاگەهداری
ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (مصلح صالح احمد) بۆ (بازرگانی گشتی - هێنان وبردن / تاك) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەومە هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان
پاکتاوکەر / بیار عبدالباقی محمد
ناڤ ونیشان / زاخو - مجمع التجاری
ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٨٤٢١٧٦

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٢٠١٤٨
رێکەوت: ١١/١١/٢٠١٩
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ناودار) بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی گشتی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (ناودار) بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی گشتی/سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/١١/٦) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (سرهنگ ظاهر عثمان) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواركراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١١/١١
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٨٣٠٤
رێکەوت: ١٢/١١/٢٠١٩
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Sky Way) بۆ (گەشت و گوزار/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەمواركراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواركراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیان دهوك
بەشێ کۆمپانییێن نیشتمیانی
ژمارە: ٥١٥٢
بەروار: ١٢/١١/٢٠١٩
بریارا پاکتاوکردنی کۆمپانیا (سنوردار)
پاڵپشت بە ناڤەرۆکا بریارا دەستەیا گشتی یا کومپانیا (هەڵال) بۆ (بازرگانی گشتی – هێنان و بردن/ سنوردار) ل رێکەفتی (١٠/١١/٢٠١٩)یێ تایبەت ب دانانا کومپانیێ ل ژێر پاکتاوکرنێ دا و دانانا بەریز (هکار حجی محمد) وەکو پاکتاوکەریێ کومپانیا ناڤبری. ئەز وەکو رێڤەبەریێ کومپانییێن دهوکێ بریارا سەری پەسەندکەم ب مەرجەکی بهێتە بەلاڤ کرن لدیڤ ئەحکامێن ماددەیا (١٦٠)یێ ژ یاسایا تومارکرنا یا ژمارە (٢١)یێ سالا (١٩٩٧)یێ یا هەمواركری. و ئەڤ بریارە هاتیە نڤێسین ل رێکەفتی ٢٠١٩/١١/١٢
مافپەروەر/ شێروان حیتو عبدالرحمن
رێڤەبەریێ کۆمپانیان/ دهوك

ڕووسیا ..
گەڕان بە دوای هاوسەنگییەکاندا



د. خۆشەوی مەلا ئیبراهیم

گرینگترین کێشەی سەردەمی ڕووسیا: تەنگژەی ئابووری، تێکچوونی پێوەندییەکانی لە ئاستی نێودەوڵەتی، کێشەی شەڕی ئۆکراینا، تیرۆریزم، کێشەکانی ناوخۆی و هەرێمایەتی و چۆنییەتی ڕووبەڕووبوونەوەیان و نادیاری داهاتووی سیاسی ڕووسیان. لە ڕووی سیاسییەوە - ڕووسیا هەوڵی دروستکردنی هاوسەنگی پێوەندییەکانی لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات و ووڵاتانی ئاسیایی و ڕێککخراوی بریکس و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات. لە کاتی تەنگژەکاندا تاکتییکەکان بەسەر ستراتیجییەتدا زاڵ دەبن.



بەشی سێیەم وکۆتایی

لە نێوان بەشێک لە تووندڕۆوانی هەڵگری بیروڕای نەتەوەپەرەستی ڕووسەکانیشدا بۆچوون و کردەوەی دژی بیانی -xeno phobiaئەنجام دەدرێن، بارودۆخی ئێستەی ڕووسیا لەو ڕووەوە لە ساڵانی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان دەچێت، بۆ بڵاوبوونەوەی ئەو شێوە بیروبڕوایانە زۆر گونجاوە. لایەنگرانی ئەو بۆچوونانە دەیانەوێت دووبەرەکی بخەنە ناو نەتەوەکانی ڕووسیای فیدراڵ و هۆکاری جۆراوجۆری ناسیونالیستی نەتەوەیی دژ بەیەکدیی بەکار بهێنن، بەو شێوەیە ناسەقامگیری لە بەردەم دەسەڵاتی فەرمی ڕووسیادا چێ بکەن.

٤- تووندڕۆوانی ئیسلامی، کە ڕووداکەنە کردەوەی تیرۆریزمی گەورەترین مەترسی سەر ڕووسیان لە باکووری قەفقاز لەنێو گەنج و هۆزە جۆراوجۆرەکان دا زۆر بەهێزن، زۆرینەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە گەنجن لەو هەرێمەدا ڕۆڵی خزمایەتی لەسەر دەسەڵاتیش بەرچاوە، توانای کاری پێویست نییە و دەرفەتی چاکسازی گەنجانیش فەراهەم نییە، بەڵایانەوە ڕۆڵی ئازایەتی گرینگە، هەروەها وەبیرهێنانەوە و زیندووکردنەوەی تێهەڵچوونەکانی رابردوو دژی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا لە ڕووی مێژوویییەوە و بیروڕای سەلەفی و وەهابییەتیش لە ڕاکێشانیان بۆ ناو ڕیزی تووندڕۆکان گرینگن. بزوتنەوەی (ئیماراتی قەفقاز) هێزێکە، کە بانگەوازی جیهاد بە دژی ڕووسیا دەکات و بانگەوازی وڵاتێکی ئیسلامی لە باکووری قەفقازدا دەکات. دژایەتیکردنی ڕووسیا بە دوو ڕێکارەوە ئەنجام دەدرێت یەکەمیان بە ڕێگەی کردەوەی تیرۆرزی، دووەمیش پروپاگەندەی نهێنی. پروپاگەندەی ئیسلامی سیاسی بە بەردەوامی بە ڕێگەی ئینتەرنێت و مزگەوتەکانەوە لە شارە هەرەگەورەکانی ڕووسیای وەکو موسکۆ، سانک پیتربورگ و شارەکانی دیکەی هاوشێوە بەڕێوە دەچێت. بە ڕێگەی هاتنی کۆچبەرانی موسڵمانی ئاسیایی ناوەڕاست و قەفقازی باشوور بزوتنەوەی تووندڕۆی ئیسلامی بەهێزکەوتووە، سەرەڕای ئەوەی، کە ژمارەی مزگەوتەکان زۆر کەمە، بەڵام هێزی خۆیان لەو ناوەندانە بەتایبەتی لە بۆنەکان دا بە ئاشکرا پێشان دەدەن. بەشی زۆری مەلاکانی میانڕۆ نەزانن، بەڵام لە هەمبەردا مەلاکانی تووندڕۆ چالاکتر و کاراترن. لە بەهێزکەوتنی داعش پشتیوانی بۆ هێزەکانی تووندڕۆی ئیسلامیش پەیدا بووە، هەروەها بزوتنەوەی مەترسیداری ئاسیای ناوەڕاست وەکو (بزوتنەوەی ئیسلامی تورکستان) و (بزوتنەوەی ئیسلامی ئۆزبەکستان) و (کۆمەڵی ئەنسارولا) و ئێستەش بزوتنەوەیەکی دیکە بەناوی (خوراسان) چێ بووە. زۆرینەی ئەو گرووپانە لەژێر دەسەڵاتی تاڵیبانەکان بۆ ژێر دەسەڵاتی داعش دەگوازرێنەوە، سەرۆکی بزوتنەوەی ئیسلامی ئۆزبەکستان بە ڕەسمی وەفاداری خۆی بۆ سەرۆکی داعش ئەبوبەکر بەغدادی دەربڕیووە. بەپێی ئامارەکان لە دۆڵی فێرگان، کەدەکەوێتە نێوان سێ وڵاتی ئۆزبەکستان و تاجیکستان و قرقیزستان نێزیکەی 20هەزار چەکداری تێدا هەیە. سەرۆکی FSB هەواڵگری ڕووسیا لە ئەمریکا وتی، کە 1700 کەسی ڕووسیایی لەناو ڕیزەکانی داعشدان، هەرچەندە هەندێ سەرچاوە باسی دوو بەرابەر یاخۆ سێ بەرابەریش دەکەن. لە ناوەخۆی ڕووسیاشدا حکومەت ڕووبەڕووی چەندان کێشەی دیکەی وەکو کوشتنی کەسایەتیی ئۆپۆزیسیۆنی ڕووسیایی نێمسۆڤ لە موسکۆ بووەتەوە، کە بەو تۆمەتەیەوە تاوانبارێکی تووندڕۆی ئیسلامی چیچانی دەستگیر کراوە، لە هەمان کاتیشدا زاوای پێشووی سەرۆک کۆماری کازاخستان نازاربایف لە ڤیەنا لەناو زیندانیدا خۆی کوشت و ئۆپۆزیسیۆنی تاجیکی و ئۆزبەکی بەتایبەتی ئیسلامی سیاسی لە دژی حکومەتەکانیان وەستاونەتەوە، لە ئاسیای ناوەڕاست و قەفقازیش باروودۆخ باش نییە و خەڵک داوای گۆڕانکاری دەکەن. باروودۆخی ئابووری خراپە و دەسەڵاتدارانیش باسی مەترسی داعش دەکەن، کە بەو بیانوانەوە تەمەنی دەسەڵاتی خۆیان درێژ دەکەنەوە. ئۆکراینا و ڕووسیاش لە ڕووی سوپاییەوە خۆیان بەهێز دەکەن، هەرچەندە هەردوو لایەن بە قسە نەرمتر بوونە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش یەکدیی بە پێشێلکردنی ڕێککەوتننامەی مینسک تاوانبار دەکەن و شەڕە تەقەش لە ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینا هەر بەردەوامە.

نەوت وەکو ئاوێنەی ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان

دەیان ساڵە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشی سەرەکیی دەرامەتی ئابووری ڕووسیا، تەنانەت یەکێتیی سۆڤیەتی جارانیش بە نرخی وزە بەستراوەتەوە، هەر جۆرە گۆڕانکارییەک کاریگەری لەسەر تێکڕای گەشە، کۆی بەرهەمی ناوەخۆیی، نرخی ڕۆبڵ، قەبارەی سەرمایە و... هەتد دەبێت. سەرۆکی ئینستیتوتی وزە و دارایی fief.ruئۆلادیمیر فیگین (کە ئینستیتوتێکی سەربەخۆیە) دەڵێت: کە پشکی نەوت و گاز لە ڕووی دابینکردنی کۆی بەرهەمی ناوەخۆیی بریتییە لە 30%و 50%بودجە و دوو لەسەر سێی هەنارەدەی ڕووسیاش پێکدەهێنێت. بەشێک لە پسپۆرانی لایەنگری حکومەت ئەو خەملاندنە بە هەڵە دەزانن و دەڵێن زیادەڕۆیی بە بەستنەوەی ئابووری بەسەر وزەدا دەکرێت. بەپێی نووسینەکانی http://energypolicy.columbia.edu بەناویAmerican Gas to the Rescueکە وەکو سەرچاوە ئامارەکانی بانکی ناوەندی ڕووسیا و Gold-man Sachsی بەکار هێناوە دەڵێت، کە ڕووسیا بەبڕی 356ملیارد $ نەوتی خاو و گاز و بەرهەمەکانی نەوتی لە ساڵی 2013 فرۆشتووە. لە هەمان ساڵدا کۆی بەرهەمی ناوەخۆی ڕووسیا بە بڕی 2,095 تریلیۆن دۆلار بووە، بەشی هەنارەدەی ڕووسیا بە بڕی 523ملیارد دۆلار بووە. لە ساڵی 2013دا بە بڕی 174ملیارد دۆلار(کە دەکاتە 8,3%کۆی بەرهەمی ناوەخۆیی و 33.3%کۆی هەناردەی ئەو وڵاتەیە) نەوتی خاو هەنارەدە کراوە، بە شێوەیەکی گشتیی ڕووسیا لە ساڵی 2013نەوتی خاو و بەرهەمی نەوتی بایی 283 ملیارد $ کە 13,3 %کۆی بەرهەمی ناوەخۆی و 51% دەرامەتی هەنارەدەکردن پێکدەهێنێت. دەرامەتی ڕووسیا لە هەنارەدەی گاز لە ساڵی 2013بڕیتی بووە لە 73ملیارد $، کە 3,5% کۆی بەرهەمی ناوەخۆی و 13,9%کۆی هەنارە پێکدەهێنێت بەو شێوەیە پشکی نەوت، بەرهەمی نەوتی و گاز لە کۆی بەرهەمی ناوەخۆی بریتییە لە 16,9%?کە بڕی 68,1% کۆی هەنارەدەکانی ڕووسیاش پێکدەهێنێت. لەو ئامارانەدا دیارە، کە وزە چ کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر ژیانی ئابووریدا هەیە، هەر لێرەدا دەتوانین، کە باسی ئامارێکی هاوشێوەی سەرنجڕاکێش سەبارەت بە عێراق بکەین، کە تەنیا هەنارەدەی نەوتی خاو و نێزیکەی نیوەی کۆی بەرهەمی ناوەخۆیی 47%و 97%ی هەنارەدەش پێک دەهێنێت، دیارە کە نەتەنیا هەنارەدە، بگرە بەرهەمی ناوەخۆیش بەو هۆکارەوە بەستراوەتەوە. دابەزینی لە ناکاوی ساڵی 2014بۆ زۆر وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوت وەکو شۆکێک بوو، بەرئەنجامی زۆر چاوەڕوانەکراوی لێکەوتووەتەوە. لەو شیکارییەدا هەوڵ دەدەین، کە هۆکارەکانی دابەزینی نرخی نەوت بهێنینە:

بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵگری وزەی ئەمریکا، قەبارەی نەوتی جیهانی لە ساڵی 2014دا لە ئاستێکی هەرە بەرزدا بووە. ناوەڕاستی بەرهەمهێنانی نەوت بە بەراورد لەگەڵ ساڵی 2013 دا لە ئەمریکا بە ڕۆژانە بە ڕێژەی 1.590.000 بەرمیل زیادی کردووە، لە عێراقیش بە ڕێژەی 330 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا. هەر پێنج وڵاتی عێراق، ئەمریکا، ئێران، کەنادا و بەرازیل ئاستی بەرهەمهێنیانیان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادبوونەوەی بەخۆوە بینیووە، ئێران ڕۆژانە 180 هەزار بەرمیلی زیاد کردووە، کە ئەو قەبارە زیادەیە لە بازاڕەکانی جیهاندا دەبیندرا و کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بڕی خواستندا هەبووە. نەوتی ئێران تا ڕادەیەکی باش کوالیتی بەرزە و شێوەی سووک و قورسیان هەیە، بەرپرسانی ئێران دەڵێن ئەگەر نرخی نەوت بۆ 25دۆلاریش دابەزین بەخۆوە بەبینێت لە ڕووی بەهایی تێچوونی هەر سوودمەندی خۆی هەیە، بەشێک لە نەوتی ئێران هەنارەدەی ڕووسیا دەکرێت بۆ ئەوەی، کە ئێران بەهۆکاری کەمکردنەوەی نرخی نەوت تاوانبار نەکرێت و دۆستایەتی خۆی بپارێزرێت.

کاریگەری تەنگژەی ڕووسیا بەسەر هاوسێکانیدا

بەپێی مەزەندەی Bloom-berg Newsهەنارەدەی وڵاتانی باڵێتیک بۆ ڕووسیا دەتوانێت، کە بە شێوەیەکی بەرچاو کەمبوونەوە بەخۆوە ببینێت، لەوانەیە، کە هەنارەدەی هەر سێ وڵاتی ئیستۆنیا، لاتڤیا و لیتڤیا لە ساڵی 2015بە ئەندازەی 25% -18کەم بێتەوە و ئابووری هەر سێ ئەو وڵاتە بڕی 780ملیۆن دۆلاریان لە دەست بچێت. ئەگەر ئەو پێشبینییانە ڕاست و دروست دەربچن، گەشەی ئابووری ئەو وڵاتانەش ڕووبەڕووی دابەزین دەبێتەوە، ئاستی هەرە بەرز پتر لە 1,5%نابێت، بڕیە لە ساڵی 2015گەشەی ئەو وڵاتانە بە ڕێژەی 1,3-1,7 %بەبەراورد بە ساڵی ڕابردووداکەمتر دەبێت، ئەگەر ئەو ڕێژە کەمبوونەوەیە بە پارە ئەژمار بکەین دەکاتە 1,58ملیارد دۆلار. هەروەک دیارە، کە لە مانگی 2014 -6دا یەکێتیی ئەوروپا و وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئابلۆقەی ئابووریان داناوەتە سەر ڕووسیا، ڕووسیاش هاوردەکردنی کاڵاکانی خۆراکی لەو وڵاتانەوە سنووردار کردووە.، بەڵام هەر بەپێی بۆچوونی پسپۆڕانی ئەو سەرچاوەیە هۆکاری سەرەکیی کەمبوونەوەی هاوردە بۆ دابەزینی نرخی ڕۆبڵ و تەنگژەی ئابووریش دەگەڕێنەوە. پشکی باڵانسی ڕووسیا لە دابینکردنی ئاڵوگۆڕییەکانی بازرگانی دەرەوەی لاتڤیا بریتییە لە 6,3%لە کۆی قەبارەی هەناردە و ئستۆنیا لە 5,5% لیتڤیا لە . 4,4% لەگەڵ دابەزینی نرخی ڕۆبڵ دراوەکانی دیکەی وەکو گریڤنی (ئۆکرایینی) لێیا (مۆڵداڤی)، لاری(جۆرجیایی)، مانات(ئازەربایجانی)، تێنگێ (کازاخی) و ڕۆبڵی بیلاڕووسیایی کەمبوونەوەی بەرچاویان بەخۆوە بینیووە، لە هەمویان زیاتر گریڤنی ئۆکراینی و تێنگی کازاخی بەها داشکانیان بەسەردا هاتووە. بە هۆی شەڕی ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینا دەرامەتی سەرەکیی ئۆکراینا کەوتووەتە بەر هەڕەشە، چونکە زۆر لە ناوەندە پیشەسازییەکانی وەکو بەرهەمهێنانی ئاسن لە هەرێمەکانی شەڕدا پەکیان کەوتوون، لە بەرئەنجامدا دەرامەتی دراوی پتەوی زۆر کەمبووتەوە، هەروەها بانکی ناوەندی ئۆکراینیش نەیتوانی، کە بە باشی ڕووبەڕووی کێشەی بەها داشکانی نرخی دراوەکەیان ببێتەوە و هەوڵیدا، کە بارودۆخەکە کونترۆڵ بکات، ئەو کردەوەیەش کاردانەوەی پێچەوانەی لێکەوتەوە ،لە بەرئەنجامدا بازاڕی ڕەشی گۆڕینەوەی پارە هاتە دی. بە بەراورد لەگەڵ ئۆکراینا وڵاتانی وەکو مۆڵداڤیا، جۆرجیا و ئازەربایجان تا ئەو ئەندازەیە ڕووبەڕووی تەنگژەی ئابووری نەبوونەوە. مۆڵداڤیا وڵاتێکی بچووکە، کە دەکەوێتە نێوان ڕۆمانیا و ئۆکراینا بە تێکچوونی باری ئاڵوگۆڕی بازرگانی هەرێمی کاریگەری ڕاستەوخۆی کردووەتە سەر ئەو وڵاتەیەش، چونکە زۆرینەی هەناردەی ئۆکراینا و ڕووسیایە بەستراوە بە شێوەیەکی بەرچاو. بیلاڕووسیا یەکێک لەو وڵاتانەیە، کە بەهۆی وزەی هەرزانەوە توانیویەتی، کە تا ڕادەیەکی سەرکەوتووانە پەرە بە ئابووری خۆی بدات، بەڵام لەکاتی بەهاداشکانی نرخی ڕۆبڵ ئەو وڵاتەتوانای دابینکردنی پێداویستییەکانی ئابووری پەک کەوتن. لە پاش ئۆکراینا لە هەمووان پتر بیلاڕووسیا زیانی بەرکەوت، ڕووسیاش لەسەر هاوردەی بەشێک لە کاڵاکانی ئەو وڵاتەدا بە بیانووی دووبارە فرۆشتنەوەی کاڵای قەدەخەکراوی ڕۆژئاوای بەسەر ئەو وڵاتە سنووردارای هاوردەی دانا، گوایە کە ئەو کاڵایانە لە ئەوروپاوە هێندراون نەک بەرهەمی بیلاڕووسیان. بانکی ناوەندی ئەرمەنستانیش پێشبینی دەکات، کە گەشەی ئابووری لە ساڵی 2015دا بەبەراورد لەگەڵ ساڵی 2014دا بە ڕێژەی لە 0,4 بۆ 2%دەبەزین بەخۆوە ببینێت، وەکو دیارە هۆکاری سەرەکیش کاریگەری ئابووری ڕووسیایە بەسەر ئەو وڵاتەدا.

ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1918:
هێزەکانی هاوپەیمانان شاری قوستەنتینیەی پایتەختی عوسمانیەکانیان داگیر کرد .



ساڵی 1929:
حزبی شیوعی ئیندۆنیسی شۆڕشێکی گەورەی لەدژی داگیرکاری هۆڵەندی لە دوورگەی جاوە بەرپا کرد .



ساڵی 1979:
ڕۆنالد ریگنی حاکمی ویلایەتی کالیفۆرنیا خۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەمەریکا کاندید کرد .



ساڵی 1995:
تەقینەوەیەک لە بنکەیەکی سەربازی ئەمەریکا لە سعودیە ڕوویدا و لە ئەنجامدا سەربازێکی ئەمەریکی کوژرا .



ساڵی 2011:
دوای دەستلەکارکێشانەوەی برلسکۆنی ، ماریۆ مۆنتی بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی ئیتالیا راسپێردرا .



ساڵی 2015:
چەند تەقینەوەیەک لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا ڕوویدا و زیاتر لە 120کەس گیانیان لەدەست دا .

جیمس جیفری...

سندووقی نهێنییەکانی پلانە جێگرەوەکانی ئەمەریکا

ئا: خالید گەردی

هاوینی پار سالّ کاتێ وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بەشێوەیەکی فەرمی جیمس فرانکلین جیفری بە نوێنەری تایبەتی ئەمریکا بۆ کاروباری سوریاو بە نوێنەری تایبەت بۆ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش دامەزراند، ئەو کات رەوشی ناوچەکە لە رووی دەستبالاّیی سیاسی و سەربازی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی لە سوریا زۆر لە رەوشی ئێستا جیاوازتربوو.

جیفری کەخاوەن شارەزاییەکی زۆری بواری سەربازیە، شارەزاییەکەشی بۆ بەشداریکردنی لەو ئەرکە سەربازییانە دەگەڕێتەوە کە سوپای وڵاتەکەی لەدەرەوە ئەنجامی دابوو، ناوبراو بە پلەی ئەفسەری پیادە لە ریزی سوپای وڵاتەکەی دابوو لە ئەڵمانیاو شەری فیەتنام، بەڵام هۆکاری هەڵبژاردنی بۆ ئەو پۆستە تەنیا بۆ شارەزایی لە بواری سەربازی ناگەڕێتەوە بەڵکو هۆکاری دیکەشی لە دواوە بوو، لەسەروویانەوە شارەزاییەکی زۆری لەسەر وردەکاری جیوسیاسی ناوچەکە لە میانەی دیراستە ئەکادیمییەکانی تایبەت بە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبوو، جیفری تۆیژەری پەیمانگەی واشنتۆن بۆ رۆژهەڵاتی ناوین بوو کە تایبەت بوو بە پێشکەشکردنی دیراسەتێکی قوڵ و تێڕوانینێکی ئایینەدەبیانە بۆ جومگە ستراتیژی و دیبلۆماسی و سەربازییەکانی ئەمەریکا بۆ ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتیش دیراسەتەکانی زیاتر لەسەر رەوشی تورکیاو عێراق و ئێران چڕکردبۆوە. شارەزا دیبلۆماسییەکەشی لە میانەی پۆستەکانی وەک باڵێۆزی ئەمەریکا لە هەردوو پایتەختەکانی بەغدا و ئەنقەرە کە لەجەرگەی رووداوەکان بوو، بەدەست هێنابوو.

جیفری بە یەکێ لە هەڵۆ تونەکانی نێو ئیدارەی دۆنالد ترەمپ دادەندرێت، ناوبراو هەڵوێستی زۆر توندی بەرامبەر ئێران و روسیا و دەستێوەردانە سیاسی و سەربازییەکانیان لە سووریا، هەبوو ,هەروەها یەکێ بوو دژایەتی بڕیارەکەی ترەمپ لەمەڕ کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکای لە سووریا کرد، پێشتریش لە سالی 2011 هەمان هەڵوێستی لەسەر بڕیارەکەی باراک ئۆبامای سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا بۆ کێشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق هەبوو.

جیفری بڕوایەکی تەواوی بەوە هەیە بەبێ بوونی هێزێکی ئەمریکی کاریگەر لەسەر زەوی بۆ بنبڕکردنی تیرۆرو لەناوبردنی چەکدارە توندڕەو و داعشەکان، ناتوانرێت ئاسایش و سەقامگیری بۆ ناوچەکە دابین بکرێت، هەر بۆشاییەک ئەمەریکا لەو ناوچەیە بەکشانەوەی هێزەکانی دروستی بکات ئەوە میلیشیاکانی سەر بە ئێران بۆشاییەکە پڕ دەکەنەوە.

کاتێ هەردوو حزب لە کۆنگریسی ئەمەریکا لەسەر مانەوەی سوپای ئەمەریکا لە سووریا کۆک بوون، بڕیارەکەی ترەمپیا بۆ کێشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بە کارەسات ناوبرد، بە هەڵکردنی گلوپی سەوزیان بۆ ئەردۆگان زانی تا ئەو هێرشە ئەنجام بدات، بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە ژیانی کەسانی مەدەنی لە عەرەب و کوردەکان دەکەوێتە مەترسییەوە,

جیفری کە لە دیبلۆماسێکی بە توانا بوو، لە واشنتۆن هەڵوێستی زۆر توندی لەبەرامبەر ئێران و روسیا هەبوو، هەمیشەی رەخنەی لە سیاسەتەکانی ترەمپ لەبەرامبەر روسیا دەگرت، لەبەرامبەر ریشدا لەگەڵ باشترکردنی پەیوندییەکانی ئەمەریکا بوو لەگەڵ تورکیا دۆستێکی دڵسۆزی کورد نەبوو، ئەمەش وایکرد توانای مانۆری سیاسی لەسەر کارتی کورد لە رۆژهەڵاتی فورات لەدەست بدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا واشنتۆن لە وتوێژکردن لەگەڵ لایەنە هەرێمایەتییەکان و پاشماوەکانی گرووپە چەکدارەکانی سووریا پشتی پێ بەستبوو، تا بەشێک لە نفوزی ئەمەریکا لە سووریاو ناوچەکە بۆ ئەمەریکا زامن بکات.

هەربۆیە بەرهەڵستکارانی سووریا بە دامەزراندنی جیفری بۆ دۆسیەی سووریا دڵخۆش بن، تا گوشار بخاتە سەر لایەنە بەرهەڵستکارەکان بۆ ئەوەی دۆسیەی دانوستاندن لە سوچی و ئاستانە لە ژێر دەستی ئێران و روسیا رزگار بکات و بگەڕێنێتەوە جنێف، ئەوەبوو ئەمەریکا بڕیاری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە خولی 74دا بریاری لەسەر لیژنەیەک بۆ نووسینەوەی دەستوور بۆ سووریا بەسەرپەرشتی نەتەوەیەکگرتووەکان دا.

پلانی (ب)

لیژنەکەی نووسینەوەی دەستوورێکی نوێ بۆ سوریا جێگای ردزامەندی ئەمەریکا بوو، چونکە ئەمەریکا پێیان وایە رەوشە سیاسییە نوێیەکە لەگەڵ دەستپێکی دروستکردنی لیژنەکە ، و رەوایی پێدانی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان، رەوشێکی لەبار دێنێتە ئاراوە تا جیفری رۆڵێکی بەهێز لە چالاکردنەوەی جنێف بگێڕێت، بە تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە 30ی ئۆکتۆبەری 2019 بە فەرمی بڕیار لەسەر دەستبەکاربوونی لیژنەکە دەدات.

پێشبینی دەکرێت ئەمەریکا لەدوای بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەلایەن ترەمپەوە، جیفری نوێنەری لەجیاتی بابیەخدان بە بوونی سەربازی کار لەسەر بایەخدان بە کرانەوەی سیاسی و ئابووری لەبارەی دیمەشق لەگەڵ وڵاتە هاوپەیمانەکانی بکات، بەڵام ئەم کارە دوای تەواوبوونی پرۆسەی دەستاودەستکردنی سیاسی و نووسینەوەی دەستوورە نوێیەکە و ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەژێر سەرپەرشتی چاودێری نێودەوڵەتی و بەشداری کردنی تەواوی سوریبیە ناوارەبووەکان لەو وڵاتانەی تیایدا بڵاوبوونەتەوە، ئینجا کارەکە بە ئەنجام بگەیەنێت.

مایەی سەرنجە لەگەڵ دەستبەکاربوونی جیفری لە پۆستە نوێیەی ئەمەریکا هاوکارییە دارایییەکانی کە بریتی بوو لە (230)ملیۆن دۆلار بۆ سندوقی سەقامگیری سووریا راگرت، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە جگە لەوەی ئەمەریکا لەبەردەوامبوونی نفوزی خۆی لە رۆژهەڵاتی فورات دڵنیا نییە، هەروەها ئامانجەکانیشی کە بریتی بوو لە وەدەرنانی میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە سووریاو سەپاندنی مەرجی توند بەسەر ئەو وڵاتانەی بەشداری لە ئاوەدانکردنەوەی سووریا دەکەن تا رژێمی ئێستا بەشداری لە پرۆسە سیاسییە نوێیەکە نەکات، بەدی نەهێناوە.

دەکرێت بڵێین بڕیاری کشاندنەوەی سوپای ئەمەریکا لە سووریاو دواتر واژووکردنی رێککەوتنی نێوان ئەمەریکاو تورکی ئینجا رێککەوتنە پڕ نیگەرانییەکەی نێوان تورکیا و روسیای بۆ ئەمەریکا لێکەوتەوە، ئەمانە هەر هەموویان وایان کرد جیفری پەنا بۆ جێبەجێ کردنی پلانی (ب) ببات کە ئەویش بلاوکردنەوەیەکی رەمزی سوپای ئەمەریکا لە دەوروبەری بیرە نەوتییەکان لە ناوچەی رۆژهەڵاتی فورات، ئەمەش لە میانەی پاراستنی پەیوندییەکانی ئەمەریکا لەگەڵ هێزەکانی سووریای دیموکرات لەبەرامبەر ئەوەی هەسەدە تاک لایەنە بە چاودێری و سەرپەرشتی روسیا رێککەوتن لەگەڵ رژێم نەکات.

جیفی لە دانیشتنێکی کۆنگریس لە 23ی ئەم مانگە گوێی لە پرسیارەکانی ئەندامانی کۆنگریس لەبارەی ئەو وێنەو فیدیۆیانەی جەخت لەسەر ئەنجامدانی پێشێلکاری سوپای تورکیاو چەکدارەکانی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دەکاتەوە. جیفری رایگەیاند دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا چاو بەو بەڵگانە دەخشێننەوە، ئاماژەی بەوەشدا دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا سەدەها جەنگاوەری کوردی هاوپەیمانی ئەمەریکا بەهۆی پرۆسە سەربازییەکەی تورکیا گیانیان لەدەست داوە، جیفری جەختی لەوە کردەوە کەوا داوای رووناکردنەوە لەبارەی ئەو تاوان و پێشێلکارییانە لە لایەنی تورکی کراوە کە هەندێکی دەچێتە خانەی ئەنجامدانی تاوانی جەنگ، جیفری لەبەردەم لیژنەکە بەڵێنی گرتنەبەری رێوشوێنی گونجاوی بەرامبەر ئەو دۆسیە لەدژی ئەنجامدەرانی دا.

سەرچاوە:

HYPERLINK "https://alarab.co.uk/" https://alarab.co.uk/

بڕیاری دەستگیرکردن بۆ ئێڤۆ مۆرالیّس دەرچوو

ئێڤۆ مۆرالیّس کە ناچار کرا دەست لە پۆستی سەرۆکی بۆلیڤیا بکێشێتەوە، رایگەیاند هەڵکوتراوەتە سەر ماڵەکەی و بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەرکراوە. مۆرالیّس لە هەژماری فەرمی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی رایگەیاند: "بە تەواوی جیهان و گەلی بۆلیڤیا-ی رادەگەیەنم، پۆلیسێک بە شێوەیەکی نایاسایی بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەرکردووم. هەروەها ئەو گرووپەی پەنای بردووە بەر توندوتیژی، هەڵیکوتایە سەر ماڵەکەم. کودەتاچییەکان سەروەری یاسا پێشێل دەکەن". ئۆپۆزسیۆن بانگەشەی ئەوەی دەکرد لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کە لە 20ی تشرینی یەکەم ئەنجام درا "ساختەکاری" تیادا کراوە، داوای لەلایەنگرانی کرد بڕژێنە سەر شەقامەکان. ئۆپۆزسیۆنی بۆلیڤیا چەندین رۆژە داوای دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکە دەکات، دوای ئەوەی ئێڤۆ مۆرالیّس رایگەیاند هەڵبژاردنەکە دووبارە دەکەنەوە، هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن رایانگەیاندووە هەتا ئەنجامدانی هەڵبژاردنێک بەبێ مۆرالیّس بەردەوام دەبن لە ناڕەزایەتییەکانیان. دوای ئەوەی دوێنێ سەرۆکی ئەرکانی سوپای بۆلیڤیا، ویللیامس کالیمان لە پەخشی راستەوخۆدا داوای لە مۆرالیّس کرد دەستلەکاربکێشێتەوە، مۆرالیّس رایگەیاند کە واز لە ئەرکی سەرۆکایەتی دەهێنێت و ئەمەیشی بە "کودەتا" لەقەڵەم دا. مۆرالیّس ئاماژەی بەوە دا کە بۆ ئەوەی سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن، کارلۆس میسا و لویس فیرناندۆ کاماچۆ زیانی زیاتر بە خەڵک نەگەیەنن بڕیاری دەستلەکارکێشانەوەی داوە.



مانشێت



سکای نیوز :

بەهۆی خوێنبەربوونی خوێن لە میّشک ، جیمی کارتەری سەرۆکی پێشووتری ئەمەریکا گوازرایەوە نەخۆشخانە.



رۆیتەرز:

بومەلەرزەیەک بە گوڕی 5.1پلە لە باشووری رۆژهەڵاتی فەرەنسا رووبدا و چوار کەس بریندار بوون .



ئیلاف:

وەزیری دەرەوەی مەکسیک رایگەیاند وڵاتەکەی مافی پەنابەرێتی بە مۆرالیّسی سەرۆکی پڵیڤیا بەخشیوە .



ئەی ئێف پی:

لە بەنگلادیش ، لە ئەنجامی پێکدادانی دوو شەمەندەفەردا 15کەس کوژران و 58ی دیکە بریندار بوون.



رۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:

وەک وەڵامێک بۆ داواکاری خۆپیشاندەران ، دەسەڵاتدارانی چیلی بڕیاری داڕشتنی دەستوورێکی تازەیان بۆ وڵات دا .



کەنالّی ئار تی :

مایک پۆمپیۆی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا رایگەیاند کە حکوومەتی وڵاتەکەی چەکی بە ئۆکرانیا بەخشیوە بۆ ئەوەی شەڕی رووسیای پێ بکەن .

فستیڤاڵەکانی جیهان و هەرێمی کوردستان چ کاریگەریان بەسەر جولەی گەشتیاریەوە هەیە؟

نادر روستی

جۆرەکانی گەشتیاری زۆرن، بەڵام بە پێی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و جوگرافیای وڵاتەکە دەگۆڕین و کەم و زیاد دەکرێن، داهێنەریتە کۆمەڵایەتیەکان و ئاینیەکان لە هەندێک شوێن یادەکانیان زۆر بەرز و پیرۆز رادەگیرێن و دەیکەن بە کەرنەڤاڵ و فیستیڤاڵ، هەندێکجار لە ئاستی ناوخۆی تێدەپەڕن و دەبن بە نێودەوڵەتی بۆیە لە زۆر شوێنی جیهان روو لە ناوچەیەکی دیاریکراو دەکەن بە مەبەستی بەشداریکردن لە فیستیڤاڵەکان.

فیستیڤاڵ چییە؟

فیستیڤاڵ بریتیە لە ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی یادێکی دیاریکراو لە کاتێکی دیاریکراو لە شوێنێکی دیاریکراو بە کۆمەڵێک چالاکی جۆراوجۆر لەسەر بابەتی دیاریکراوی فیستیڤاڵ کە گوزارشت لە بۆنەکە بکات و بە شێوازی نەوازە و سەرنجراکێش چالاکییەکان نمایش بکرێن و بەشداربووان خۆشی و چێژ لە یاری و چالاکییەکانی فیستیڤاڵەکە وەربگرن و کاتێکی خۆش بەسەربەرن. دەکرێ بۆنەکە کۆنبێت و دەکرێ بۆنەیەکی نوێ بێت، دەکرێ چالاکییەکی سەردەمیانە بێت و بکرێ بە فیستیڤاڵ، جۆرەکانی چالاکی بۆنەکە بریاردەرن بۆ بەهێزی فیستیڤاڵەکە، هەرچەند چالاکییەکان نەوازە و کەم وێنەبن زیاتر جەماوەرو گەشتیار بۆ لای خۆیان رادەکێشن و فیستیڤاڵەکە گەورەتر و پڕ جۆشتر دەبێت.

فیستیڤاڵە دەگمەنەکانی جیهان

فیستیڤاڵەکانی جیهان کە دەگمەن و نەوازەن زۆرن بەڵام هەندێک کەم وێنەن وچیرۆکی سەیروسەمەرەیان لە پشتە و ژمارەیەکی زۆر گەشتیار بۆ وڵاتەکەیان رادەکێشن، چەند نموونەیەک بەکورتی وەک: (خۆرووتکردنەوە لە ئێرلەندە، لەمانگی نیسان ئێرلەندیەکان لە شەوێکی دیاری کراو خۆیان ڕووت دەکەنەوە و تەنیا جلی ژێرەوەیان دەهێڵنەوە و لەشی خۆیان بەرەنگی سوور و زەیت چەوردەکەن و مەشخەڵی ئاگر بەدەستەوە دەگرن و بە دەوری خێمەیەک ئاهەنگ دەگێڕن. پاسدانی شەیتان لەسەر منداڵ لە ئسپانیا ، نەریتێکی کاسۆلیکیە، چەند پیاوێک جلی سور و زەرد دەپۆشن و بەسەر لاشەی منداڵی لە دایک بوو پاس دەدەن گوایە لە شەڕ و نەهامەتی دەیان پارێزن.....کیری ئاسن لە یابان، حەجی هیندۆسەکان، تۆپی ئاگر لە سلفادۆر، خۆ ڕووتکردنەوە لە یابان، شەرە تەماتە لە ئیسپانیا، رۆژی مردووەکان لە مەکسیک، رۆژی بێدەنگی لە ئەندەنوسیا ،)

فیستیڤاڵەکانی هەرێمی کوردستان

ئەوەی لێرە مەبەستمانە زیاتر فیستیڤالە جۆراوجۆرەکانی کولتوور و خۆراک و کشتوکاڵ و نەتەوەیی و بەرهەمە خۆمالییەکان و وەرزشیەکانە کە لە هەرێمی کوردستان سازدەکرێن و ژمارەیەکی زۆر هەوادار و چالاکوان و جەماوەر لە خۆیان کۆ دەکەنەوە، هەندێک لە بۆنەکانی وەک سەری ساڵ و نەورۆز و رۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەر خەریکە دەبن بە فیستیڤاڵ و جەماوەرێکی زۆر لە دەوری خۆیان کۆدەکەنەوە و ژمارەیەک چالاکی لە یەک کات بۆ هەمان بۆنە بەرێوە دەچێت. هەروەها فیستیڤالی رەنگەکان لە هەولێر و شەڕە ئاو لە سلێمانی ، کولتووری گەلان لە رانیە و لە گەرمیان و سینەما لە دهۆک و لە سلێمانی، فیستیڤالی خلیسکانێتی سەر بەفر لە چۆمان و سۆران خەریەکە پەردەدستێنێ، سەرەڕای هەبوونی کۆمەڵێک فیستیڤالی کولتووری تیرە و هۆزەکان و ناوچەکان و فیستیڤالی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیش وا خەریکە بەدەر دەکەون و بەرهەمە ناوخۆیەکان دێنە پێشەوە و بایەخ پەیدا دەکەن. فراوان کردن و زیاتر ڕێکخستنی ئەو جۆرە چالاکیانە لە هەرناوچەیەک دەبنە هۆی ناساندنی ناوچەکە و هەرێمی کوردستان بە گشتی، کە لە دواجار سەرنجی هاوڵاتیان و گەشتیاران ڕادەکێشن و لە دەوری خۆیان کۆدەکەنەوە و دەبن بە مایەی زیاتر کردنی جموجۆڵی گەشتیاری لە ناوچەکەدا.

بۆچی فیستیڤاڵەکان دەبنە هۆی جولەی گەشتیاری؟

هەموو چالاکیەک کە خۆشی بە هاوڵاتیان و میوانەکان ببەخشێت ئەوە چالاکیەکی گەشتیاریە، هەروەها هەموو چالاکیەک کە ببێتە هۆی گەشت کردنی هاوڵاتیان یان گەشتیاران لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر دەبێتە هۆی چالاک بوونی کەرتی گەشتیاری، بە تایبەت کاتێک میوانخانە و خواردنگە و بازارِ سوود لەو چالاکیە وەردەگرن و چالاکیەکە و گەشتیار ببنە هۆی بەجولە خستنی بازاڕی ئەو ناوچەی چالاکیەکەی تێ دەکرێ.



چەند دیمەنێک لە فیستیڤاڵەکانی کوردستان



یەکێک لە فیستیڤاڵەکانی جیهان-فیستیڤالی بالتن

ئامادەکاری دەکرێ بۆ ئەنجامدانی یەکەم فستیڤاڵی شاخەڕۆی پایز لە ناوچەی بارزان



گروپی شاخەوانی هەڵگۆزرد بەهاوبەشی لەگەڵ سەنتەری بارزان بۆ ژینگە پارێزی و شاخەوانی فیستیڤالێک بۆ گەشتێکی پایزە بۆ گەلی زۆرگڤان ڕادەگەیەنێن. بانگێشتی هەموو شاخەوان و گروپە شاخەوانیەکان دەکەن بۆ بەشداریکردن. ئەنوەر دۆلەمەری سەرۆکی سەنتەری بارزان بۆ ژینگەپارێزی و شاخەوانی بە خەباتی ڕاگەیاند: تا ئێستا زیاتر لە 15گروپ خۆیان ناونووس کردووە، فیستیڤالەکە ماوەی دوو ڕۆژ و شەوێک دەخایەنێت، ڕۆژی یەکەم بەڕێدەکەون بۆ گەلی دالاش و شەو بە چەند چالاکیەکی جۆراوجۆری وەک: سمیناری شاخەوانی و ژینگە پارێزی و میوزیک ژەنین و چالاکی کولتووری و کۆمەڵایەتی بەڕێ دەکەین و ئێوارەی ڕۆژی دواتر دەگەڕێنەوە. ڕۆژی سازدانی دیارنەکراوە، هەرکەس و گروپێک ئارەزووی بەژداریکردنی هەیە، پێویستە پابەندی ڕێنمایەکان بێت، بۆ زانینی ڕێنمای و بەشداریکردن و ناونووسین پەیوەندی بەم ژمارانەوە بکەن 07504160040و . 07503654632

گەشتیاری شاخەڕۆی لەلایەن ئافرەتان پەرەدەستێنێ



مانگانە ژمارەیەک گروپی شاخەوانی گەشتی شاخەڕۆی بۆ ئەندامان و هاوڵاتیانیان بۆ ناو سرووشت بۆ شوێنەکانی گەشتیاری و بۆ سەرچیا بەرزەکان ڕێکدەخەن، گەشتەکان بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک یان ڕۆژ و شەو زیاتر دەخایەنن و گەشتیاران ڕێگەی سەخت و دژوار دەبڕن، هەندێک جار شەوان لە ناوسرووشت لە ژێر ئەو چادرانە دەمێنەوە و ئاهەنگ دەگێڕن کە بە کۆڵە پشت بردوویانن، گەشتی شاخەڕۆی وەرزشێکی زۆرباشە و ئاسودەیەکی زۆر باش دەبەخشێتە لەش و دەروونی مرۆڤەکان، لە گشت گەشتەکان ئافرەتان بوونیان هەیە و ڕۆڵیان هەیە، بەڵام ئەم جارەیان لە سۆران گروپێک گەشتێکی تایبەت بۆ زیاتر لە 50ئافرەت ساز دەکات و ڕوو لە ناوچە سروشتیەکانی بارزان دەکەن.

پەری نەجم ئەندامی ئەنجومەنی سۆرانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەم بارەیەوە بە لاپەڕەی گەشتوگوزاری لە ڕۆژنامەی خەباتی ڕاگەیاند: گەشتەکە لە لایەنی ئەنجومەنی سۆرانی یەکێتی ئافرەتان بە مەبەستی گرنگیدان بە تەندروستی ئافرەتان ڕێکخرابوو، هەروەها دەمانەوێت بە کولتوورکردنی وەرزشی شاخەوانی بکەین بە پەیام و گرنگی پێبدەین، پێمان باشە ئافرەتانی مااڵ وەرزشی شاخەوانی بکەن بۆئەوەی لە سوودە تەندروستییەکەی ئەم وەرزشە بێبەش نەبن. لە گەشتەکە گرنگی بە ژینگەپارێزی دەدەین و هەوڵدەدەین هاوڵاتیان فێری خۆشەویستی نیشتمان بکەین. پێشتریش گەشتی لەم جۆرەمان سازکردوە و هەوڵدەدەین بە کۆمەڵ مانگانە دووجار وەرزشەکە ئەنجام بدەین، هەروەها دەمانەوێت ئافرەتانمان ئاشنابن بە سروشت و ژینگەی پاکی کوردستان.

بەشی کارگێڕی گەشتوگوزار لە زانکۆی لوبنانی فەرەنسی سیمیناڕێکی بۆ پێشخستنی گەشتوگوزار ڕێکخست



بە پلانکردنی دۆزینەوەی هەلی کار بۆ دەرچووانی گەشتوگوزار ناونیشانی ئەو سمیناڕەبوو کە لە لایەن بەشی کارگێڕی گەشتوگوزار لە زانکۆی لوبنانی فەرەنسی بۆ نادر روستی وتەبێژی دەستەی گشتی گەشتوگوزار ڕێکخرابوو، لە بابەتی سمیناڕەکە تیشک خرایە سەر ئەو هۆکارانەی بوونەتە بەربەست لە بەردەم قوتابیانی دەرچوو بۆ دۆزینەوەی هەلی کار لە کەرتی تایبەت، ئاماژە بەوەش درا کە لە هەرێمی کوردستان 4ئامادەی و 5پەیمانگە و 5بەشی گەشتیاری لە زانکۆیەکان تایبەت بە گەشتوگوزار هەیە و سالانە زیاتر لە 350بۆ 400دەرچوو هەیە بەڵام بە هۆی کەم شارەزای و کەم ئارەزووی دەرچووان و نەبوونی ڕێنمای تایبەت بۆ بنکەکانی گەشتیاری کە سوود لەم دەرچووانە وەبگرن نەتوانراوە سوود لەم دەرچووانە وەربگیرێت، لەبەشێکی تر ئاماژە بەو پلانە درا کە لە لایەن دەستەی گشتی گەشتوگوزار ئامادەکراوە بۆ سوود وەرگرتن لە دەرچووان لە سااڵنەکانی داهاتوو، بۆ ئەم مەبەستەش زیاتر پشت بە سیڤی دەرچووان دەبەستێت . لە کۆتایدا بڕوانامەی ڕێزلێنان لەلایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی بەخشرایە نادر روستی.

دەستەی گشتی گەشتوگوزار ئەپلیکەیشنێکی نوێ دروست دەکات

دەلیل کوردستان (Kurdistan Guide) ئەو بەرنامەیە بوو کە وەک ڕێبەری گەشتیاری لەسەر مۆبایلەکانی زیرەک دادەنرا، بەهۆی کۆنی ڤێرژنەکە، دەستەی گشتی گەشتوگوزار ڕایدەگەیەنێ کە بەسیستەمی نوێ ئەپلیکەیشنێکی نوێ دروست دەکات، بۆیە داوا لە کۆمپانیاکانی ئەم بوارە دەکات ئەوەی دەیەوێت دروستی بکات پرۆپۆزەڵی خۆی پێشکەش بە دەستەی گشتی گەشتوگوزار بکات، بەڵام دەستەی گشتی گەشتوگوزار هیچ خەرجیەک ناکات بەڵکو خودی کۆمپانیا خەرجیەکانی دروست کردن و بەڕێوەبردن بە هاوبەشی کەرتی تایبەت بە تایبەت شوێنەکانی گەشتیاری لە ئەستۆ دەگرێ. دەستە تەنیا پالپشتی مەعنەوی و کارئاسانی کارگێڕی دەکات. ماوەی پێشکەشکردنی پرۆپۆزەڵەکە یەک هەفتەیە، دوا کات 20ی تشرینی دووەمە. E-mail:info@bot.krd.org

رۆژنامەکانی ئیسپانیا ڕەخنە لە گریزمان دەگرن



رۆژنامەکانی مەدرید ڕەخنەیان لە ئاستی ئەنتوان گریزمانی ئەستێرەی هەڵبژاردەی فەرەنسا و یانەی بەرشلۆنە گرت کە لە 5 یاریی یەک لەدوای یەکدا نەیتوانیوە گۆڵێک تۆمار بکات بەتایبەتیش دوای گۆڵەکەی دژی یانەی ئیبار.
رۆژنامەکانی مەدرید داتاو ئاماریی ئەو یاریپانەیان بڵاوکردۆتەوە کە گریزمان لەگەڵ بەرشلۆنەدا یاری کردووە، ئەو یاریزانە تا ئێستا 14 یاری ئەنجام داوە لەگەڵ بەرشلۆنەدا و 4 گۆڵی تۆمار کردووە و 3گۆڵیشی دروست کردووە، رۆژنامەکان ئەو پرسیارەشیان کردووە کە ئایا گریزمان لەو ئاستە خراپەی بەردەوام دەبێت یان بەم نزیکانە ئاستی ڕاستەقینەی دەگەڕێتەوە.

بنزیما
پێشەنگی گۆڵکارانی لالیگای گرتووە

لەکاتێکدا کەریم بنزیما پێ دەنێتە 32 ساڵییەوە، دەگەڕێتەوە سەردەمی لاوێتی و لەم وەرزەدا لەتەواوی پێشبڕکێیەکاندا 12 گۆڵی تۆمارکردووە و لەنیویاندا 9 گۆڵ لە لالیگا و لەپێشەنگی گۆڵکارانی خولی ئیسپانی دیت.
لەم وەرزەدا بنزیما بەئاستیکی بەرز دەرکەوتووە و ڕۆڵی دیاری هەبووە لە سەرکەوتنەکانی یانەی ریال مەدرید، ئەو یاریزانە فەرەنسییە تا ئێستا بەدرێسی یانەی ریال مەدرید 157 گۆڵی تۆمار کردووە و بەمەش بووە شەشەمین گۆڵکاری مێرنگی و ژمارەی بۆشکاشی تێپەڕاند کە 156 گۆڵی تۆمار کردبوو، ئەگەر بەو ئاستە بەرزەشی بەردەوام بێت ئەوا دەتوانی ژمارەی هۆگۆ سانچێزیش ببڕێت کە بە 164 گۆڵ لە پلەی پێنجەمی گۆڵکارانی یانەی ریال مەدرید دێت.

تیروپشکی جامی سووپەری ئیسپانیا ڕاکێشرا



تیروپشکی قۆناغی پێش کۆتایی جامی سووپەری ئیسپانیا بۆ تۆپی پێ ڕاکێشرا بە ڕووبەڕووبوونەوەی بەرشلۆنە بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید و هەروەها بەرکەوتنی یانەی ریال مەدرید بە یانەی ڤالانسیا، کە بڕیار وایە پاڵەوانێتییەکەش لە وڵاتی سعوودیە لە 8ی کانوونی دووەمی داهاتوو بەڕێوەبچێت.
بەپێی سیستمی پاڵەوانێتییەکەش براوەی ئەو دوو یارییە دەگەنە یاری کۆتایی بۆ بەدەستهێنانی نازناوەکە، بەرشلۆنە بە سیفەتی پاڵەوانی لالیگا و ئتلەتیکۆ مەدرید دووەمی لالیگا و ریال مەدرید سێیەم و ڤالانسیا چوارەمی پاڵەوانێتیی وەرزی ڕابردووی خولی ئیسپانیان.

خولی ڕاهێنەرایەتی فوتساڵ سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو



ئا: سەرهەنگ نەجمەدین – لەبارەگای یانەی وەرزش هەولێر خولی بەهێزکردنی ئاستی ڕاهێنەرایەتی فوتسالّی کچان و کوڕانی کوردستان سەرکەوتووانە کۆتایی هات.لەخولەکەدا 18کچ و 10کوڕ بەشداریان تێدا کردبوو کەماوەی 3ڕۆژی خایاند، خولەکە بەهەردوو ئاستی پراکتیکی و تیۆری لەلایەن دوو وانەبێژی ئێرانی حوسێن شەمس و وەحید ئەمیری بەبەشداربووانانی خولەکە دەگوترایەوە. لەکۆتایی مەراسیمی خولەکەدا سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان بروانامەی ڕاهێنەرایەتی فوتسالّ بەسەر کچان و کوڕانی بەشداربووی خولەکە دابەشکرد. لەمبارەیەوە هەلالە فەیسەڵ یەکێک بوو لەبەشداربووانی خولەکە ئەو لەبارەی ڕێکخستن وبەشداریکردنی لە خولەکە بۆ خەبات ڕایگەیاند: بێگومان خولێکی زۆر بەهێز و بەسوود بوو بۆ ئێمەی بەشداربووان، سوپاس بۆ یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان کە هەموو سالێک خولی بەهێزکردن بۆ ڕاهێنەرانی سەرجەم ئاستەکان ڕێکدەخات ، هەمیشە لەڕێگەی ئەم جۆرە خولانەوە فێری هەموو جۆرە تاکتیک و هونەرییەکانی مەشق وڕاهێنان دەبین، خوازیارم ئەم جۆرە خولانە هەموو کات بەردەوام بێت.

پاڵەوانی لاوانی ئەمەریکای باشوور لە دیمانەیەکی (خەبات)دا تالیا: باشترین ئەنجامم لە ساڵی ڕابردوو بوو کاتێک پلەی یەکەمم لە پاڵەوانێتی لاوانی ئەمەریکا بەدەستهێنا



خەبات: هاوار مورتکەیی

تالیا سیرڤانتس لاندیرۆ -Thalia Cer vantesەو کچە شەترەنجزانەیە کە لە ساڵی 2002لە وڵاتی کوبا لەدایک بووە، ئەگەرچی هێشتا نەیتوانیوە بڕوانامەی گراندماستەر بەدەستبهێنێت، بەڵام ساڵی ڕابردوو لەسەر ئاستی توانیویەتی پلەی یەکەم لە خوار 20ساڵی بەدەست بهێنێت، هەروەها لە پاڵەوانێتی لاوانی جیهانی لەهەمان ساڵ توانی پلەی چوارەم بەدەست بهێنێت، تالیا لە دیمانەیەکی لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات بەمشیوەیە باس لە کاروان و دەسکەوت و خۆشەوستی بۆ شەترەنج دەکات.

بەشداری پاڵەوانێتی جیهان

تالیا WIMکە ئێستا خاوەنی ڕەیتینگی 2176ی یەکێتی شەترەنجی نێودەوڵەتییە دەڵێت: کاتێک تەمەنم 7ساڵان بوو چێژم لەیاری شەترەنج وەرگرت، بەشێوەیەک کە کەوتمە خۆشەویستی ئەو یارییەوە، لەوکاتەوە تەنها بایەخم بەشەترەنج دا، ئەگەرچی خانەوادەکەم ئەو یارییە ناکەن بەڵام زۆر پشتیوانیم دەکەن، یەکەم بەشداریم لە پاڵەوانێتی Pan American Sub12بوو کە ساڵی 2013لەوڵاتی بەڕازیل بەڕێوەچوو، بەر لەوەش بەشداری پاڵەوانێتییەکانی لاوانم کردووە لە ئەمریکا، هەروەها گوتی: باشترین ئەنجامم کە پیم وایە ئەمە بەس نییە بۆ ئەوەی خەونەکانم بەدەست بهێنم ئەوانیش لە ساڵی 2018توانیم پلەی یەکەم بۆ خوار 18ساڵ لەسەر ئاستی ئەمریکا بەدەست بهێنم، هەر ئەو ساڵە بەشداریم لە پاڵەوانێتی لاوانی جیهان کردو پلەی چوارەمم بەدەست هێنا ، ئەمسالیش لە پاڵەوانێتی تازەپێگەیشتوان بەئاستیکی باش دەرنەکەوتم و پلەی هەشتەمم بەدەست هێنا لەسەر ئاستی جیهان.

شەترەنج وەرزشی تەمەنمە

دواتر ئەو خانمە شەترەنجزانە لاوەی ئەمریکا گوتی: شەترەنج زۆر خۆشی پێ بەخشیوم و ناتوانم دەستبەرداری ئەو یارییە بم، تەنانەت کاتێک واز لەیاریکردن دێنم ئەوا وەک مامۆستا و ڕاهێنەر بەردەوام دەبم، ئەوەی لەژیانمدا فێری بوویم، جارێکی تر بە منداڵان دەیڵێمەوە، چونکە شەترەنج بۆ من جیهانێکە حۆمی تیادەبینم و لەگەڵیدا بەختەوەرم و لەهەمان کاتیش بۆتە سەرچاوەی ژیان بۆ من، کاتێکیش دەستم بەو یارییە کرد هەر زوو هەستم کرد کە ئەمە وەرزشی تەمەنمە، ئەگەرچی هەڵگری بڕوانامەی مامۆستای نێودەوڵەتیم بەڵام تا ئێستاش خەونەکەم نەهاتۆتەدی ئەویش بەدەستهێنانی گراند ماستەرە.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed, 13. Nov. 2019 No: (5870)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

هونەرمەند سەرباز ناڤخۆش:

جگە لە میوزیک و ئاوازی کوردی هیچ میوزیک و ئاوازی بیانیم بەکار نەهێناوە و ئامادەش نیم بە کاری بێنم

پێویستە لەسەر ئێمەی هونەرمەندان هەمیشە کلتوورو هونەری ڕەسەنی خۆمان لەبەرچاو بگرین

دیمانە – موسلیم دوڵمەری

زۆرن ئەو هونەرمەندانەی کە لە سااڵنی ڕابردوو نێستاش خزمەتێکی زۆری هونەری کوردییان کردووە بەشێوەیەک کە بە هونەرمەندە ڕەسەنەکانی کورد دەناسرێن ئەویش لەبەرئەوەیە کەتەواوی گۆرانی وکلیپەکانیان مواڵک و کلتووری کوردەوارییان لەخۆگرتووە، نموونەش هونەرمەند سەرباز ناڤخۆش کە یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە هەمیشە لە کۆن و نێستاش بە پەیڤ و ئاوازو میوزیکی ڕەسەنی کوردی خزمەت بە هونەری کوردی دەکات، لە وەاڵمی چەند پرسیارێکی تایبەت بە(خەبات) بەمشێوەیە وەاڵمی داینەوە:

سەرەتاگوتی : من سەرباز ناڤخۆش عەبدوڵخالق ناسراوم بە سەرباز ناڤخۆش نەقەبی لەدایکبووی ساڵی 1972م

سەبارەت بە بەرهەمەکانی گوتی : من تاکو ئێستا زیاتر لە هەشت بەرهەمم وەکو سیدی هەیە وەکو کلیپیش پێنج کلیپی سەردەمیم هەیە هەر چەندە کلیپی ترم هەیە بەاڵم لەبەر نزمی کوالیت و کۆنیان بااڵو کردنەوەیان ئەستەم بووە جا لەبەرئەوەی وتم پێنج کلیپی سەردەمی ,وە سەبارەت بە جۆری گۆرانیەکانم و ستایلیان من گۆرانی نیشتمانی و کوردپەروەری و ئەڤینیم گوتووە و هەروەها من زیاتر حەز لە گۆرانی نەرم و ئارام دەکەم و هەندێجاریش گۆرانی فۆلکلۆری دەاڵێم کە زۆر حەزی لێدەکەم.

سەبارەت بە کەمی بەرهەمی هونەری لەم ماوەیەدا گوتی : بەڵێ لەم ماوەیەدا نە تەنها من وەکو دەبینم زۆرێک لە هونەرمەندان بەرهەمیان کەمە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانی چەند ساڵەی دارایی کە بەرۆکی کوردستانی گرتۆتەوە بەاڵم هەرچۆنێک بێت وازمان نەهێناوەو بەپێی توانامان خزمەتمان بە هونەری کوردی کردووە نموونە لەوکاتەی کە شەڕی سەپێنراوی داعش بوو بۆ سەر کوردستان بەرهەمێکم بە ناوی (ولآت) بااڵوکردەوە و ئینشائەاڵ بەردەوامیش دەبین.

سەبارەت بە بەرهەمەکانی لەگەڵ هونەرمەندانی تر گوتی :بەڵێ لە سااڵنی دووهەزار من نزیکەی سێ بەرهەمم بە شێوەی کلیپ لەگەڵ هونەرمەند ئێران حەکیم تۆمار کردووەوهەروەها وەکو ئاهەنگ لەگەڵ چەندین هونەرمەندی تر ئاهەنگمان هەبووە ، وەکو هونەرمەند (هاریان شەنگالی) وپەریشان تارق و هونەرمەند (فاتێ) و هەروەها لەم دووایانە بەتەما بووم لەگەڵ هونەرمەند فەیروشاجان کلیپێک بەرهەم بێنم بەاڵم تاکو ئێستا نەبۆتە نەسیب.

هەروەها سەبارەت بە هونەری ئێستای کوردستان گوتی : هونەری کوردی بە گشتی پێشەوەچوونی باشی بەخۆیەوە بینیوەو پێویستە لەسەر ئێمەی هونەرمەندان هەمیشە کەلتوور هونەری ڕەسەنی خۆمان لەبەرچاو بگرین و لە یادی نەکەین بە تایبەتی هونەرمەندانی ڕەسەنی خۆمان دەبێت ماندوو بوونیان لە یاد نەکەین.

سەبارەت بە بەکار هێنانی ئاوازو میوزیکی بیانی گوتی: من تاکو ئێستا نە ئاوازو نە میوزیکی بیانیم لە نێو بەرهەمەکانمدا بەکار نەهێناوەو هیچ کاتیش ئامادە نیم جگە لە ئاوازو میوزیکی کوردی هیچ ئاوازو میوزیکی تری بیانی بەکار بێنم لە ژیانی هونەریدا چونکە پێموایە ئێمەی کورد زۆر دەوڵەمەندین بە ئاوازو میوزیک و گۆرانی ڕەسەنی خۆمان بۆیە پێویستە لە سەرهەموو لایەک کە هەوڵبدەین ئەم هونەرە جوانەمان زیندوو بکەینەوە.

سەبارەت بە بەرهەمی نوێی گوتی : ئێستا من لەسەر گۆرانیەک کار دەکەم کە ئەویش گۆرانی بۆ کۆچکردووی خۆمە هونەرمەند شەوقی ناڤخۆشە کە ئاوازو میوزیکم نوێکردۆتەوە ئینشائەاڵ لەم نزیکانەدا تۆماری دەکەم و لەنێو سروشتی جوانی کوردستانیش کلیپی دەکەم چونکە جوانی و ڕەوشی سروشتی کوردستان بە گشت جیهان ناگۆڕمەوە.





هەورامان.. پیاوێکی ڕیش چەرمو بەدیار بەرچنێک هەنارەوە (فۆتۆ: ناسیح عەلی خەیات)



کەنار تەها

گۆرانی "جوابێکم بدەرەوە"ی بااڵوکردەوە

وریشە عومەر

خاتوو کەنار تەهای گۆرانی بێژ بەخەباتی گوت: ئەم گۆرانیە نوێیە بەناوی:جوابێکم دەوە گیانە بە بوون و نەبوون ،بێچارەی کردووم گیانە گوزەشتی گەردوون ،پێشکەش بە ئێوە هاوڕێ یانی خۆشە ویست،تار:نزار زێوێی،بەندیر:میر ئامانج دەنگ :کەنار،سوپاس بۆ شاتوو خۆشناو ،لەدوماهیدا ئەوگۆرانی بێژە زیاتر گوتی: ئەوگۆرانییە لەستۆدیۆی ماڵی خۆمان تۆمارکراوە.



پیاوێکی هیندی وەکو بەتەمەنترین مرۆڤی جیهان ناوی چووە ناو کتێبی گینس

هەمزە سەرحان

ماهاشتا مۆراسی پیاوێکی هیندییە و مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵ تەمەنی بوو بە 179ساڵ، بەوەش بووە بەتەمەنترین مرۆڤ لەسەر ڕووی زەوی و کە زۆرترین ماوەیە لە ژیاندابێت و ناوی چووە کتێبی گینس بۆ ژمارە پێتوانییەکان. مۆراسی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی 1835لە دایکبووە و ساڵی 1903چوەتە شاری فاراسی لەوێ دەستی بە کارکردن کردووە. بەگوێرەی میدیاکانی وڵاتی هیندستان، مۆراسی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی 1835لە دایکبووە و ساڵی 1903 چووەتە شاری فاراسی لەوێ دەستی بە کارکردن کردووە، ساڵی 1957و لەتەمەنی 122ساڵیدا لە کارەکەی خانەنشین کراوە و لە ئێستادا لەگەڵ نەوەی نەوەکانی دەژی. دەربارەی نهێنی تەمەن درێژییەکەی مۆراسی باسی لەوەکردوە، "ڕەنگە مردن منی بیرچووبێتەوە، ڕەنگە بە تەواوی منی لە بیرکردبێت و بۆ هەتاهەتایە بژیم".هەرچەندە بەشێک لە خەڵکی گومانیان لە گێڕانەوەکانی ئەو پیاوە هیندییە هەیە کە تەمەنی ڕاستەقینەی زیاتر لە سەدە و نیوێک بێت، بەاڵم بەرپرسانی هیندستان پاڵپشت بە ناسنامە بەڵگەنامەکانی جەخت لە دورستی زانیارییەکانی دەکەنەوە.